مامۆستای خۆی دەبینێ و بەیادی ڕاستکردنەوەکانی کە دۆن بنە دێتو لەسەر تەکلیفی دەبیرستانی ئەنجامی دەدان و هێشتا لە بیری ماون، خەتەکە دەناسێتەوە. ئەم جارەش دەقی نووسینەکە وەک دانان دەچێ بەڵام دەقێکی ڕەوان و داوەتێکی خالیسانە.

دۆن پاولۆ دوای نیوەڕۆ بەگارییەکی کە بیانکینا بۆی بەکرێ گرتووە، بەرەو «ڕوکا» دەکەوێتە ڕێ. گاری چی بەخەڵکی «پراتولا» ناسراوە. قەشە لێی دەپرسێ: «تۆ خەڵکی «پراتولای»؟

کابرا بەئاماژەی سەر وەڵامی ئەرێ دەداتەوە..

– لە کەنگێوە لە گوندی خۆت بارت کردووە؟

– ساڵێک دەبێ.

– تۆ لە سەردەمی ڕاپەڕیندا لەوێ بووی؟

کابرا بەئاماژەی سەر دیسان وەڵامی ئەرێ دەداتەوە. ئێستا گاری بەپەنا گوندێکدا دەڕوا کە پڕە لە باخی ترێ و لەوێ تازە لە کاری ترێ چنین بوونەوە. ناوچەیەکی نێوەڕاستیی و خۆشە خاکی سووک دێتە بەرچاو.

قەشە دووبارە دەپرسێ: «ئێستا بارودۆخی ژیان لە پراتولا چۆنە؟»

– وەک پێشوو، تەنانەت وەک هەمیشە

دۆن پاولۆ غیرەت وەبەر خۆ دەنێ و دەڵێ:

– لەگەڵ ئەوە خەڵکی پراتولا دەتوانن لە مافی خۆیان بەرگری بکەن.

گاریچی لەسەرخۆ ڕوو بۆلای قەشە وەردەگێڕێ و تەماشای دەکا و دەڵێ: «ئەوانەی کە هەمیشە زاریان کرابۆوە، ئێستا بەستراوە. بەڵام لە قەبرستان یا لە زیندان. ئەوانەی لە هەوەڵەوەش بێ دەنگ بوون، ئێستاش هەر بێ دەنگن. منیش تەنیا کاری خۆم دەکەم.

لە چوونە ژووری ئاوایی ڕوکا، لە مەیدانێکی چۆلی نێوان دوو خانوواندا، لە چەرخشتێکی گەورەدا ترێ دەشێلن. سێ ژن کە خۆیان تا پشت ئەژنۆیان هەڵکردووە، بەلاقی ڕووت ترێ دەشێلن و حەرەکاتیان وەسەمایەکی نەرم دەچێ کە لەسەر هێشوە ترێیانی بکەن.

پراتولایی دەپرسێ: «تۆ دەچیە کن دۆن بنە دێتو؟»

– چما تۆ ئەو دەناسی؟

گاریچی بەئاماژەی سەر وەڵامی نادەداتەوە. بەڵام پاشان لێی زیاد دەکا:

– لە بارەی وی زۆر قسان دەکەن،

– دەڵێن چی؟

– دەڵێن: «خۆزیا هەمموو وەکی ئەو دەبوون!»

دۆن پاولۆ لە مەیدانی گوندی گاری ڕادەگرێ. تکا لە گاریچی دەکات لە مەیخانەی نیزیک وی

چاوەڕوانی بێت. خۆی چەمەدان هەڵدەگرێ، لە گردێک سەردەکەوێ کە لەوێوە ماڵی بچووک و باخچەی دۆن بنە دێتو دیارە. لەبەر ئەوەی زات ناکا بەلیباسی قەشەی بچێتە خزمەتی. لەپێشدا فیکری کردۆتەوە یەخە و کراوات و کڵاوی شەو هەمموو شتێکی کە بۆ گۆڕینی لیباس بگونجێ ئامادەی کردووە. ڕێگا چۆڵ و خواره پێچەیە. ئەو برەو بەری بەدرکودار داپۆشراوە. دۆن پاولۆ لە ڕێگا لادەدا و پاش چەند چرکەیەک لیباسی گۆڕیوە و دێتەوە سەر ڕێگا.

دۆن بنە دێتوی لەبەر دەرگای ماڵەکەی دەبینێ. هەر دەڵێی پیرەمێرد زانیویەتی کە لەو کاتەدا دەگاتێ. هەرتک پیاو لە کاتێکا لەبەر وروژانی ناخیان داگیرساون، دەستی یەکتر دەکوشن. پیرەمێرد میوانی خۆی بۆ ژوورێکی گەورە ڕێنوێنی دەکات کە پڕە لە کتێب و ئامرازی باخەوانی. لە پەنا بوخاری لەسەر کورسییەکی ڕاحەتی دایدەنێ و خۆشی لە پەنا مرۆڤی لاو لەسەر کورسییەکی نەویتر دادەنیشێ. پیری وەها پشتی چەماندووە کە زۆر کورتتر لە شاگردی قەدیمی خۆی دیاری دەکا. ئەوی دیکە لە کاتێکا دەیەوێ بەسەر وروژان و نیگەرانی خۆیدا زاڵ بێت، خۆی بەئارام و شاد نیشان دەدا و بەپێکەنینەوە دەڵێ: «ئێستا ئەو مەڕە ون بووە بەپێی خۆی بۆ لای شوانی خۆی دەگەڕێتەوە.»

پیرەمێرد بەسەرسوڕمانەوە سەیری ڕوخساری پیاوی لاو دەکات کە زووتر لە کات پیربووە و، چونکە ناسکی گاڵتەکە تێنەگەیشتوە سەر ڕادەوەشێنێ و بەتاڵی دەڵێ:

– تۆ نازانی کامەمان مەڕی ون بووین. نازانی کامە لە ئێمە پێویستمان بەلێبوردی ئەویتر هەیە و کامە لە ئێمە خۆمان سەرشۆڕتر و نیگەرانتر دەبینین. بەڵێ، ئەی دۆستی من! خەفەتبارە کە ئینسان لە تەمەنی مندا هێندێ شت تێ بگات.!

عەبدەکانی هەرە بەئەمەگی خودا ئەو کەسانە نین کە نوێژی مەسح دەکەن و خۆشیان بەپیاوی باری تەعالا دەناسێنن.

پیاوی لاو لەوەی کە دەبینێ پیرەمێرد ڕاست وەک دەورانی ڕابردوو باسی باری تەعالا دەکات، دەترسێ لەوەی کە نەکا لە زەینی میوانداریدا خاڵێکی گومان سەبارەت بەوی هەبێ. گومانێکی کە دەرفەتی هاونشینی تێک بدات. داخوا پیرەمێرد پێی وایە کە ئەو هێشتا بڕوای بەمەزەب هەیە؟ بۆیە بەئاهەنگێکی کە لەپڕ گۆڕاوە دەڵێ:

– من چەند ساڵە کە بڕوام بەباری تەعالا نەماوە. دیارە ئەوە وروژانێکی بڕوای مەزەبی بوو کە منی بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ڕێنوێنی کرد. بەڵام لە پێ واژۆی بزووتنەوەدا من کەم کەم خۆم لە پەتی دەمارگرژی مەزەب ئازاد کرد. ئەگەر بەپێچەوانەی ویستی خۆم شتێکی مەزەبیش لە وجودمدا مابێت لەمەودوا نەک هەر بۆ من نابێتە یارمەتی، بەڵکو دەبێتە هۆی ئازاریشم. ئەگەر من ڕەنگە شۆڕشگێڕێکی خەراپ، شۆڕشگێڕێکی دڕدۆنگ و خۆپارێزم بێ گومان لەبەر فێر کردە و پەروەردەی مەزەبییە کە لە زارۆکیدا وەرمگرتووە. لە لایەکی دیکەش ئەگەر ئەو فێرکردنە نەبایە، داخوا من هەرگیز دەبوومە شۆڕشگێڕ؟ داخوا قەت ژیانم بەجیدی وەردەگرت.؟

پیرەمێرد بزەی دێتێ و دەڵێ:

– هیچ گرنگ نییە. لە کاتی ڕێککەوتن لەسەر کارێک و لە خەباتی نهێنیدا باری تەعالاش مەجبوورە خۆی بشارێتەوە و ناوی خواستە لە خۆی بنێ. جگە لەوەش تۆ دەزانی خوداش هێندە مەبەستی ناوی ڕاستەقینەی خۆی نییە و تەنانەت لەسەرووی هەموو حوکمە عاسمانییەکانی خۆیدا پێی داگرتووە کە هیچ کاتێ بەخۆڕایی ناوی ئەو بەسەر زماندا نەهێنن. کێ دەزانێ هەر ئەو ویستی دادپەروەری کۆمەڵایەتی کە ئیمڕۆ کۆمەڵانی خەڵکی وەخۆ خستووە یەک لەو ناوە خواستەمەنییانەی باری تەعالا نەبێ کە بۆ دەربازبوون لە پشکنینی کەنیسە و بانکەکان لە خۆی نەنابێت.

فیکری ئەوە کە خودا ناچار بێ بەپاسپۆرتێکی ساختە بەدنیادا بسوڕێتەوە، پیاوی لاو وەکەیف دەخات. بەسەرسوڕمانەوە لە سیمای مامۆستای خۆی ڕادەمینێ و لەپڕ ئەوی لەگەڵ ئەو بیرەوەرییەی کە ساڵەکانی دووری لە زەینی خۆیدا ڕایگرتبوو، جیاوازی دەبینێ. دۆن بنە دێتو بێ گومان ئێستا زۆر لێی نیزیکتر بۆتەوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو ڕەنج و ناڕەحەتی کە بەسەر ئەو پیرەمێردەی تاک و تەنیا داهاتووە، پیاوی لاو بەقووڵی خەفەتبار دەکا و زاری دەبەستێ.

پیرەمێرد دیسان دەڵێ:

– من لێرە لەگەڵ خوشکم و لەنێو کتێبەکانمدا دەژیم. ماوەیەکە نامەکانی من بەسانسۆڕ کراوە دەگەنە دەستم. ڕۆژنامە و کتێبەکانیش ئەگەر لە ڕێگادا بزر نەبن و دوا دەکەون. ناچمە سەردانی هیچ کەس و چاوپێکەوتنی جاروباریش کە هەمە ئەوەندە خۆش نین. لەگەڵ ئەوەش لەگەڵ ڕەوەندی زۆر شتان ئاگادارم. ئەو شتانەی کە هەمووی باسی فەساد و خەراپییە. کەنیسە بۆ گێژکردنی خەڵکی بێ چارە لە واقعیەتی مەزەبی تریاکی دروست کردووە. ئەوەی کە لایقی خودایە داویانە بەقەیسەر و ئەوەی شایستەی قەیسەرە داویانە بەخودا. ڕۆحی مەلەکوتی خودا لە کەنیسە باری کردووە و کەنیسە بۆتە بونیادێکی مادی و، بەتەواوی ڕەسمی و قەرار دادی و خەریکی کاروباری جیهانی و چینایەتییە. «ژان باتیست» بێ گومان لەگەڵ ئەو کەنیسەیانەیەتی کە دەیگوت: «ئەی وچەی عەزیا، کێ فیری کردووی تا لەبەرانبەر قینێکی لێت نیزیک دەبێتەوە، ڕابکەی؟» منیان بۆ ڕۆم بانگ کرد تا لەوێ هێندێ هەڕەشە و سەرکۆنە ببیسم. هەر ئەو چەند ڕۆژەی لەوێ بردمە سەر هۆیەکی لێبڕاو بوو بۆ دیاریکردنی ڕێبازی ژیانی مەعنەوی من. هەست دەکرێ کە دەرباری پاپ بۆ کۆیلەتی ڕۆژهەڵاتی ملی ڕاکێشاوە. بەڵام بەڕواڵەت فەرمانڕەوایە و دەسەڵاتی وی درۆیە. بەتایبەت قەشە لاوەکان کە سەبارەت بەپشتیوانی مام و خاڵە خاوەن مڵک و بانکدارەکانی خۆیان لە بارەگای پاپ شوێن و پلەی گرنگیان وەگیر کەوتووە، منیان بەگرژی و گاڵتە وەرگرت. ئاشنایانی پێشوو بۆ ئەوەی تێوەرنەدرێن لە قبووڵکردنی من خۆیان دەپاراست. پاشملەی من شتومەکی منیان دەپشکنی و دەفتەرچەی یادداشتەکانیان لێ دزیم. کاتێ پرسیم: «ئێوە لە بارەی شەڕی تازە کە لەنێوان دوو میللەتی مەسیحیدا ساز بووە، چۆن بیر دەکەنەوە؟» قەشە گەنجەکان وەک ئەوەی لەگەڵ پیاوێکی خەراپکار ڕووبەڕووبن، لە بەرم هەڵدەهاتن. لەگەڵ ئەوەش کاتێکی یەک لەوان بەهەڵکەوت پاش دڵنیایی لەوە کە کەس قسەکانی نابیسێ، زاتی کرد کە وەڵامم بداتەوە. مەبەستەکانی

خۆی بەشێوەی ناڕوون و دوولایەنی دەردەبڕی. بۆ نموونە دەیگوت: لە لایەکەوە ڕاستە کە... و هەروەک دەبێ قبوولی بکەین کە... و لەسەر بناخەی ئەم شتانە، ڕەوشی ئێمە تەواو ڕوونە.» من بەدیتنی ئەو هەموو پەستی و ئەو هەموو گیرۆدەیی بەبەرژەوەندی بێ کەڵکی مادی کەم کەم وەشک دەکەوتم کە ئەدی باری تەعالا لە کوێیە؟ بۆ چی ئێمەی بەرەڵا کردووە.؟

پیاوی لاو لە وەڵامدا دەڵێ:

– بەڕاستی جێگای خۆیەتی مرۆڤ لە خۆی بپرسێ ئەدی باری تەعالا کوا؟ ئەگەر بەڕاستی ئەو خوڵقێنەری زەینی مرۆڤ نییە و گیانلەبەرێکی واقعی و بابەتییە و ئەوەڵ و ئاخری هەموو بوونەوەرێکە ئەدی کوا لە کوێیە؟

ئاهەنگی قسەکانی ئاهەنگی کافرێکی لە دین وەرگەڕاو نییە، بەڵکو ئاهەنگی ئەویندارێکی ناکامە.

مارتای خوشکی پیرەمێرد دێتە ژوور تا سڵاو لە میوان بکات. دوو لیوان و گۆزەیەک شەڕابی سوور لەسەر مێز دادەنێ و پاشان دەچێتەوە ژووری خۆی.

پیرەمێرد درێژەی پێ دەدا:

– هەموو جارێ کە باسی باری تەعالا دەکرێ. داستانێکی کۆن وەبیر دێنێتەوە، بۆیە دەبێ قەت فەرامۆش نەکرێ. لەوانەیە تۆش لە بیرت مابێ کە ئەو داستانە لە شوێنێکی کتێبی پیرۆزدا هاتووە. ئەوەش ئەوەیە: کاتێ ئەلیاس(*) کێردی گەیشتبووە ئێسکان، چۆن لەبەر خودا پاڕاوە کە بیمرێنێ. خودا ئەوی بردە سەر چیایەکی بەرز. ئەو دەم تۆفانێکی ئەوەندە بەسام هەڵی کرد کە چیاکانی قەڵاشت و بەردەکانی تێکشکاند. بەڵام ئەو تۆفانە قورسە خودا نەبوو. پاش تۆفان زەوی دەستی بەلەرزین کرد، ئەو زەوی لەرزینەش خودا نەبوو. دوای لەرزینی زەوی ئاگرێکی گەورە هەڵبوو، ئەو ئاگرەش خودا نەبوو. پاشان لە کپ و بێ دەنگیدا، دەنگێکی نەرم و سووک وەک دەنگی شنەبای ئێواران لەنێو گەڵای داران بەگوێ گەیشت. لە کتێبی پیرۆزدا نووسراوە ئەو دەنگە و ئەو نارە نارە و لێکخشانی گەڵای داران، ئەوە باری تەعالا بوو.

لەو کاتەدا شنەبایەکی نەرم لە باخ هەڵی کردووە. دارەکان نارە نارییانە. لەنێوان باخ و ژووری ئەو دوو پیاوە دەنگێک دێ و دەکرێتەوە. پیاوی لاو لەرزێکی بەسەردا دێت. پیرەمێرد دەست لە شانی دەدا و پێدەکەنێ و دەڵێ مەترسێ. لێرە نابێ لە هیچ شتێ بترسی. بەکاوەخۆ ڕادەبێ. ئەو دەرگایەی شەوانە با کردوویەتەوە، دای دەخات و پاشان دەڵێ:

– بەڵێ، من لە خۆ دەپرسم ئەدی خودا لە کوێیە؟ بۆچی ئێمەی بەرەڵا کردووە؟ ئەو بڵێندگۆیەی لە تەواوی مەیدانە گشتییەکاندا خەبەری شەڕی تازەی ڕاگەیاند، بەڵێ، هەمان بڵێندگۆ، خودا نەبوو. ئەو زەنگوڵانەی کە بەدەنگی خۆیان دەستە دەستە برسی و سواڵکەریان لە دەوری بڵێندگۆ کۆکردبۆوە، بێ

(*) ئەلیاس لە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیلییە.

گومان ئەوانیش خودا نەبوون. ئەو تۆپ و بۆمبایانەی کە بەسەر ئاواییەکانی ئەفریقادا دەڕژێن و ڕۆژنامەکان کە هەموو ڕۆژێ لەو بارەوە دەنووسن، بێ گومان خودا نین، بەڵام ئەگەر پیاوێکی فەقیر بەتاکی تەنیا لە گوندی خۆی شەو هەستێ لە دیواری گوندی خۆی - ئەو گوندەی لێی لە دایکبووە - بەکڵۆ خەڵوزێک و یا بەگێچ بنووسێ: «نابووت بێ شەڕ، بژی برایەتی هەموو میللەتانی جیهان، بژی ئازادی!» لەپشت سەری ئەو داماو و نەخۆشەدا بێ گومان خودا هەیە.! لە هەستی بێ دەسەڵاتی ئەو پیاوە سەبارەت بەو مەترسیانەی کە هەڕەشەی لێ دەکا، لە ئەڤینی نهێنی کە ئەو سەبارەت بەئەفریقاییانی بەڕواڵەت دوژمن هەیەتی و لە ئیرادەتێکی کە بەئازادی هەیەتی، ڕەنگدانەوەیەکە لە خودا» لەبەر ئەوە کاتێکی لە ڕۆژنامەکاندا دەخوێنمەوە کە ئوسقوفەکان بەتاوانی قاچاخی دراوی قورس لە دادگادا دەکەونە بەرپرسیار و، وەک بازرگانی دز کە لە کاتی دزیدا دەستیان گرتبێ لەکن قازی ئامادە دەبن و کاتێکیش لە هەمان ڕۆژنامانەدا دەخوێنمەوە کە ئەو کرێکارانەی بەتاوانی ئەوەی کە ئازادی ویژدانیی خۆیان داوا کردووە، بەمەرگ مەحکووم کراون - هەر چەندە ئەو کرێکارانە خۆیان بێ دین بزانن - من ئیتر پێویستم بەبیرکردنەوەی زۆر نییە تا بزانم کە خودای تەعالا لەگەڵ کام دەستەیە. بەڵام تۆ ناتوانی بیخەیە زەینی خۆت کە لە تەمەنی مندا، گەیشتن بەکەشفێکی وا چ مانایەکی هەیە. لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا کە قاچی مرۆڤ لەسەر لێوی قەبرە و کاتی ئەوە هاتووە کە بیر بکاتەوە تا ئاوڕێک لەو ڕێگایە بداتەوە کە بڕیویەتی و کارنامەی ژیانی خۆی ئامادە بکا. وای چەندە کارنامەیەکی خەفەتبارە! و ئەگەر ڕوو لە خۆم وەرگێڕم و تەماشای کۆمەڵی شاگردانی قەدیمی خۆم بکەم دیسان زیاتر هەق بەخۆم دەدەم کە دان بەتێشکانی خۆمدا بێنم. دار لە میوە و مامۆستا لە شاگردانی دەتوانن لە بارەی خۆیانەوە داوەری بکەن.

هەستی ڕێز و ئافەرین کە پیاوی لاو سەبارەت بەمامۆستای قەدیمی خۆی هەیەتی، ئێستا بۆتە خۆشەویستییەکی برایانەی ئەوەندە توند کە لە جێ ڕادەبێ و بەتوندی ماچی دەکات.

پیرەمێرد لە وتەکانی خۆی زیاد دەکا:

- من کە بیرم لە تۆ دەکردەوە کەمێک ئارام دەبووم. بەڵام بەهەڵە دەچووم، چونکە تۆ ئێستا باست کرد کە لە ژیانی خۆتدا هێندێ چاکەت کردووە نەک لەبەر فێربوون و تەربیەتێکی هەت بووە، بەڵکو ڕاست بەپێچەوانەی ئەوە بووە.

پیاوی لاو تاوێک کاس دەبێ و پاشان وەڵام دەداتەوە:

- ئێمە پازدە ساڵە یەکترمان نەدیوە و لەوانەیە پاش ئەم چاوپێکەوتنەش ئیتر هەرگیز یەکتر نەبینین. تۆ زۆر پیر بووی و من نەخۆش و ڕۆژگاریش سەخت گیر. کەوابوو تێ بکۆشین تا ئەو چەند دەرفەتەی بۆمان ماوەتەوە بەخۆشوێشی یەکتر بەفیڕۆ نەدەین. من بەڕاستی لەسەر ئەو باوەڕەم لە دۆستانی پێشووی دەبیرستانی خۆم باشتر نیم و دڵنیاشم ئەو کۆمەڵگایەی کە ئێمەی تێدا دەژین گەییوەتە پلەیەکی ئەوتۆ لە چەپەڵی کە هەر کەسێکی نەتوانێ پێوەندی خۆی لە بناخەوە لەگەڵ بپچڕێنێ، فاسید و چەپەڵ دەبێ. ئەگەر چارەنووسی من لە دۆستانی قەدیمی دەبیرستانم باشتر بووە لەبەر ئەوەیە کە لە کاتی خۆیدا و بەیارمەتی هێندێ ڕووداو پێوەندی خۆم لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایە پچڕاندووە. ئەگەر منیش مابامەوە ناچار

وەک ئەوان دەبووم. بێ گومان من ئیمڕۆ وەک دزێک واتە دەرکراوی قانوونم، بەناوی خواستەگی دەژیم و ئەگەر ناچار بم ڕابکەم. پاسپۆرتێکی بێگانەم لە گیرفاندا هەیە. لەگەڵ مەترسی ماددیش دەست بەیەخەم. ئەو مەترسییەش هەیە کە بکەومەوە زیندان و لەوانەیە ئەشکنجەش بکرێم و لە هەڵکەوتی دژوارتردا تەنانەت ڕەنگە گوللەبارانیش بکرێم. بەڵام لەجیاتی ئەوە لە هەموو جۆرە هەلپەرستییەک لە ئەماندا ماومەوە. پێش چەند ڕۆژ دوکتۆر نۆنزیۆ ساکام دیت: ئەو بێ گومان لە من خەراپتر نەبووە، بەڵام ئێستا وەرە و بزانە کە تووشی چ وەزعێکی خەفەتبار بووە!... ئێمە ئێستا گەیشتووینە نوختەیەک کە دەتوانین بڵێین: تەنیا کەسێک دەتوانێ لەم مەعرەکە گیان دەرباز بکات کە گیان بخاتە مەترسییەوە.

پیرەمێرد پشتی دەگرێ کە:

- بەڵێ، بۆ ڕزگاری ڕێگای دیکە نییە! ئەم نۆنزیوە فەقیرە ئاواتی بنەماڵەی بەجێ گەیاندوە. چونکە هەر پێش چەند ڕۆژ بوو کە کرا بەسەرۆکی خەستەخانەی گەڕەک. بەڵام بەناچار دەبێ چەند جۆرە فڕوفێڵی کردبێ؟ چەندەیان بەسەر دادابێ؟ بۆ ئیسپاتی بڕوای سیاسی و کوێر کوێرانە بەدەزگا، چەندە شانۆی ساز کردبێ تا توانیبێتی حەریفانی تر کە ویستیاری ئەو شوێنەن لە مەیدان وەدەرنابێ.؟ هەر ئەو بەهاری ڕابردوو، پاش دیدار لەگەڵ تۆ، لە «ئاکوافرەدا» هاتە لای من و هەر بەو عیبارەتەی کە تۆ ئێستا لە وتەکانتدا بەکارت هێنا، باسی قەیرانی ڕۆحی و دەروونی خۆی دەکرد و دەیگوت: «چۆن دەکرێ لە ڕێژیمێکی دیکتاتۆریدا کە مرۆڤ بەدەزگای دەوڵەتییەوە بەستراوەتەوە، هەم ئەرکی خۆت بەجێ بگەیێنی وهەم شەڕافەتمەندیش بی؟ خۆشیی بۆ بەختەوەری سپینا کە ڕزگار بووە!»

ڕزگار بووە؟ چما کرداری «ڕزگار بوون» ناوی بەرکاریشی هەیە.؟ چما تێکۆشان بۆ ڕزگاربوون خەباتێکی شێلگیر نییە؟

بێ گومان سپینا خۆی دەزانێ کە سەری دانەنواندووە و تەواوی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگایەکی کە لێی بێزارە، پچڕاندووە. بەڵام ئازادی بەو مەرجە شتێکی جوانە کە بتوانی کەڵکی لێ وەرگری، ئەگینا نابێتە ئازادی. لەو کاتەوە کە ئەو بۆ ئیتالیا گەڕاوەتەوە توانیویەتی بەو ئازادییە چ بکات؟ داخوا دەورانی تەمەنی وی شتێکی وەک گاڵتەی خەیاڵی بێ ئەنجام نەبووە.؟ داخوا لەنێوان خۆی و دۆستانی پێشوویدا چاڵێکی قووڵ پەیدا نەبووە.؟

بە قەشەی پیر دەڵێ: «لە فوسا لە ڕۆژی ئامادەییدا، کنچتینو م لە دوورەوە دێت، ئەویش لەگەڵ ئاقار بۆتە هاوئاهەنگ و پلەیەکی وەگیر کەوتووە.»

پیرەمێرد لە وتەی ئەو زیاد دەکا و دەڵێ:

- نەک هەروای کردووە، بەڵکو بەقازانجی شەڕ وتاریشی داوە. زاراوەی لاتینیش تێهەڵکێشی وتارەکانی دەکا. بەم چەشنە ئەو دەرسانەی کە لەلای من خوێندوویەتی، لانی کەم بەکاری هاتووە. ئێستا دەڵێی هەستی کردووە کە دەبێ وەک داوتەڵەب بچێتە ئەفریقا. هاتبوو لەو بارەوە بەمنی دەگوت: «هەموو وا دەچنە وێندەرێ، منیش دەبێ بچم» ئەوەش جۆرە داو دڵخوازییەکە کە دەبێ بەدڵخوازیی زۆرەملی

ناوبەرین.

پیاوی لاو دەپرسێ:

– ئایا ئاگات لەوانیتر هەیە؟ «ئانتۆنیۆسپرانتزا» چی لێ هاتووە.؟

– ئەو دووکانێکی خواردەمەنی فرۆشی بچووکی هەبوو، نابووت بوو، تەنانەت وا دێتە بەرچاو کە نابووتییەکەی تەواو ڕاست نەبووە. ئێستا تازە داوای داوتەڵەبی کردووە، بەڵام هێشتا قبووڵ نەکراوە.

– «وردونە چی لێ هاتووە؟

– ئەوەتا ئەم دواییانە کارمەندی ئیدارەی ماڵییاتەکان بوو، هیوادارە شەڕ ئەم دەرەتانەی بۆ پێک بێنێ کە ببێتە سەرۆکی ئیدارە. بێ گومان کاری وی داهاتوێکی باشی هەیە. ئەگەر ئیتاڵیا لەم شەڕی تازەدا سەرکەوێ، چ کاری لەوە باشتری دەبێ کە لەوێشدا ڕایەڵکەیەکی هەراو لە ئیدارەی جۆر بەجۆر بۆ وەرگرتنی باج دروست بکات.؟

پیاوی لاو دەڵێ: «حەبەشییەکان فەقیرن و پارەیان لێ هەڵناوەرێ. باشە، «باتیستا لۆپاتۆ» چ دەکات؟

پیرە پیاو لە وەڵامدا دەڵێ:

– وەک کنچتینۆ ڕاگۆ باسی دەکرد دیارە «لوپاتۆ» لە یاری «سکوپون»ی زانستیدا حەریفێکی کەللەڕەقە. هەر بۆیەشە کە ئێستا کراوەتە سەرۆکی سەندیکایەک.

– سەندیکای کرێکاران یا کار فەرمایان.؟

من نازانم. ئەوانە هەرتکیان یەکن. مەبەستم سەندیکای دەوڵەتیی بوو. ئەم وەزعە دەرفەتی بۆ پێک دێنێ کە هەروا یاری وەرەقی خۆی درێژە پێ بدا و لە ئاخری مانگیشدا بچێت مووچەکەی وەرگرێ.

– «دێ پرە تورو» چی لێ هاتووە؟ هەروا لە ڕێگای ئاسنە؟

– لە مێژە بەتاوانی هەبوونی بیروباوەڕی سۆسیالیستی دەریان کردووە. پاشان وای لێ هاتووە لە گوندی خۆی بسووڕێتەوە. لەوێ ژنێکی بەرگدرووی هێناوە و ئیتر کاری بەسۆسیالیزم نەداوە، بەڵام بەیادی بیروباوەڕی پێشووی جاروبار حەپسی دەکەن. هەر بۆیەش ڕۆژی ئامادەبوونی گشتی گیراو وەک دەڵێن هێشتا ئازاد نەبووە.

– «پیچیریلی» چ دەکات؟

– ئەو لەم دەوروبەرەدا قەشە بوو. بەڵام لە سەرەتای ساڵی خوێندندا ئوسقۆف ئەوی کردۆتە مامۆستا مەدرەسەی خوێندکارانی دینی و ئاواتی گەییوەتە جێ. بەڵام ئەو دەتوانێ دەرسی چی بڵێتەوە؟ من کە نازانم، ڕەنگە وەرزش. دیارە ئەویش ئێستا بەقازانجی شەڕ وتار دەدا و بەڕستە و وشەی لاتینی دەیان ڕازێنێتەوە و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێ ئاژۆی ئێستا شەڕ نییە، بەڵکو «خەزایەکی سەلیبییە بۆ چاکە و ئاسایشی ئەفریقا، خەباتێکە بۆ ئاشتی بەڕاستی، بۆ ئاشتی ڕۆمی!» پیچیریلی، کنچتینۆ، وردونە، ئانتۆنیو سپرانتزا و پاتیستا لوپاتۆ. ئەوانە میوەی ئەم دارەن کە من بم.

سپینا چاوی پڕ لە ئاو دەبن. کەمێک ڕوو وەردەگێڕێ تا وروژانی ڕۆحی خۆی لە دۆن بنە دێتو بشارێتەوە. کەوابوو ئەو پیرەمێردە ئازیزە، فەقیرەش کە تەنیا یادی بۆ ئەوە بەسبوو لە کاتی ناهومێدترین چرکەی دوورخستنەوەو ئاوارەییدا ئاسایش و قەوەتی دڵی لە دەستچووی بۆ بگێڕێتەوە خۆی تا ئەو ڕادەیە تووشی ناهومێدی و نیگەرانی بووە؟ دەبێ وەڵامی چی بدرێتەوە تا هۆشی ڕوون و تیژ بینی وی بەبەزەیی وەرنەگرێ؟

پیاوی لاو دەڵێ:

– دارێکی لەوانەیە میوەی خەراپ بەر بێنێ، بەڵام هەمیشەش دەرەتانی ئەوە هەیە کە دزێک بێ و پێش ئەوەی میوەکان پێبگەن، ئەوان بدزن. جگە لەوە دوور نییە خۆشی لە دار بکەوێ، یا تەرزە لێی بدا و یا کرم بیخوا بێ ئەوەی دارەکە خۆی بتوانێ بۆ پاراستنی میوەکان کارێک بکات. کاتێ ئێمە لە مەدرەسە هاتینە دەر کەس نەیدەتوانی پێشبینی بکات کە قەزاوقەدەر وابوو ئێمە تووشی چارەنووسێکی وا تاڵ بین. هەر چەندە دم لە قەزاوقەدەردان، بێ گومان بێ جێیە.

پیرەمێرد پیاڵەی خۆی پڕ دەکات و لەپێش ڕووناکایی ڕایدەگرێ تا لە ڕوونی وی دڵنیابێت. چونکە ئەم شەڕابەیان لە کوپەی تازە هەڵێنجاوە. پاشان بەکاوەخۆ پیاڵە بۆ لێوی دەبا و قومێکی لێدەدا و دەڵێ:

– ئێمە هەر یەکەمان دزی خۆمان و تەرزەی خۆمان و کرمی خۆمان لە زاتی خۆماندا هەیە. بارودۆخیش جگە لەوە یارمەتی ئەم هۆکارانە بدەن، کارێکی تر ئەنجام نادەن و دەبێ دانی پێدابنێین کە لە ساڵەکانی دوای شەڕدا بۆ هاسانکردنی کاری دزی و تەرزە و کرمی نێو زاتی ئێمە، بارودۆخی لەبار و یاریدەر پێکهاتبوو،. بەڵام ئەم کارە بەهیچ جۆر لەبەرپرسایەتی ئێمە کەم ناکاتەوە.

پیاوی لاو دەگێڕێتەوە کە:

– من لە خۆ پێشاندانی گشتی کە بەبۆنەی دەستپێکی شەڕ ساز کرابوو لە فوسا بووم. دیتنی حەشیمەتێکی ئاوا کە بوونەتە دەستخۆشی غەریزەی وەحشیگەری، منی ترساند. بڕوای وەرزێرانی فەقیر بەپێشەوا هەروەک بڕوای جادووگەرێکی پەرجۆ نوینە و قەشەکانیش لەو باوەڕەدان کە بوونی ئەو پیاوە نیشانەیەک لە نیعمەتی خودایە. قەشەکان! وای لە دەستی ئەو قەشانە!

پیرەمێرد دەڵێ:

– ئەگەر قەشەکان خۆیان فریو دەدەن خەتای خۆیان نییە. نیزیکەی دوو هەزار ساڵە کە خەبەریان پێ دراوە و ئەو ڕستەیە لەگەڵ ئەوانیەتی کە «زۆرن ئەو کەسانەی بەناوی خودا دێن و میللەتان فریو دەدەن» قسە لە شەڕ و هەڕەشەی شەڕ دەکرێ. دەبێ هەمووی ئەم ڕووداوانە بێنە پێش. بەڵام ئەوە کۆتایی کار نییە. میللەتێک دەژی، میللەتێکی دیکە ڕادەپەڕێ و وڵاتێک دژی وڵاتێکی تر.

لە ناوچە جیاوازەکانی دنیادا خەڵک تووشی قاتوقڕی و تاعون و بوومەلەرزە دەبن، بەڵام ئەوانەش هەموو کۆتایی کار نین، بەڵکو سەرەتایە. بەڵێ، ماوەیەکە خەبەر بەمەسیحییەکان دراوە. هێندێ ناڕەحەت دەبن و هێندێ خەیانەت دەکەن. ئەو دەم ئەگەر کەسێ (هەر چەند خودی پاپیش بێ) بڵێ کە:

«ئەوە شاندەیەکی خودایە، ئەویتر لەلایەن خوداوە بۆتە مەعموور» ئێمە نابێ باوەڕ بکەین. چونکە بەئێمە خەبەر دراوە: نەجاتدەری بەدرۆ و پێغەمبەری بەدرۆ پەیدا دەبن کە نیشانە و پەرجۆی گەورە لە خۆیان نیشان دەدەن و خەڵکێکی زۆریش فریو دەدەن.» ئێمە ناتوانین دەقی لەوە ڕوونتر بخوێنینەوە. ئێستا ئەگەر کەسانێک ئەوەیان لە بیر بردۆتەوە هیچ لە ناوەڕۆکی مەسەلە ناگۆڕێ. چارەنووسی پیاوی «خودایی» ئەوان لەپێشەوە نووسراوە: Intralit ut yulpis , regnalit utico, morietur ut canis (یانی وەک ڕێوی دێت، وەک شێر حکوومەت دەکا و وەک سەگ دەمرێ.)

پیاوی لاو دەڵێ: «بەڕاستی چەندە زمانێکی جوانە ئەو زمانە لاتینییە! و چەندە فەرقێکی زۆرە لەنێوان لاتینی کۆنی کەنیسە و لاتینی بەخشنامەی پاپ!»

پیرەمێرد دەڵێ:

– من زۆر جار لە خۆم دەپرسم کە دەبێ چ بکەم. لە تەمەنی حەفتا و پێنجساڵیدا دەکرێ بیروڕای خۆت بگۆڕی، بەڵام ناتوانی دابونەریتی خۆت بگۆڕی. گۆشەگیری تەنیا جۆرە گوزەرانێکە لەگەڵ ئەخلاقی من دێتەوە. من تەنانەت لە گەنجیەتیشدا لە خەڵک دوور دەژیام. من سەبارەت بەبێزارییەک کە هەمیشە لە شتی بێ جێم هەبووە لە سیاسەت دوورکەوتوومەوە. حەز و سەلیقەی من فێرکردە و پەروەردەیەکی کە لە جوانناسیدا وەرمگرتووە، منی لە تێکۆشان دوور ڕاگرتووە. جگە لەوە بێزاری من لە وەزعی ئێستادا لە قینی سیاسی پەیدا نەبووە، وەک قینی دەنگدەرێکی هەڵبژاردن نییە، بەڵکو بێزارییەکی ئینسانییە کە ئەم کۆمەڵگایە قبووڵ ناکات، بەڵێ، ئەو دەمەیە کە لە خۆم دەپرسم دەبێ چ بکەم؟ سەیری دەوروبەری خۆم دەکەم و دەبینم ئەو کارەی بەمن دەکرێ کارێکی هیچە. بەهیچ جۆر ناتوانم لەنێو قەشەکاندا کار بکەم. ئەو قەشانەی من دەناسن ئێستا لە بەرم ڕادەکەن، لەوە ترسیان هەیە لە گەڵم بەرەوڕوو بن. لە قەلەمڕەوی قەشەنشینی «مارسی» هەر قەشەیەک لەو پەنجا ساڵەی دواییدا کەنیسەی بەجێ هێشتبێ لە ئەنجامی شکاندنی بەڵێن و پەیمانی ڕووت بووە. هەر ئەوەندە بەسە کە لە وەزعی فیکری چینی ڕووحانییەکانی ئێمە سەرە هەودایەکت بێتە دەست، ئێستا ئەگەر لە قەلەمڕەوی ئەم قەشەنشینییە بڵاوبێتەوە کە قەشەیەکی دیکەش بەناوی «دۆن بنە دێتو» خەڵکی ڕوکادی ماسی عەبای قەشەی ماچ کردووە و لەولای داناوە، بێ گومان هەوەڵین لێکدانەوەی کە بەزەینی ئیمانداراندا دێت ئەوەیە کە بڵێن: «ئەوەش قەشەیەکی دیکە کە لەگەڵ قەرەواشی خۆی نێوانی هەبووە.» دەتوانم ئەوەشت پێ بڵێم کە ئەگەر من هێشتا پێشنوێژی نوێژی مەسح دەکەم تەنیا بۆ ڕێزگرتن لە حەشیمەتی ساکارە کە لە دەوروبەرم هەن و تا دڵیان نەیەشێنم. چ دەکرێ؟

ئێستا پیاوی لاو لە هەڵسەنگاندنی حالاتی ڕۆحی خۆی لەگەڵ حالاتی ڕۆحی پیرەمێرد هاوئاهەنگییەکی قووڵی نێوان ئەم دوو زاتە دەبینێ کە لە سەرەتاوە بەخەیاڵیدا نەدەهات. ئەوەیە کە غیرەت وەبەرخۆی دەنێ و دەردی دڵی خۆی بۆ مامۆستای قەدیمی ڕوون دەکاتەوە. سەرنەکەوتن و تێکۆشانی بێ ئاکامی خۆی بۆ دۆزینەوەی شکڵی تێکۆشانێک کە بتوانێ ویژدانە خەوتووەکان وەخەبەر بێنێ، بۆی باس دەکات. بۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن لە «پیتراسکا» بۆی دەرکەوتووە کە وەرزێرەکان لە

ئاست هەموو جۆرە تەبلیغاتێک لە هەر لایەکەوە بێت، لالووتن. وتووێژی ئەم دواییەی خۆشی لەگەڵ «پراتولانو»ی داشقەچی لە بارەی بێ فایدەبوونی گەلێک هەنگاوی توندوتیژ باس دەکات. کەوابوو دەبێ چی بکرێت.؟

هەر ک پیاو بێ دەنگ دەبن شاگرد و مامۆستا هەرتکیان تووشی کۆسپێک بوون و هەودای ژیانی ئەم دووانە گەلێک جیاوازە، لەم نوختەیەدا دەگاتە یەک. پیرەمێرد دەڵێ:

– دەبێ ئاگادار بی کە ئیرادەی خەبات ئێمە تووشی خەیاڵ و ڕواڵەت و ڕووتبوونەوە نەکات. دەبێ لە ڕاکردن بەدوای سەرکەوتنی ڕواڵەتی خۆ بپارێزین. ئەم دەردەی کە من لە کەش و هەوای خۆدا دەبینن شتێکە قووڵتر لە سیاسەت گانگاریایەکی واقعییە. مەلحەمکردنی برینێکی ڕزیو و بۆنگرتوو، هیچ نەتیجەیەکی نییە. خەباتی چینایەتی هەیە، شار هەیە، گوند هەیە، بەڵام لە ژێری هەمووی ئەوانە ئینسان هەیە کە ئاژەڵێکی بەدبەخت و ڕەوەکە و گانگاریا تا مێشکی ئێسکانی چۆتە خوارێ.

حاڵەتێکی خەفەتباری بێ وێنە بەسەر پیاوی لاودا هاتووە، گوێ دەداتە پیرەمێرد و دەیەوێ تا لەنێو قسەکانی ویدا ڕێگا چارە و پێشنیار و پەندێک بدۆزێتەوە. پیرەمێرد هەست بەو مەسەلەیە دەکات و لەپڕ هەوای قسەکانی پتر تێکەڵاوی ئیحتیات دەبن. لاو دووپات دەکاتەوە:

– کەوابوو دەبێ چی بکەین؟

دۆن بنە دێتو درێژەی پێ دەدا:

– منیش بەڕادەیەکی تر و بەشێوەیەکی جیاواز قۆناخەی ئەزموونەکانی تۆم بڕیوە. منیش تێکۆشاوم کە لەگەڵ فلان شاگردی قەدیمی خۆم باس بکەم. منیش خۆم زەحمەت داوە تا ئیدیۆلۆژی دیکتاتۆرێکی کە شۆرباوێکی پیس و دەستندەی هێندێ دوکتۆری سەرخۆش و بێ مەنتیق بەناوی دەوڵەت دەرخواردی خەڵک دەدرێ، خاڵ بەخاڵ ڕەت بکەمەوە. «ماوەیەکی زۆری پێ چوو تا منیش تێگەیشتم کە کاتی خۆم بەفیڕۆ دەدەم، چونکە ئەو کەسانەی کە من باسم لەگەڵ دەکردن خۆیان بێ مەنتیقیی ئەم ئیدیۆلۆژییە تێنەدەگەیشتن. لەگەڵ ئەوە ئێستا ئەوان لە خزمەتکارانی ئەمەگداری دیکتاتۆرین. ئەوان بۆ ئەو شانازیەی کە دیکتاتۆری پێیان ببەخشێ پێکەوە مل بەملە دەکەن. هەر یەکە هەوڵ دەدا تا بۆ دەربڕینی خزمەتگوزاری بۆ پێشکەوتن لەوانیتر لە هەموو دەرفەتێک کەڵک وەرگرێ.»

لە مارسیکا سەرهەڵدانی تاکە کەسی کە نیشانەی ناهومێدییە کەم و زۆر ڕووی داوە، بەڵام ئەم هەنگاوانە نەک هەر فەقیرەکانی نەورۆژاندوە، بەڵکو بەپێچەوانە ئەوانی پتر ترساندوە.

پیرەمێرد بێ دەنگ دەبێ و لاو چاوەڕوانە کە ئەو دووبارە درێژە بەقسەکانی بدات. ساڵەکانی دەبیرستانی وەبیر دێتەوە ئەو ڕۆژانەی کە مامۆستا مەسەلەیەکی زۆر دژواری دەدا بەشاگردان و بۆ چارەی مەسەلەکان یارمەتی نەدەکرد. ئەو ڕۆژانە مامۆستا بەسیمایەکی بەڕواڵەت جیددی وەڵامی دەدانەوە: «ئەگەر ئێوە نەزانن، من بۆ دەبێ بیزانم.؟» بەڵام ئەمجارەش مامۆستا بەڕاستی سەرگەردانە. پیر و لاو هەرتکیان گەیشتوونە نوختەیەک کە دەبێ چی بکەن؟

پیرەمێرد دووبارە دەست بەقسان دەکاتەوە و دەڵێ:

– ئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا نییە ڕۆحی ڕەخنەیە و، لە زۆربەی بوارانیشدا دەنگ هەڵبڕینیش ساختەیی نین، لەوانەیە لە وڵاتی ئێمەدا قاتی مرۆڤ بێ. کەسانی وا هەن کە هەنگاوی توند هەڵدێنن و ئیواش هەن کە ئیراد دەگرن، بەڵام مرۆڤ نییە. منیش لە خۆم دەپرسم کە دەبێ چ بکەین؟من دڵنیام کە زەحمەتەکەی ناهێنێ مرۆڤ میللەتێکی کۆیلە و ترساو فێری شێوەی تازەی ئاخافتن و ژێست گرتن بکات. ڕەنگە ئەوە گرنگتر بێ کە بۆ ژیان ڕێگای تازەیان پێ نیشان بدا. هیچ قسە و هیچ ژێست و حەرەکەتێک ناتوانێ وەک ژیان و لە کاتی پێویستدا وەک مردنی مرۆیەکی ئازاد –کە تێ دەکۆشێ ئازاد و بەشەرەف و پاک و ڕاست و بێ چاوەڕوانی بژینێ و خەڵک قانیع بکات. مرۆڤێکی کە نیشان بدا ئینسان دەبێ چۆن بێ.

پاشان پیرەمێرد یادی سەفەرێک دەکاتەوە کە چۆتە «ئۆرتا» ئەو شوێنەی کە میوانەکەی لێی هاتۆتە دنیاوە و دەڵێ:

– هەر چەند خەڵک تێنەگەن کە تۆ دەڵێی چی و چی دەکەی، باست دەکەن و وەبیرت دێننەوە. چونکە تۆ نوێنەری ڕەگەزێکی دیکەی لە ئادەمیزادان و نیشاندەری شێوەیەکی دیکەی بۆ ژیان و، لەبەر ئەوەش تۆ لەنێو واندا لەدایکبووی و بەوانت نیشان داوە کە لاوێکی «ئۆرتایی» دەبێ چۆن بێ.

سپینا دەپرسێ: «یانی هەر ئەوەندە بەسە – من پێم وا نییە هەر ئەوەندە بەس بێ.

پیرەمێرد دەڵێ:

– ئێستا چاری دیکە نییە. دەبێ کاتی هەموو شت لەبەرچاو بگیرێ، هەر کارە کاتی خۆی هەیە. کاتی هەڵپەرتاندنی ڕەز جیایە. کاتی دەرمان پێوەرکردن و ئامادەکردنی کوپەکان و ترێ چنین و شێلانی ترێش هەموو لێک جیاوازن. لە بەهاردا کاتێکی تۆ خەریکی لقەکانی مێو لە دار ببەستی، ئەگەر کابرایەک بەکنت دابێ و بڵێ: «ئەم کارە پێویست نییە، چونکە ئەگەر کوپەکان خاوێن نەبن شەراب خەراپ دەبێ و کەوابوو بەر لە هەموو کارێک ئەشێ لە فیکری کوپەکاندا بی.» تۆ دەتوانی بێژی: «هەر کارەی وەرزی خۆی هەیە. ئێستا کاتی خاوێنکردنەوەی کوپەکان نییە، بەڵکو وەرزی هەڵپەرتاندنی ڕەزەکانە. کەوابوو لێگەڕێ با مێوەکان هەڵپەرتێوم و لقە زیادییەکان ببڕم»

مارتا دێتە ژوورێ و دەیەوێ بەرلەوەی بچێتە نێو جێ، شەوباش بەمیوان بڵێ. سپیناش لە جێ ڕادەبێ و لە دۆن بنە دێتو ئیجازەی مەرەخەستی دەخوازێ، چونکە درەنگ بووە و گاریچی لەو خوارە چاوەڕوانە. پێش ڕۆیشتن لەسەر کاغەزێک ناوونیشانێک دەنووسێ و بەکاوەخۆ دەیداتە قەشە و دەڵێ:

– دەمەوێ تا حەوتوویێکی دیکە بۆ ڕۆم بگەڕێمەوە. لەو ماوەیەدا ئەگەر پێویستت بەمن هەبوو ئەوە ئادرێسی منە.

«پراتولانۆ» لە خوارەوەی گرد چاوەڕوانی دۆن پاولۆیە. قەشە ئارام و بێ دەنگ سواری گاری دەبێ. لە ڕێگا وتەی دۆن بنەدیێتو دووپات دەکاتەوە: «هەر کارێک فەسڵێکی هەیە، بەتاڵوکە ناتوانی چنینی ترێ

وەپێش بخەی.

گاریچی دەپرسێ: «دۆن بنە دێتو» حاڵی چۆنە؟»

– باشە

– خۆزیا هەموو وەک یەک دەبوون

دەشتی خڕی فۆچینۆ هەروەک شانۆیەک لە حکایەتی پەریان بەشەبەق نیشانە کراوە. لەلای «پچینا» وە بای شەماڵ دێت و دەشت وەک گوڵێک داخراوە. دۆن پاولۆ لە میوانخانە بیانکینا لە ژوورەکەی خۆی دەبینێ کە لە نێو کۆمەڵێک لیباسی بڵاوی سەر تەختی خەو، خەریکی گوڵدۆزیە. بیانکینا دەڵێ:

– ئەوە بوخچەی منە کە بۆ سەفەری دەرەوە ئامادەی دەکەم. پورم چەند کراسی دەبەر کراوی بەدیاری داومێ. بەر لە هەموو شتێ خەریکم ناوی خۆمیان لێ بدرووم. بەڕاستی سەیر دەبێ مرۆڤ بچێتە پاریس و لیباسەکانی نیشانیان نەبێ.

قەشە دەپرسێ: «تۆ دەتەوێ بچیە پاریس؟»

– چما تۆ بەڵێنت نەدا کە لەگەڵ خۆت دەمبەیە پاریس؟

دۆن پاولۆ دەڵێی:

– ڕاست دەکەی. لە بیرم چووبۆوە. بەڵام ئێستا دەبێ پێت بڵێم کە ئیتر وازم لە سەفەر نییە.

کیژی گەنج هەموو ڕۆژێ لە بیری سەفەردا بووە و هەموو ڕۆژێ بۆ ئامادەکردن و بوخچە بەستنی خۆی زەحمەتی کێشاوە. ئێستا تووڕەبووە لەوەی بۆچی دۆن پاولۆ بیروڕای خۆی گۆڕیوە و لە فیکری ئەوەشدا نەبووە کە ئەو ئاگادار بکا و لە کاتێکا ئەو خەونی پاریسی دیوە. چاوەکانی لە تووڕەییان دەدرەوشێ و بەسەرکۆنە بەدۆن پاولۆ دەڵێ: «بۆچی تۆ من بەجیددی وەرناگری؟»

قەشە لە وەڵامدا دەڵێ:

– من تۆ بەجیددی وەرناگرم، چونکە ئەحمەقێک زیاتر نی.

ئەم پێوەدانی زمان کیژەکە وەگریان دەخات و هەڵدەستێ. لەسەر هەرد دادەنیشت و ئەو کراسانەی کە پووری داویەتی، بەئەسرین تەڕیان دەکات. دۆن پاولۆ گوێی ناداتێ و لێ دەگەڕێ کە گریان درێژە پێ بدا و پاشان بڕوا تا خۆی بنوێ.

کاتێ گریانی بیانکینا تەواو دەبێ بەهەنیسکەوە دەڵێ: «دەیەوێ قسان بکات. دەیەوێ بزانێ بەڕاستی بۆ ئەو سووکایەتیە دەبوو؟ بۆچی من ئەحمەقم؟ پێم بڵێ بزانم. ئاخر بۆ ئەحمەقم؟ چونکە لەگەڵ پیاوان بەڕێگادا دەڕۆم، یا چونکە هێشتا شووم نەکردووە؟

قەشە دەڵێ: «تۆ تا ئێستا هیچ لە فیکری کارکردندا بووی؟»

– باشە. ئەمە چ پێوەندی بەمەسەلەکەوە هەیە؟

قەشە ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ:

– کارکردن بۆ گەیشتن بەهەموو ئاواتێک، هۆیەکی لێبڕاو نییە. بەڵام هۆیەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ جیددی بێت.

بیانکینا مات دەبێ. کەوابوو لەبەر ئەوەی ئەو ئەحمەقە.

ڕۆژی دوایی بەیانی وتوویژ دەست پێ دەکرێتەوە. بیانکینا بەئاشکرا قانیع دەبێ. بڕیار دەدا بچێتە ڕۆم. دۆن پاولۆ دوو نامە و خەرجی سەفەر و دوو نامەی دەداتێ: یەکیان بۆ ژنی «کلوچی» گیراوی سیاسی کە لەوێدا سپینا تکای لە کرێکاری لاو کردووە کارێک بۆ ئەو کیژە پەیدا بکات. نامەی دیکە کە ژنی «کلوچی» دەبێ بیگەیێنێتە دەستی «ڕومیو» بەئاوی لیمۆ نووسراوە. سپینا لەو نامەیەدا گەڕانەوەی خۆی بۆ ڕۆم ڕادەگەیەنێ و دەیەوێ شوێنێکی ئەمینی بۆ بدۆزێتەوە.

١١

دۆن پاولۆ بەو مەبەستە بۆ «پیتراسکا» گەڕاوەتەوە کە تەنیا چەند ڕۆژێک لەوێ بێت تا ڕۆمیۆ لە ڕۆم جێگایەکی بۆ پەیدا دەکات لێی بژی و ئاوارە نەبێت. قەشە ڕۆژێکیان ئێوارێ لەکن ماتالنا دەیگوزەرێنێ کە لە قاتی خواری موسافیرخانە خەریکی هەویر شێلانە کە نانی بکات. نانکردن لە پیتراسکا هەر پازدە ڕۆژ جارێک لە تەندوری گشتیدا دەکرێ و دابوڕەسمێکی دژواری هەیە. ماتالنا کە پرچەکانی بەشکڵی دەسماڵی ژنانی ئیماندار بەخاولەیەک پێچاوەتەوە. ئاردەکەی بەهێلەگ دادەبێژێ و ئاردی سپی لە کەپەک جیا دەبێتەوە. کەپەک بۆ مریشکان بەکاردێت. ئاردی ئاسایی دەکرێتە نان و لە ئاردی تایبەتیش شیرینی و هەرشتە و شتی تر دروست دەکەن. هێلەگ کردوویەتە تۆز و سەر و چاوی ژنەکەی تەواو سپی کردووە. «ئامریکۆ» لە پێش ئاگردان چۆکی داداوە و ئەوەندەی فوو لە داری تەڕ کردووە کە ئاگر بگرێ چاوی پڕبوون لە ئاو.

پەتاتەیان لە دیزەیەکدا وەسەر ناوە تا ڕەگەڵ ئاردی بخەن بۆ ئەوەی نان قورستر بێ و بتوانن ماوەیەکی زیاتر ڕای بگرن. دۆن پاولۆ تەماشای دەکا و بێ دەنگە. دابی نانکردنی ماڵی قەدیمی باوکی لە «ئورتا» دوودڵی و سەرنجی لە ڕادەبەدەری دایکی وەبیر دێنێتەوە. پێش هەموو شت نیشانەی خاچی دەکێشا. بانگکردنی ژنە نانکەرەکان هێشتا لە گوێچکەیدا دەنگی دەدایەوە. بانگی یەکەم بۆ هەویرترش کە هەویر هەڵبێ. بانگی دووەم بۆ ئەنگوتککردن بوو، بانگی سێیەم بۆ هێنانی پنەی هەڵگری ئەنگوتکەکان بۆ تەندووری گشتی و نان برژاندن.

بەڵام لەو کاتەدا لاوێکی نەناسراو کە سەروپۆڕێکی نیوە دێهاتی و نیوە کرێکاری هەیە لە دەرگای موسافیرخانە دێتە ژوور و لە دۆن پاولۆ دەپرسێ و کوتە کاغەزێکی دەداتە دەستی کە دۆن بنە دێتو بەخەتی ورد و لەرزینی خۆی ئەم چەند دێڕەی لێ نووسیوە: «دۆستی من هەڵگری نامە پیاوێکی فەقیرە و پێویستی بەتۆ هەیە و ڕەنگە تۆش پێویستت بەو هەبێ. قسەکانی تەواو گوێ بدەیە.»

لاو بەدیتنی دۆن پاولۆ واقی وڕ دەمێنێ و ناڕەحەت دەبێ و دەیەوێ بگەڕێتەوە. لەو حاڵەدا دەڵێ: «دۆن بنە دێتو بەمنی گوت بۆ لای پیاوێکت دەنێرم کە دەتوانێ لە هەموو بارێکەوە بڕوای پێ بکەی. بەڕاستی نەمدەزانی لەگەڵ قەشەیەک بەرەوڕوو دەبم.

دۆن پاولۆ دەڵێ بەدوای مندا بێتە ژوورەکەی. لە پەنا خۆی دادەنێ و دەڵێ:

– ئەگەر کاری تۆ لەگەڵ من لەو کارانەبایە کە ئاسایی خەڵک لەگەڵ قەشان هەیانە ڕاست و ڕەوان پێتم دەگوت بچیتە شوێنێکی دیکە. بەڵام ئەگەر دەتوانی عەبای قەشەی من نەبینراو بگری، ئەگەر دەتوانی بەچاوی مرۆڤێکی ئاسایی چاو لە من بکەی، مرۆڤێکی وەک خۆتان، کێ چوزانێ ڕەنگە وەک فەقیری خۆتان، ئەو دەم ڕەنگە دۆن بنە دێتو هەقی بوو بێ کە تۆی بۆ لای من ناردووە. تۆ لە کەیەوە دۆن بنە دێتو دەناسی؟

لاو لە وەڵامدا دەڵێ:

– ئێمە هاو وڵاتین. تەواوی بنەماڵەکانی ڕوکا یەکتر دەناسن. کاتێ دەبینن یەک لە ماڵێ دەردەکەوێ دەزانن دەچێتە کوێ و دەگەڕێتەوە دەزانن لەکوێوە هاتووە. بنەماڵەی من لە بەرپاڵی گردێ لەسەرووی گوندی ڕەزێکی هەیە بەباخی دۆن بنە دێتو وە نووساوە. ئێمە بۆ پڕژاندنی ڕەز لە چاڵاوی باخی دۆن بنە دێتو ئاو هەڵدەکێشین. ئەویش بۆ ڕاگرتنی بڕکە تەماتان و نۆک و لۆبیا دار لە ئێمە بەئەمانەت وەردەگرێ. دایکم بۆ عاملاندنی من هەمیشە ڕاوێژی بەو کردووە. ڕەنگە پەندەکانی وی هەمیشە باشترین پەند نەبووبن، بەڵام نیەت چاکی وی قەت جێگای باس نەبووە. ئەو لە سەردەمی منداڵیمەوە جگە لە خێر و چاکەی من هیچی دیکەی نەویستووە.

لاوەکە لەگەڵ درێژەپێدانی قسەکانی وردە وردە ڕواڵەتی کەسایەتی ڕوون دەبێتەوە. لە ڕووشانی دەستی و پڕیشکە قوڕی کە بەدەست و ڕوومەتیەوە دیارە، لە سەروپۆڕی ئاڵۆزی و بەتایبەت لە جلی کۆن و پینەکراوی وا دێتە بەرچاو کە مرۆڤێکی نیوە وەرزێر و نیوە کرێکارە. بەڵام کاتێکی پتر لێی ورد دەبیەوە دەبینی هۆش و ژیری لە ڕادەبەدەر لە چاوانی دەتروسکێ و هەستان و دانیشتنی فرە لە سەرخۆ و موحتەڕەمانەیە. جگە لەوە ئاخافتنی بۆرە پیاوانە نییە. بەڵکو ئیتاڵیاییەکی زۆر ڕەوان قسە دەکات. بڕوای هەرتک پیاو بەدۆن بنە دێتو ئەوان زیاتر لێک نیزیک دەکاتەوە. نەناسراو دەست دەکا بەگێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی خۆی:

– لە منداڵیدا زارۆکێکی نەخۆش و نازدار بووم، جگە لەوەش تاقانە بووم. لەبەر ئەوە دایکم وای دەزانی کە من نابێ کاری کشتوکاڵ بکەم و دەیگوت: «باو و باپیرمان هەموو لەسەر زەوی کاریان کردووە. ئێمە هێشتا هەر لەو شوێنە دەژین کە ئەوانی لێبوون. چەند پشتە ئێمە زەوی دەکێڵین و دەیچێنین و پەینی پێوەر دەکەین و هەمیشەش فەقیر بووین و هەر فەقیرین. ئەو کوڕەمان دەبێ بنێرینە مەدرەسە دەرس بخوێنێ، ئەو کز و لاوازە و پێویستی بەژیانێکی ئاسوودە هەیە.» باوکم دژی ئەو بیروڕایە بوو. دەیگوت: «ڕاستە کە کاری کشتوکاڵی زەحمەت و دژوارە، بەڵام بەبەرەکەتە. دەرس خوێندن تایبەتی بۆ منداڵانی پیاوماقووڵانە و ئێمە کەسمان نییە یارمەتیمان بدا.» بەڵام یاریدەری ئێمە دۆن بنە دێتو بوو. ئەو دەیگوت: «ئێستا کە منداڵ لێهاتووی شایانی بۆ دەرس خوێندن هەیە، لێگەڕێن با بخوێنێ.» ئەو بەنسحەتەکانی خۆی لایەنی دایکمی گرت. تا ئەو کاتەی من لە سیکلی هەوەڵی ناوەندیدا دەمخوێند هێشتا بنەماڵەی مە لە چاو وەزعیان باشە. باوکم جگە لە ڕەزە دوو پارچە زەوی دیکەشی بۆ سەوزیکاری و چاندنی گەنم هەبوو. چوار مانگاشی لە تەویلەدا هەبوو. ڕاستیت دەوێ ئەو پارەی دایکم بۆ خەرجی پانسیۆنی من دەینارد، قەت بەتەواوی بەدەستم نەدەگەیشت. بەڵام لە ئاخریدا دەگەیشت. بەڵام لە ماوەی سێ ساڵەی سیکلی دووەمی ناوەندی سەبارەت بەخەراپی بەرهەم دوو ساڵی لەسەر یەک و نەخۆشی باوکم، جگە لە موخاریجی قورسی خوێندنی من، وەزعی ماڵمان ڕۆژ بەڕۆژ خەراپتر دەبوو. بەم پێیە پێویست بوو یەک لە زەویەکانمان بۆ دانەوەی قەرز بفرۆشین، دوو مانگا بەنەخۆشی مردن و دووەکانی دیکەمان لە بازاڕ فرۆشت. دایک و بابم تەویلەکەیان بەئیجارە دا. دایکم

دەیگوت: «قەیناکا، کاتێ کوڕەکەم خوێندنی تەواو کرد، یارمەتیمان دەدا.» بەڵێ، من پێش سێ ساڵ دیپلۆمی دەورەی پۆلی ناوەندیم وەرگرت. چوومە ڕۆم تا لە خوێندگای ئەدەبیات ناو بنووسم. دایکی فەقیرم نەیدەزانی موخاریجی ژیانی من تا دوکتۆرای ئەدەبیات وەردەگرم، لە کوێ بێنێ.

دۆن پاولۆ دەپرسێ: «بۆ چوویە زانکۆی ئەدەبیات؟ ئەدەبیات کە نانی لێ پەیدا نابێ.

– دۆن بنە دێتو پێی وابوو لێهاتوویی من بۆ ئەدەبیات لە زانست زیاترە و هەر ئەو مەسەلە بەبڕوای وی بەس بوو کە مەسەلەکانی تر بخاتە ژێر تیشکی خۆیەوە. من لە ڕۆم ژیانێکی تێکەڵ لەگەڵ بێ بەشیم دەست پێ کرد. لە ژوورێکدا دەژیام کارەبای نەبوو. نیوەڕۆیان لەجیاتی خواردنی تەواو نانم بەشیر قاوەیەک دەخوارد و شەوانە بەسووپێک قانیع دەبووم. هەمیشە برسی بووم، لیباسم وەک جلی دێهاتییان دەچوو. کەسم خۆش نەدەویست. ڕۆژەکانی هەوەڵی زانکۆ تێ دەکۆشام لەگەڵ چەند کەس لە خوێندکاران زیاتر دۆستایەتی بکەم. بەڵام سەبارەت بەسەر و وەزعم گاڵتەیان پێ دەکردم. مەتەڵەک و لاتاویان پێدا دەدام. یەک دوو ئەزموونی دیکەی لەم چەشنە منیان لە شەرم و کەمڕوییدا نوقم دەکرد. زۆر جار لە ژوورەکەی خۆمدا لە داخان دەگریام. لە ئاخریدا بەگۆشەگیری ڕاهاتم. منێکی لە «ڕوکا» فێر ببووم لە کەشوهەوایەکی گەرم و پڕ لە خۆشەویستیدا بژیم، نەمدەتوانی لەگەڵ بارودۆخێکی ئاوا پیس و بێ شەرمانەی ئەم خوێندکارانەدا ڕابێم. زۆ بەی وان خەریکی وەرزش و سیاسەت دەبوون. چونکە وەرزش و سیاسەت دەرفەتی زۆر پێکدێنێ کە مرۆڤ هەرایەک لە کۆمەڵگادا بخاتە ڕێ. من لە مەسەلەکانی سیاسەت و فوتباڵ هیچم نەدەزانی. ڕۆژێک کە سواری تراموا ببووم شانۆیەکی زۆڵم و زۆرە ملێم بەچاوی خۆم دیت کە بۆ وان ئاسایی بوو. دە دوازدە کەس لە خوێندکارانی زانستگای ئێمە لە نێوەڕاستی شەقام بەمەبەستی کوشتن لە کرێکارێکیان دەدا. من هێشتا باشم لە بیرە کە چۆن ئەم کرێکارەیان خستبووە سەرشەقام. سەری خوێناوی کەوتبووە سەر یەکێ لە ڕێلەکانی ترامو و ئەو خوێندکارانەی کە دەورەیان دابوو، هەروا بەشەق لێیان دەدا و هاواریان دەکرد کە: «ئەو پیاوە سڵاوی لە ئاڵا نەکردووە!» چەند پاسەوانێک گەیشتنێ و پاش ئەوەی سەبارەت بەم هەستە نیشتمانپەروەرییە پیرۆزباییان لە پەلاماردەران کرد و برینداریان گرت. خەڵکێکی زۆر کە لە شوێنی کارەسات کۆببوونەوە دەنگیان لەبەر نەدەهاتەدەر. من مات و کاس لە تراموادا مابوومەوە و لەبەرخۆمەوە دەمگوت: «ئەی ناجسنان! دوازدە کەس دژی مرۆڤێکی بێ کەس و تەنیا.» ئەو دەم یەکێک لەپشت سەرم بەسەبرۆکە لە قسەکانی منی زیاد کرد و گوتی: «بەڵێ بەڕاستی شەرمە.» ئەو مرۆڤە شۆفیری ترامو بوو. ئەو ڕۆژە لەوە زیاتر هیچمان بەیەکتر نەگوت. بەڵام چونکە ئەو زۆر جار لەسەر ئەو خەتە کاری دەکرد ڕێگای وی بەکۆڵانی مزڵی مندا بوو، جاروبار یەکترمان دەبینی و وەک دوو ئاشنا پێکەوە سڵاومان لێک دەکرد. ڕۆژێک کە وچانی هەبوو لە کۆڵانێ تووشی یەکتربووین. دەستی یەکترمان کوشی و پێکەوە چووینە مەیخانە تا پیاڵەیەک شەڕاب بخۆینەوە. هەریەکەمان چیرۆکی ژیانی خۆمان بۆ یەکتر باس کرد و بووینە دۆست. ئەو منی بۆ ماڵی خۆی داوەت کرد. لەوێ لەگەڵ سیمای تازە بوومە ئاشنا کە هەموویان گەنج بوون. ئەوانە پێنج کەس بوون دەستەیەکیان پێکهێنابوو، ئەم چاوپێکەوتنە لە ڕاستیدا کۆبوونەوەی دەستە بوو. هەموو شتێکی وان بۆ

من سەیر و بێگانە بوو. منیش دوای ئەوەی لەلایەن شۆفیرەوە پێشکێش کرام، لەو دەستەیەدا قبووڵ کرام و ڕاهاتم کە حەتوی جارێک لە کۆبوونەوەدا بەشداربم. بەسەرنجدانی ئەو گۆشەگیرییەی کە ئەو دەم تێیدا دەژیام ئەوە هەوەڵین پێوەندی شەخسی بوو لەگەڵ خەڵکی شار دەگیرا. لەبەر ئەوەی من خوێندکار بووم ئەندامانی دەستە هەموویان کرێکار و کاسبکار بوون، بوونە هۆگرم. چێژی ئینسانی کە لەم نیزیکی و چاوپێکەوتنانەم وەردەگرت، کۆسپی ئەوە بوو کە بیر لە ناخۆشی دوارۆژی ئەم کارە بکەمەوە. لە کۆبوونەوەکانی دەستەدا نووسراوە و بڵاوکراوەیان دەخوێندەوە کە لەواندا بەترس و نەفرەت لە سەرەڕۆیی یاد دەکرا و شۆڕشیان بۆ برایەتی و دادپەروەری نێوان ئینسانان بەکارێکی مسۆگەر و لە پارێز نەهاتوو دەزانی کە بەزوویی ساز دەبێ. ئەمەش خەونێکی خۆشی حەفتانەی نهێنی و قەدەخە کراوی ئێمە بوو کە تێیدا نوقم ببووین و لە پەنا ئەودا بەدبەختی ڕۆژانەمان لەبیر چووبۆوە. جگە لەم کۆبوونەوانە هیچ پێوەندێکی دیکە لەنێوماندا نەبوو. کاتێ بەهەڵکەوت لە کۆڵان تووشی یەکتر دەهاتین وامان نیشان دەدا کە یەکتر ناناسین. ڕۆژێکی بەیانی کە لەماڵ دەهاتمە دەر، دوو پۆلیس گرتیانم و بردیانمە کەلانتەری. لە ژوورێک حەپسیان کردم کە پۆلیسی دیکەشی لێ بوون. ئەوان سەعاتێک بەزللە لێیان دام و تفیان دەڕووی دەکردم. ڕەنگە ئەگەر لێیان دابام زیاتر لەو تف و زللانە بۆم هاسانتر بایە. کاتێ دەرگایان لە مەعموورێک کردەوە کە دەبوایە پرسیارم لێ بکات، تفم بەسینگ و سەروچاوەوە بوو. کابرای مەعموور بەڕاستی یا بەڕواڵەت ژێردەستەکانی خۆی لەو کارە سەرکۆنە کرد و ئەمری کرد سەروچاویان شووشتمەوە و پاکیان کردەوە. منی بردە دەفتەری کاری خۆی و دڵنیایی دا کە بەسەرنج و نیەت چاکی بەکاری من ڕادەگات. ئەو دەیزانی کە من لە ژوورێکی تەنگ و بچووکدا دەژیم. ئەو شوێنانەی دەناسی کە نیوەڕۆیان شیر قاوەی لێ دەخۆمەوە. ئەم ڕەستورانەش کە ئێواران شۆرباوی لێ دەخۆم. ئاگاداری تەواوی لە بنەماڵەی من و لە گیروگرفتی ڕێگای تەواوکردنی خوێندنی من هەبوو. بەڵام لە بارەی ئەنگیزەی کە منی بۆ لای دەستەی شۆڕشگێڕ ڕاکێشاوە جگە لە شک و گومان شتێکی دیکەی نەدەزانی. لەم بوارەدا گوتی: «ئەم جۆرە ئەنگیزانە لەخۆوە بەتەمبێ و سەرکۆنە نابن و تەنانەت لاوان سروشتێکی بەرزە فڕی و خەیاڵییان هەیە و ئەگەر وا نەبایە بەدبەختی بوو. لەوانەیە نەخشی پۆلیس لەم بارەدا توندوتیژ بێ، بەڵام بەهەرحاڵ لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە پێویستە غەریزەی بەرزەفڕی و خەیاڵپەروەری لاوان لە نیزیکەوە بکەونە ژێر چاوەدێری.»

دۆن پاولۆ دەڵێ: «بەکورتی ئەو مەعموورە پێشنیارت پێ دەکا بچیە دەخزمەتی پۆلیسەوە. تۆ وەڵامت چی بوو؟»

لاو لە وەڵامدا دەڵێ: «من قبووڵم کرد.»

ماتالنا دێتە بەر دەرگا و دەڵێ: «شێو ئامادەیە، داخوا دەبێ لە دوو قاپانی بکەم

قەشە دەڵێ: «من ئیشتیام نییە»

لەسەر کورسی هەڵدەستێ و لەبەر هیلاکی لەسەر تەخت ڕادەکشێ. لاو ئیقرارەکانی خۆی درێژە پێ دەدا.

لە سەرەتاوە دۆن پاولۆ بەزەحمەت دەنگی دەبیسێ. چونکە لەبەر لێدانی دڵی وزە وزێکی لە گوێچکەی دێت و وەک گێژان وایە. لاو چیرۆکی خۆی بەم جۆرە درێژە پێ دەدا:

– سەت لیرەیان دا بەمن تا کرێ خانووەکەم بدەم. من لە پاداشی ئەوە ڕاپۆرتێکم وەک ئینشای کلاس سەبارەت بەم مەسەلەیە نووسی: «دەستەکە چۆن کار دەکات، لەوی چی دەخوێننەوە و بیر لە چی دەکەنەوە؟» کابرای مەعموور ڕاپۆرتەکەی خوێندەوە و ئافەرینی لە ئینشای من کرد و گوتی: «بەڕاستی باش نووسراوە.»

منیش لەوەی کە ڕازی بوو هەستم بەفیزێک کرد. پەیمانم دا کە لەبەرانبەر مانگانەیەکی سەت و پەنجا لیرەییدا، پێوەندیم لەگەڵ وی هەبێت. ئەم وەزعە دەرەتانی بۆ من پێکهێنا کە نیوەڕۆیان سووپ بخۆم و هەموو شەوی شەمویان بچمە سینەما. ڕۆژێکیان بەستە سیغارێکی بەدیاری دامێ. ڕاستی من قەت سیغارم نەکێشابوو. بەڵام سەبارەت بەئەدەب فێرە سیغاریش بووم.

دۆن پاولۆ دەپرسێ: «لە ڕاپۆرتەکانی دیکەتدا چیت بۆ مەعموور دەنووسێ.؟»

لاو لە وەڵامدا دەڵێ:

– ڕاپۆرتەکانی دواییم شتی گشتی بوون. بەڵام مەعموور ئیرادی گرت. من بەردەوام دانەیەکم لەو بڵاوکراوانە دەدایە کە دەستە بڵاوی دەکردەوە. بەڵام ئەو ئەم کارەی پێ کەم بوو. بەگریمانی توند پێشتر ئەوانەی لە کەسێکی دیکە وەردەگرت. ئاخرەکەی پێی گوتم دەستەکەم بگۆڕم و بچمە دەستەیەکی سەرنج ڕاکێشتر. کاری لەوەی هاسانتر نەدەبوو. تەنیا بەدۆستەکانم گوت کە ڕووناکبیرێکی دیکە لەوێ هەبێت. لە دەستەی تازەدا لەگەڵ کیژێک بوومە ئاشنا کە کڵاودروو بوو. خێرا یەکترمان خۆشویست. لە پەنا ئەودا بۆ هەوەڵین جار هەستم بەپەشیوانی کرد. لە پەنا ئەودا وردە وردە مانای ژیانی پاکی و بەشەڕەفی و دوور لە چاوەڕوانییەک تێگەیشتم کە پێشتر هەرگیز دەرەتانی وەم لە خەیاڵدا نەبوو. بەم شێوەیە لە ژیانی دەستەدا شعوری ئەخلاقی من قووڵتر دەبوو، هەر لەو کاتەشدا خەندەکێکی قووڵ لەنێوان ژیانی ڕواڵەتی و ژیانی دەروونی مندا پێک دەهات. هێندێ ڕۆژ دەمتوانی کە ڕازی خۆم لە بیربەرمەوە. هەروەک بەحەز و هۆگری بۆ دەستەکارم دەکرد بەشێکی تەواوم لە ڕۆمانە شۆڕشگێڕەکانی لە دەرەوە گەیشتووم دەکردنە زمانی ئیتالیای و ماشێنم دەکردن و شەوانە بەیاننامەم بەدیوارانەوە دەنووساند تا وای لێ هات کە هەستم بەهەڵەی خۆم کرد. بەڵام کاتێکی دۆستانی دەستەی تازەی من پەسنی ئازایی و تێکۆشانی منیان دەکرد، بەو تاریف و پەسنە وەبیریان دێنامەوە کە من لە ڕاستیدا خەیانەتیان پێ دەکەم. ئەو دەم هەوڵم دەدا لە بەریان ڕابکەم و لە ئاخافتن لەگەڵیان خۆ بپارێزم. لەلایەکەوە فیکرم دەکردەوە کە ئاخر منیش مافی ژیانم هەیە. ئیتر هیچ پارەم لە بنەماڵەم وەرنەدەگرت. کاتێ برسی دەبووم و یا ئیجارەی ژوورەکەم وەدوا دەکەوت، تەواو بێ دەسەڵات دەبووم و ئیتر دەستم بەهیچ ڕانەدەگەیشت. سیاسەت وەک شتێکی پیس دەهاتە بەرچاوم و ئەوەم بەشەڕێکی زەرگەری نێوان ئینسانەکانی پەست و بێ نرخ دەزانی. ئاخر ئەو هەموو چەنەبازییە دەیتوانی قازانجی چی بۆ من هەبێ؟ بێ گومان پێم باشتر بوو لە ژیانێکی ئارام کەڵکم وەرگرتبایە و توانیبام ڕۆژێ دوو سێ جەمە نان بخۆم و ئیتر پەتی پێویستبوونی پەرەگرتنی قەلەمڕەوی

ئیمپراتوری و «دێموکراسی ئابووری» بپچڕێنم. بەڵام بەداخەوە دەرەتانم نەبوو. من نەبۆ نانخواردن پارەم هەبوو نەبۆ ئیجارەی ژوورەکەم. بەڵام لە گەڵکوو لەگەڵ کیژی ئەوێنیدارم ڕووبەڕوو دەبووم ئەم جۆرە بەڵگەهێنانەوەی بێ شەرمانەم لەبیر دەچوونەوە. ئێمە یەکترمان بێ سنوور خۆش دەویست. ئەو بۆ من نەک هەر دیاردەی سیاسەتێک بوو جیاواز لە سیاسەتەکانی تر، بەڵکو دەرسێک بوو بۆ بیرکردنەوە و داوەریکردن بەشێوەیەکی دیکە. هەرچەندە خۆی بەدەگمەن داوەری دەکرد و زۆر بێ دەنگ بوو، بەحەزەوە وتەکانی خەڵکی دیکەی گوێ دەدایە. لەوەش بەرزتر، ئەو دیاردەی بوونێکی دیکە و ژیانێکی دیکە و تەنانەت دەرسێکی بێ وێنە و هاوتا بوو بۆ ئینسانی بوون و بەپاکی ژیان. ئیتر نەمدەتوانی بەخەیاڵم دابێ کە دەتوانم بێ ئەو ژنە بژیم. ئەو لە ڕاستیدا لە ژنێک زیاتر بوو، ئەو گڕ بوو، نوور بوو، ئەو زیندووترین شاهیدی ڕاستی ئەم ئیدیعایە بوو کە دەکرێ لەم کورەی زەویدا بەشەرافەت و پاکی و بێ غەرز و داوا بژی و بەتەواوی بوونی بەدوای دۆزینەوەی حەقیقەتی ئینسانی و دادی مرۆڤایەتیدا بگەڕێی. پێم وابوو لەو ڕۆژەوە کە ئەوم ناسیووە بەتەواوی واتای وشە دەستم بەژیان کردووە. بەڵام لەکن وی و لە بەرانبەر بڕوای کوێر کوێرانەی کە ئەو بەمنی هەبوو چۆن دەمتوانی وەبیر نەهێنمەوە کە فریوی دەدەم و خەیانەتی پێ دەکەم؟ ئەڤینی من لەبەر ئەو خەیانەتە هەر لە سەرچاوەوە ژاراوی ببوو. هەرچەندە لە کانگای دڵمەوە خۆشم دەویست، ئاخافتن لەگەڵ وی عەزابێکی سەخت و ڕواڵەتێکی لە توانابەدەر بوو.

دۆن پاولۆ گەلێک شتی لەم جاسووسە سیاسییانە وەبیر دێنێتەوە کە لە تەمەنی حزبایەتی خۆیدا بیستوویەتی. ژیانی ڕێکخراوەیەکی نهێنی کە لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدایە، هەمیشە لەگەڵ تەقەلای پۆلیس بۆ خۆتێخزاندنی ئەم ڕێکخراوەیە لە خەباتی کوێر کوێرانەدایە. بەڵام ئەو هەمیشە سیمایەکی کەم و زیاد دیار و یەکسان بۆ ئەم جۆرە جاسووسانە لە زەینی خۆیدا قالبڕێژ کردبوو. ئێستا بۆ هەوەڵین جار دەبینێ بەدبەختێک لەپێش چاوی دەست و پێ ڕادەوەشێنێ کە هەرچی لایەنی ئینسانی بووە لە نووکەوە سەرکوتکراوە و پیس بووە. لە لاوەکە دەپرسێ:

– بۆچی پێوەندی خۆت لەگەڵ پۆلیس نەپچڕاند. ؟

– لە وەڵامدا دەڵێ: «چەند جار هەوڵمدا وەها خۆ بزر کەم کە کەمترین شوێنەوارم نەدۆزنەوە. جارێک خانووەکەم گۆڕی، بەڵام بەسانایی دیتیانمەوە. ماوەیەک تێکۆشام بەنووسینی ڕاپۆرتی بێ جێ و هەڵە بۆ پۆلیس ویژدانی خۆم ئارام بکەم. هەر لەو کاتەدا دایکم دەستی پێ کردبوو مانگانەیەکی کەمم بۆ بنێرێ. بۆ ئەوەش هەوڵم دا کە پۆلیس بەوە فریو بدەم و بڵێم کە دەستە بڕوای بەمن نەماوە و دەریان کردووم. بەڵام پۆلیس ئاگاداری دیکەی هەبوو کە بەسانایی پێچەوانەی قسەکانی منی بۆ دەردەخست. لە ئاخریدا ئەو بیرە بەسەرمدا زاڵ بوو کە تاوانم لە قەرەبۆ نەهاتووە. خۆم بەمەحکووم دەزانی. هیچ کارێک نەدەکرا. چارەنووس ئەوەی بۆ من نووسی بوو. من ئێستا نامەوێ خەراپەی خۆم کەمتر لەوە نیشان بدەم کە هەیە. بەڵکو لەم دانپێدانانەدا چۆنی بووم ئاوا خۆم دەربخەم. ڕاستی مەسەلە ئەوە بوو ترسی ئاشکرابوونم لەو کاتەدا گەلێک لە پەشیمانی خەراپەکردن قەویتر بوو. «ئەگەر ئەڤیندارەکەم بزانێ کە من لە بڕوای وی

کەڵکی خەراپ وەردەگرم، چی دەڵێ؟ دۆستەکانم دەڵێن چی؟» ئەو ترسە ڕاستەقینەیە بوو کە هەمیشە ئازاری دەدام لەبەر ئابڕوو و ئیعتیباری خۆم دەلەرزیم. بەڵام نەک لەبەر ئەو خەراپەی کە دەمکرد. لە هەموو شوێنێ شکڵی ترسی خۆم دەبینی. هەموو دەزانن کە پۆلیس لە ئیدارەکانی جیاواز و لە هەموو کارخانە گەورەکان و لە تەواوی بانکەکان و ئیدارە گرنگەکاندا جاسووس هەن. لە شار لە هەموو ساختومانێک دەرکەوانی ئەو ساختومانە بەحوکمی قانوون جاسووسی پۆلیسە. لە تەواوی کارگە و کۆبوونەوەکان و لە تەواوی سەندیکاکاندا ڕایەڵکەی لە پسان نەهاتووی ئەفراد لەگەڵ پۆلیس لە پێوەندیدان کە بۆ مانگانە و یا بەهومێدی وەدەستهێنانی هۆکارێک بۆ پێشکەوتنی خۆیان بۆ پۆلیس کار دەکەن. ئەم وەزعە دڵی تەواوی چینەکانی خەڵک پڕ لە گومان و دوودڵی دەکات. بناخەی دیکتاتۆری لەسەر گۆڕینی ئینسان بەحەیوانێکی لەرزۆک لە ترسان دامەزراوە. ترسێک کە مرۆڤ لەبەری دەلەرزێ، لە دراوسێی خۆی نەفرەتی هەیە، ئاگاداری وییە، ئەو دەفرۆشێ و، پاشان دەترسێ کە خۆشی پێوە بکرێ. هەر کەسێکی لە بەدبەختی کەوتبێتە شەرم و ڕیسوایییەکی ئاوا مەحکوومە بەوە کە ئارەزوو بکا دامودەزگای دیکتاتۆری پایدار بمێنێ. لە قووڵایی دڵیەوە قینی لە دیکتاتۆرییە بەڵام لە نەمانیش دەترسێ چونکە دەستبەجێ دەڵێ: «ئەو دەم هەموو دەزانن و ڕیسوا دەبم.»

ئەوەیە کە هەر یەک لەو بەدبەختانە بەزنجیری ترسان لە ڕیسوایی خۆیان دەبەسترێنەوە. ئەم شێوەیە ڕەنگە بەشێک بێ لە سیاسەت و شێوەی کردەوەی هەموو ڕێکخراوێکی دەوڵەتی، بەڵام هیچ ڕێژیمێک وەک ڕێژیمی فاشیستی ئێستا تەنیا بەفەسادی شارەییان کە لە ڕووی ئەخلاقەوە لاوازترن، پشت ئەستوور نەبووە. ڕێکخراوی ڕاستەقینە کە بناخەی ڕێژیمی فاشیستی ئێستایە، هەر ئەو هاوکاری نهێنی ترسە. تا ئەو کاتەی من لە ڕۆم بووم دیلی ئەو هاوکارییە بووم. دەمزانی کە پۆلیس لەبەر ئەوەی ئیتر بڕوای بەمن نییە، هەمیشە لە کەمینی مندایە. لە ئەنجامدا لە دیداری دۆستان خۆم دەپاراست تا مەجبوور نەبم ئەوان پێوە کەم. کاتێ لەگەڵ کەسانی گومانلێکراو پێوەندیم دەگرت بێ ئەوەی گورج پۆلیس خەبەردار بکەم، پۆلیس هەڕەشەی گرتنی لە من دەکرد. من وەک شێتان لە گرتن دەترسام. هەوڵم دەدا تا بکرێ لە تەنیاییدا بژیم. هەر چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئەویندارەکەم بۆ من ئازارێکی قورس بوو، لەگەڵ ئەوەش ئەو هەمیشە لەگەڵ من لە سەرخۆ و میهرەبان بوو. ڕۆژی جێژنی نۆئیل ساڵی ڕابردوو لە ڕەستورانێکی دەوروبەری شار جێژنمان گرت و....

ئێستا دۆن پاولۆ چیرۆکێکی دەردەدار دەبیسێ کە خۆی پێشتر دەیزانی و هەموو بەشەکانی وی دەهاتەوە بەرچاو. ئەو خواردنی ڕەنگین، ئەو داوەتەی ماڵ، ئەو کڕینەی گوڵ و میوە و شیرینی و شەڕابی «مارسالا»، گەیشتنی پۆلیس، ڕاکردن بۆ سەربان، چاوەڕوانی بێ بڕانەوە...

بەڵام لاو چیرۆکی خۆی تەواو ناکا. سەری دەخاتە نێو دەستەکانی و وەک منداڵ دەکەوێتە گریان. پاشان درێژەی پێ دەدا:

– من بۆ ماڵێ گەڕامەوە و بەدایک و بابم گوت کە دوکتۆران پێیان گوتم لە ئاووهەوای شوێنی لەدایکبوونی خۆمدا بژیم. زستانم لە ماڵێ بردەسەر بێ ئەوەی کەس ببینم. جاروبار دەچوومە

چاوپێکەوتنی دۆن بنە دێتو، ئەو کتێبی بەئەمانەت دەدامێ کە بخوێنمەوە. لە وەرزی بەهاردا وردە وردە دەستم پێ کرد لە مەزرا یارمەتی بەباوکم بکەم و لەگەڵ وی خەریکی بژاری گەنم و هەڵپەرتاوتنی ڕەز و کێڵانی زەوی و دروێنە بووم. تا خۆم لەسەر پێ ڕاگرتبایە کارم دەکرد. ئەوەندە ماندو و هیلاک دەبووم هەر لەگەڵ شێو خواردن دەنوستم. ڕۆژی دوایی بەیانی باوکم وەخەبەر دێنا. باوکم بەچاوی ئافەرین سەیری دەکردم و دەیگوت: «دیارە کە کوڕە وەرزێری! ئەو کەسەی کە تۆوی زەوییە، ئیتر ناتوانێ زەوی بەجێ بێڵێ» بەڵام ئەو کەسەی تۆوی زەوییە و لە شار دەژی نە بەوەرزێر حیساب دەکرێ و نە بەشارەیی. بیرەوەری شار، یادی ئەڤیندارم، یادی دەستە و پۆلیس لە مندا وەک برینێکی زار ئاواڵە مابوونەوە، وەک برینێکی کە هێشتا خوێنی لێ دێت وردە وردە دێ چڵک بکا و ترسی وەی هەبوو کە ماوەی تەمەنم ژاراوی بکات... دایکم دەیگوت: «هەوای شارت پێ نەکەوتووە و خەموخەفەت ڕژاوەتە نێو خوێنت!» لە وەڵامدا دەمگوت: «لێگەڕێ با کار بکەم، بەڵکو کار چاکم کاتەوە.!» بەڵام لە مەزرایە زۆر جار لەپڕ سیمای جوانی ئەڤیندارەکەم دەهاتە بەرچاوم. چۆن دەمتوانی تەواوی ئەو شتانەی لە هاونشینی ئەو فێری ببووم لە بیری بەرمەوە. ؟ پاش گەیشتن بەدەرەتانی ژیانێکی دیکەی پاک و شەریف و هاوتا لەگەڵ غیرەت و ساخبوونەوە لە خەونی خۆشی مرۆڤایەتییەکی باشتر، چۆن دەمتوانی لە گوندی لەگەڵ ژیان هەڵکەم. ؟ لەلایەک چۆن دەمتوانی ئەم گوناحە لە قەرەبو نەهاتووە لە خۆم بسڕمەوە؟ کاتێکی لە دەست ئەو بیروباوەڕانەی کە لە گۆشەگیری سەریان هەڵدابوو و هەراسانیان کردبووم، وەئامان دەهاتم لە ترسی سزادان گەیشتمە ترسی سزا نەدیتن.

فیکری ئەوەی کە بۆیە یادی کردەوە خەراپەکانی خۆم دەکەم کە لەوانەیە ڕیسوا بم، وردە وردە منی ترساند. لە خۆم دەپرسی: «کەوابوو ئەگەر هۆی دڵنیاتر پەیدا بێت کە دەرفەتمان بداتێ خەیانەت بەدۆستانمان بکەین بێ ئەوەی مەترسی ڕیسوابوون لە گۆڕێدا بێ داخوا ڕەنجی خەیانەت سووکتر دەبێ؟» من هەرگیز لەناخەوە بڕوام بەخودا نەبووە. ڕاستە کە تەعمید کراوم و دابی تناول القوربان-یشم وەک هەموو خەڵک بەجێ گەیاندووە بەڵام قەت بڕوام بەحەقیقەتی وجودی خودا نەبووە. هەر بۆیەش لە ڕۆم بۆ قبووڵی گریمانەی بەرواڵەت زانستی کە لەنێو دەستەکاندا تەبلیغ دەکرا، هەرگیز بەربەرەکانیم نیشان نەدا. لەگەڵ ئەوەش ئەو فیکرانەی لە «ڕوکا» دەمکردنەوە ئەو گریمانانە هاسانتر دەهاتنە بەرچاو و بەکردەوەش بەکارم دەهاتن. ئەوە کە هەموو شت مادە بێ و مەفهومی خێر لە مەفهومی فایدە جیا نەبێ- هەر چەند فایدەی کۆمەڵایەتی - و ئەوەش خۆی بناخەی لەسەر مەفهومی سزا بێت، فیکرێکی ئاوا بۆ من لە تاقەت بەدەربوو. سزا بەهۆی چ کەسێکەوە؟ بەهۆی دەوڵەت یا دەستە و یا بیروڕای گشتی؟ باشە. ئەگەر دەوڵەت یا دەستە، یا بیروڕای گشتی خۆی گومڕابێ چی؟ جگە لەوە ئەگەر ئەم دەرەتانە پێک بێ مرۆڤ ئەگەر خەراپە بکا و دڵنیا بێ کە سزا نادرێ ئەدی ئەخلاق لەسەر کام بناخە خۆ دەگرێ و قایم دەبێ؟ کەوابوو هەر وەسیلەیەک کە بتوانێ ترسی سزادان لەبەین بەرێ، سەرپشکی خێر و شەڕیش لەبەین دەبات؟ گریمانەیەکی وا منی دەخستە ترسەوە. وردە وردە ترسی ئاژاوە هەڵی دەگرتم. مەبەستم ئەوە نییە کە بەم زۆربڵێییە کە ڕەنگە لەبەرچاوی تۆ ناڕوون و لێڵ بێ، سەرت بێشێنم و، ناشمەوێ تۆ پێت وابێ

کە من هەوڵ دەدەم بەقسەو سازکردنی ڕستەخۆم باشتر لەوە نیشان بدەم کە هەم. تەنیا دەمەوێ بڵێم کە ئەم بیروڕایە ببووە جەوهەر و هەوێنی ژیانی من.

من بڕوام بەخودا نەبوو، بەڵام ئەو دەم بەدڵ ئاواتم دەخواست کە خۆزیا خودا هەبایە. من پێویستم پێ بوو تا لە نیگەرانی و ئاژاوە نەجاتم بێت. تا شەوێکی کە توانا و سەبرم نەمابوو، هەستام بچم لە عیبادەتگا لە کبوشی بدەم. لە ڕێگا تووشی پیاوێکی ڕووحانی بووم کە پێشتر دەمناسی و ناوی «برای دینی ئانتی فونا» بوو. پێم گوت: «زۆرم گەرەکە بڕوا بەخودا بێنم، بەڵام ناتوانم. بۆچی بۆم ڕوون ناکەیەوە کە دەبێ چ بکەم؟» لە وەڵامدا گوتی: «نابێ غەڕە بی، نابێ بۆ تێگەیشتنی هەموو شت پێ دابگری، نابێ گوشار بۆ خۆت بێنی، دەبێ تەسلیم بی و چاوەکانت بنووقێنی و دوعا بکەی. دین بەخششێکە.» بەداخەوە من بێ بەش لەو بەخششە هاتبوومە سەر دنیا. من دەمویست هەموو شت تێ بگەم.

نەمدەتوانی بۆ تێگەیشتن هەوڵ نەدەم. تەواوی جەستەم ببووە هەوڵێکی دردەداری توند. نەمدەتوانی تەسلیم بم. بەهەموو تواناوە خودام دەویست. پێویستم بەو هەبوو. ئەو وەڵامی نەدامەوە. ئەو دەم چوومە کن دۆن بنە دێتو. لەبەر ئەوە نەچووبوومە کن ئەو کەشیشە، بەڵکو لەبەر ئەوەبوو ئەو لە ڕوانگەی منەوە دیاردەی مرۆڤێکی دادپەروەر بوو. وەک پێشتر باسم کرد ئەو لە منداڵییەوە منی دەناسی. لەگەڵ ئەوەش کاتێ چوومە خزمەتی پێم گوت کە بەڕاستی هێشتا من باش ناناسی، چونکە لە تەواوی ئەو شتانەی لە دڵی مندا شاراوەیە، ئاگادار نییە. فشارێکی سەختم بۆ خۆم هێنا و لە ئیقرارێکی کە پێنج سەعاتی تەواو درێژەی کێشا. هەرچی بوو و نەبوو باسم کرد. لە کۆتایی ئیقرارەکەدا نیوەگیان وەهەردی کەوتم. ئەو مارتای خوشکی ناردە لای دایکم تا خەبەری بداتێ کە من شەو لە ماڵی قەشە دەخەوم. تا چەند ڕۆژی دیکە لەوێ دەمێنمەوە تا لە کارەکانی باخدا یارمەتی بدەم. ڕۆژەکانی دوایی کاتێ لە باخ کارم دەکرد جاروبار ڕادەوەستا و لەگەڵ من قسەی دەکرد. فێری منی کرد تا ئینسان لەم جیهانەدا زیندووە هیچ شتێک بۆ ئەو وا نییە کە قەرەبو نەکرێ و مەحکوومییەتێکی لێبڕاو نییە. هەروەها ڕوونی کردمەوە کە بێ گومان نابێ خەراپەت خۆش گەرەک بێ. بەڵام نابێ لەم نوکتەیەش خافڵ بی کە جاری وایە چاکە لە خەراپە لە دایک دەبێ. لەوانە بوو ئەگەر ئەو بەدبەختیانەم نەدیتبایە، تووشی ئەو هەڵانە نەدەهاتم کە بەسەرم هاتن و هەرگیز نەدەبوومە مرۆڤێکی واقیعی. ئاخریەکەی کاتێ ئیزنی دام و ڕێگای دا بۆ ماڵی خۆم بگەڕێمەوە، ئیتر ترسم لە دڵدا نەبوو، پێم وابوو تازە سەرلەنوێ هاتوومەوە سەر دنیا و هەوایەکی لە چیاوە دەهات، بەسەیرەوە هەستم پێ دەکرد کە قەت هەوای وا فێنک و خاوێنم هەڵنەمژی بوو. کاتێ ترسم لە دڵدا نەما ئەم هەستەشم لا نەما کە من سەرباری خۆمم. دووبارە خەریک بووم فیکر لە دنیا بکەمەوە. دووبارە دارەکان و منداڵەکانی کۆڵان و خەڵکی فەقیری زەحمەتکێشی سەحرا و کەرە بەستەزمانەکانی بارکێش و گایەکانی بەر نیریم تەماشا دەکرد. جاروباریش هەروا دەچوومەوە دیداری دۆن بنە دێتو. ئەو دوێنێ لە دوای منی نارد و گوتی: «دەمەوێ تۆ لە ڕەنجی دووپاتەکردنەوەی ئیقراری دەردەدارت تەرخان بکەم. بەڵام لە نیزیکی «ڕوکا» پیاوێک هەیە تکات لێ دەکەم بچیە لای وی ئەم

ئیقـراره لای ئەویش دووپات کـەیەوە. ئەو پیـاوە کـەسێکە لە هەمـوو بارێکەوە دەبێ بڕوای پێ بکەی. نیشانە پێویستی دا بەمن و هێندێ شتی ڕاسپارد و ئێستا وا هاتووم.

بۆتە شەو. دەنگی هیلاکی پیاوی لاو لە تاریکیدا کپ دەبێ و هەر لەو تاریکییەدا دەنگی پیاوێکی دیکە دێت کە دەڵێ:

– من ئەگەر سەرۆکی حزب و یا دەستـەیەکی سیاسی بوومـایە. دەبوایە بەگوێرەی ئەساسنامەی حزب دادگاییت بکەم. هەر حزبێک خاوەنی ئیدیۆلۆژییەکە و ئەخلاقی تایبەتی خۆی هەیە کە بەشکڵی زنجیرە بڕیاراتێکی وشک دامەزراوە. ئەم بڕیارانە زۆر جار لە ئەسڵێک زۆر نیزیکن کە ڕۆحی ئەخلاق وەبەر هەموو کەس دەنێ و، هێندێ جاریش تەواو لەگەڵ ئەو ناجۆرن. بەڵام من ڕێبەرێکی سیاسی نیم – و یا ئیتر نیم – منی ئێستا لێرە مرۆڤێکی ئاساییم. ئەگەر قەرار بێ پیاوێکی دیکە دادگایی بکەم، ناتوانم جگە لە ویژدانی خۆم بەڵگە و قایدەیەکی پشت ئەستوورم نییە و هەر لەو کاتەشدا دەبێ سنوورێکی زۆر تەنگەبەر لەبەرچاو بگرم کە لە چوارچێوەی ویدا مرۆڤێک مافی وەی هەیە لە بارەی مرۆڤێکی دیکەوە داوەری بکات.

لاو وەڵام دەداتەوە:

– من نەهاتووم کە داوای پاکانە و لێخۆشبوون بکەم. برینی ئەوتۆ هەن کە نابێ بیانبەستی و بیانشارییەوە، بەڵکو دەبێ بیانکەیەوە تاو لێیان بدات. ئەو ئیقراری ئاییینی کە ئاسایی لەپشتی میلەکانەوە ئەنجام دەدرێ، بەڕای من کارێکی تەشریفاتییە کە لێرەدا جێگای باسکردنی نییە. بەڵام ئیقرارکردنی کەسێک لەکن کەسێکی دیکە دەکرێ وەک داغکردنی برین حیساب بکرێ.

ئەو دەم وتەوێژ بەدەنگێکی سەبرۆکە دەڵێ:

– ئەی لویجی مۆریکا، من دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم کە سابیتی دەکا ئێستا چەندە بڕوا بەتۆ دەکەم. من قەشە نیم و دۆن پاولۆ سپادا ناوی ڕاستەقینەی من نییە. ناوی ڕاستەقینەی من پیترۆسپینایە.

ماتالنا مێزی بۆ دوو کەس ئامادە کردووە و پێیان دەڵێ بۆ شێو خواردن بێنەخوار و لەم باوڕەوە دەڵێ:

– پیـاو کە لە دەورەی حەسانەوەی پاش نەخۆشیدایە، نابێ قـەت نانخواردن وە پاش خـات. ئەگـەر میوانیشی هەبێ باشترە کە ئەو میوانەش بۆ خواردن داوەت بکا.

مودیری موسافیرخانە سفرەیەکی سپی و بوتڵێک شەرابی لەسەر مێز داناوە. ئەم دوو پیاوە بەبێ دەنگی نان دەخۆن. شـەرابی پێش ساڵێک و نانیش پێش پازدە ڕۆژە. نانی بەیات دەشـەڕابدا خـاو دەکـەنەوە. مـۆریکا دەیەوێ هەر ئەو شـەوە بۆ ڕوکـا بگەڕێتـەوە و دۆن پاولۆ پاش ئەوەی دەچێتـەوە ژوورەکەی خۆی چاو لەسەر یەک دانێ، پاش تاوێک دێتەوە خوار تا میوانەکەی مەودایەک بەڕێ بکات. ماتالنا ناتوانێ ئیرەیی خۆی سەبارەت بەم دۆستایەتییە کوتوپڕەی کە لەنێوان قەشە و نەناسراودا پێکهاتووە، بشارێتەوە، بۆیە بەمۆریکا دەڵێ:

– ئەو هەموو قسەیەت کرد دیسان قسەت ماوە بیکەی؟

لاو لە وەڵامیدا دەڵێ: «خەریک بووم ئیقرارم دەکرد»

ئاخریەکەی کاتێ لەسەر جادەی کە بۆ سەرەو ژێری دۆڵ دەچێ لێک جیا دەبنەوە، مۆریکا دەڵێ:

– ئێستا بۆ هەموو کارێکی ئامادەم.

دۆن پاولۆ دەڵێ: «لەم بارەوە بەو زوانە دیسان قسان دەکەین.»

لە دوور دەنگێکی ناڕوون دەبیسرێ کە لە دەنگی شوانان و سەگوەڕ و کاڕەی مەڕە تێکەڵە. لە زەوی شەدار بۆنی نەرمی پنگی سەحرا و ئیکلیلی کێوی دێت. کاتێکە کە وەرزێرەکان بەرلەوەی بچن بخەون، کـەرەکـانیـان بۆ تەویلە دەبەنەوە. دایکەکـان لە پەنجـەرەوە بانگی منداڵەکـانیـان دەکـەن کـە هێشـتـا نەهاتوونەوە ماڵ. سەعاتێکی لەبارە بۆ دوعا و پاڕانەوە. ئینسان بۆ حەیوان و حەیوان بۆ گیاوگوڵ و بۆ زەوی دەگەڕێنەوە. ئەو ڕووبارەی بەقوولاییی دۆڵدا دەڕوا لەبەر ئەستێران پەڵە پەڵە بووە. لە پیتراسکا ئێستا تاریکی داهاتووە جگە لە کەلل سەری گا کە بەدوو شاخەوە لەسەربانی موسافیرخانەی مالتانا ڕیکوتایە، شتێکی تر نابینرێ.

پیتراسکا لە کاتی ڕۆژدا دێتەوە سەر حاڵەتی خۆی. لە گەڵکوو وروژان و شلوقی ڕەمەکی ڕۆژەکانی ئامادەیی دەنیشێتەوە وەرزێرەکان ژیانی یەک هەوا و ئارامی خۆیان دەست پێ دەکەنەوە. تەنیا گوند لە لاوان خاڵییە. پیرەمێردەکان لەبەر دەرگای ماڵەکانیان مات و بێ دەنگ، بێ ئەوەی تەماشای دەوروبەری خۆیان بکەن خەریکی شۆرباو خواردنن و بەحاڵێکی هیلاک و ماندوو وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە. دایکی فلان سەرباز یارمەتی کەم وەردەگرێ و لە دڵدا هیوادارە کە ئەم یارمەتییە درێژەی هەبێ. سەبارەت بەمەسەلەکانی دیکە پێویستی بەبیرکردنەوە نییە. ئەوەی دەبوایە ببێ، هەر دەبێ. دەبوایە شەڕ بێت، وا ئێستا هاتووە. ئەگەر قەرار بێ تاعون بێت، ئەویش دێت. ئەوەی دەبێ بێت، بەئیجبار دێت و هەرچی بێتیش ئاخرەکەی دەڕوات. ئێستا منداڵانی مەدرەسە بەدوو دەستەی ئەفریقایی و «ئیتاڵیایی» دابەشبوون و شەڕە بەردیانە. زۆر جار وا دەبێ کە ئەفریقاییەکان لە ئیتاڵییەکان دەدەن و ئەو دەم خانم مامۆستا تووڕە دەبێ و دەیکاتە هەرا.

ژنی ماگاشیا لە زمانی ماتالنای بیستووە کە دۆن پاولۆ ئیجازەی ئیقرار بیستنی وەرگرتووە. ئێستا لەبەر قەشە دەپاڕێتەوە کە ئیقراری مێردەکەی گوێ بداتێ کەوا بیست و پێنج ساڵە لەگەڵ خودا تێکچووە. لەم بارەوە بەقەشە دەڵێ: «ئەو بڕوای بەقەشەکانی مەحەللی نییە و ئیتر دەرفەتی واش پێک نایە کە قەشەیەکی غەریب بێتە پیتراسکا. تۆ ئاغای قەشە ئەگەر ئەو لوتفەی لەگەڵ نەکەی ئەو بەگوناحباری دەمرێ و دەچێتە جەهەندەمێ.

قەشە دەیەوێ ڕوونی بکاتەوە کە بەڕاستی ئیجازەی ئیقرار بیستنی وەرنەگرتووە. بەڵام ژن بەگوێیدا ناچێ و چووە لەگەڵ ماگاشیای پیرەمێردی شووی گەڕاوەتەوە. ماگاشیا کە پیاوێکی باڵابەرز و بەخۆوە و ڕیشدارە، کڵاوەکەی بەدەستەوە گرتووە و چوارچێوەی دەرگای پڕ کردووە. قۆڵی چاکەتی کە بەسەر شانی بێ دەستی داداوە، خەستوویەتە گیرفانی. دۆن پاولۆ لەسەر کورسی پەنا تەختی خەوی چاوەڕوانە و

دەیەوێ قسەیەک بکا. بەڵام پیرەمێرد لە بەرپێیانی ئەژنۆ دادەدا، نیشانەی خاچ دەکێشێ، هەرد ماچ دەکا و لە کاتێکا ڕوومەتی لەسەر هەرد داناوە، دوعای ئیقرار دەخوێنێ و سێ جار لە سنگی خۆی دەدا و لە بەرلێوانیەوە دەڵێ: Mea culpa, mea culpa, mea maxima culpa (واتە: من گوناحبارم، من گوناحبارم، من لە ڕادەبەدەر گوناحبارم). بێ ئەوەی سەر بەرزکاتەوە، تا چەند چرکەیەک هەروا قسەی ناڕوون درێژە پێ دەدا کە قەشە هیچی لێ تێ ناگات. کاتێ کابرا ئیقرارەکانی کۆتایی پێ دێنێ هەروا سەری لەسەر هەردە و بەجەستەی زەلامی خۆی نیوەی ژوورەکەی گرتووە. قەدوباڵای زەلامی وەک غولی هێناویەتە سەر شکڵی بوونەوەرێکی وەک حەیوانی سەردەمی پێش تۆفانی نوح. ڕیشی پڕ و قژی سەری گیاوگۆڵی لێڕەوارەکان وەبیر دێنێتەوە. تەنیا ترسی وی کە لە وەزع و ڕەفتاری دەردەکەوێ نیشانی دەدا کە ئادەمیزادە. لەو حاڵی دوعا و پاڕانەوەدا تاوێ مات دەبێ، پاشان سەرهەڵدێنێ و بەدەنگی ئاسایی خۆی دەپرسێ: «باشە، تەواوە؟ تۆ منت پاککردەوە؟. دەتوانم بڕۆم؟»

ئیقرار بیسەر دەڵێ: «بەڵێ دەتوانی بڕۆی»

ماگاشیا هەڵدەستێ و دەستی قەشە ماچ دەکا بەر لەوەی بڕواتە دەر دەڵێ:

– پێویستم بەڕاوێژێکیش هەیە ناوێرم لەگەڵ خەڵکی تر باسی بکەم. داخوا پیاوکوشتن پاش بیست و پێنج ساڵ تێپەڕبوونی زەمانی بەسەردا نایە.؟ داخوا ئەگەر مرۆڤ ئاشکرا بوو دەیبەن بۆ دادگای جنایی؟

– کامە پیاوکوژی؟

ماگاشیا تێناگات کە بۆ چی قەشە خۆی لە کوچەی عەلی چەپ داوە، بەڵام چونکە پرسیار ناڕەحەتی کردووە بەسرتە پێی دەڵێ: «کوشتنی «دۆن جیولیو» دەفتەرداری «لاما»ت عەرز دەکەم.»

قەشە دەڵێ:

– ئەها! ڕاستە... من لەبیرم چووبوو. بەڵام من پارێزەری عەدلیە نیم و لەم بارەوە نازانم وەڵامی چیت بدەمەوە.

ئەم هەڤاڵە لە گونددا بڵاودەبێتەوە کە دۆن پاولۆ ئیجازەی ئیقرار بیستنی وەرگرتووە.

ماگاشیا گوتوویەتی: «ئەمە ئیقرار بیستێکە کە هەموو شت دەزانێ و هەموو گوناحێک دەبەخشێ.

ماتالنا دووپاتی دەکاتەوە کە:

– ئەو لە سەرووی ئیقرار بیستێکی ئاساییە، ئەو پیاوێکی پیرۆزە کە ناخی دڵی گوناحکارانی فەقیر دەخوێنێتەوە.

خەڵک لە هەموو لاوە تاڵوکە دەکەن تا ئاگاداری وەر بگرن. ژووری دۆن پاولۆ لەمەودوا بۆتە پێگەی هەمووان. خەڵک دەچنە ژوور و دێنەوە دەر. هەر کەس دەیەوێ ڕۆژی ئیقراری خۆی دیاری بکات. منداڵ لە پەیژەکان دەچنە سەر و لەبەر دەرگا دەمێننەوە و ناوێرن بچنە ژوور و لەم پیاوە پیرۆزە وەنیزیک کەون کە نەدەتوانێ خۆبشارێتەوە و نەدەتوانێ بەرگری لە خۆی بکا کە نیزیک بنەوە.

«جزیرا»ی پیر لەڕێوە دەگاتێ. ئەو هەمووان دەر دەکات و دەرگا لەسەر خۆی گاڵە دەدا، ئەژنۆ دادەدا و

پاش خوێندنی دوعای «من گوناحبارم» چیرۆکی ژیانی خۆی دەست پێ دەکا. پیرێژن وەک ئاشی ئیسوت هاڕین دەسووڕێ. ئاشێکی بێ ددان کە تەنیا لێوی زەرد و باریکی هەبن. لەژێر ئەو چەند داوە قژی پیسی کە بۆی ماوەتەوە نیوەی گوێچکەی دیارە و پیرێژن دەڵێ نیوەکەی تری بەجحێڵی کەر گازی لێ گرتوە و لێی کردۆتەوە. شوێنەواری چەند برینی لە ئازای لەشی یەک یەک نیشان دەدا و قسەیان لەسەر دەکا کە هەموویان یادگاری مێردی هەوەڵیەتی بۆی بەجێ ماون. تا ئێستا هیچ کەس ئەو برینانەی نەدیوە، چونکە لە سایەی خودا لەشی بەکەس نیشان نەداوە. بەڵام ئەوە برینی ڕاستین. ڕاستییەکی ئەوتۆن وەک جێگای نێزەی حەزرەتی مەسیح. ئێستا بیست ساڵە کە مێردی لە کارەساتی بوومەلەرزەدا مردووە. جزیرا ئاوا دەگێڕێتەوە:

– لە کاتی بوومەلەرزەدا خودا وای ویستبوو کە من لەسەر شەقام بم. مێردەکەم لە خەودا بوو لەژێر دیواری کە بەسەریدا ڕووخابوو دفن کرا. من گورج بیرم کردەوە: «ئێستا بوومە بێوەژن دەتوانم پشووێکی ئاسوودە بدەم. بەڵام مێردی دووەمم پێویستە بە لێوردبوونەوەی زیاتر هەڵبژێرم.» بەڵێ من ئیقرار دەکەم کە هەوەڵین فیکری من ئەوە بوو. ئەو کەسانەی کە لە بوومەلەرزەدا گیانیان بەسەلامەت دەرچوو بوو پەنایان بۆ ژێر چەند خێوەت برد کە لەپشتی گۆڕستان لەنێو بەفر هەڵدرابوون. شەوانە ناچاربووین بۆ ڕاونانی گورگان ئاگر بکەینەوە. دەچووینە خانووە وێرانەکان داری وشکمان کۆ دەکردنەوە. شەوێکیان لەنێو ماڵە وێرانەکەی خۆمدا بەدوای هێندێ شڕەوبڕەدا دەگەڕام لەناکاو گوێم لە دەنگێکی لاواز بوو لەنێو بەردەکان دەهاتەدەر. دەنگەکە دەیگوت: ««جزیرا! جزیرا!» مێردەکەم بوو کە هێشتا زیندوو بوو. من لە ترسان ڕام کرد بەخۆم گوت ئەگەر بێتە دەر بەتاوانی ئەوەی لە هەوەڵەوە لەژێر وێرانە دەرم نەکێشاوە، بەقەستی کوشتن لێم دەدا. پاشان ئەو فیکرەشم بەمێشکی داهات: «بێ گومان قاچێک و یا باسکی شکاوە و تەواوی تەمەنی شەل و نەقوستان دەبێ و ئێمەش لە هەموو کاتێ فەقیرتر دەبین» ڕۆژی دواییش دووبارە منی بانگ دەکرد، بەڵام دەنگی لاوازتر دەهات و دەیگوت.«جزیرا! جزیرا!» من لای خۆم فیکرم دەکردەوە: ئەگەر خودا ویستبای ئەو نەجاتی بێ لەژێر خاکدا دفنی نەدەکرد. پاش چەند ڕۆژ سەرباز هاتن خاکەکەیان لابرد کە مردووەکان بنێژن. مێردەکەم یەک لەوانە بوو کە یەکەم جار دیتیانەوە و ناشتیان. شووی دووەمم لەو باشتر نەبوو. مانگێک پێکەوەبووین و پاشان مێردەکەم بەپاشەکەوتی من چووە ئارژانتین و ئیتر نەگەڕایەوە. ئەوەش چارەنووسی ئێمەی ژنانی فەقیرە.

جزیرا چاوەڕوان بوو قەشە شتێکی پێ بێژێ. بەگوێرەی ئاسایی سەرکۆنەی بکا و پرسیاری لێ بکات و ئاخرەکەشی بەگوێرەی داب لێی خۆشبێت. بەڵام دۆن پاولۆ بەڕەنگی پەڕیو لێی ورد دەبێتەوە و هیچ ناڵێ.

پیرێژن دەپرسێ: «تەواو بوو؟ دەتوانم بڕۆم؟ تەواو بوو.»

قەشە دەڵێ: «تەواو نەبوو، بەڵام دەتوانی بڕۆی.»

پاشان ماستر ئانجلۆ دێت. «لیدونیا»ی خێزانی و «ماریتا»ی ژن خوشکی باسکیان گرتووە چونکە لاقی پێچراوە و بەزەحمەت دەتوانێ بەڕێگادا بڕوا و لەبەر ئەوەی ناتوانێ چۆک دابدا ئەو دوو ژنە لە پەنا

ئیقرار بیسەر لەسەر کورسی دادەنێن و خۆیان دەچنە دەرێ. ماستر ئانجلۆ بۆ دەستپێکردنی قسەکانی لێوەکانی لە گوێچکەی قەشە نیزیک دەکاتەوە تا زیاتر دڵنیابێ کە جگە لەو کەسی تر قسەکانی نابیسێ. هەناسەی بۆگەنی شەڕابێکی لێ دێ کە خودا دەزانێ شەڕابی چەند ساڵانە. بۆگەنێک کە دۆن پاولۆ ژانەسەر دەگرێ.

ماستر ئانجلۆ دەڵێ:

– ژنەکەم هەژدە منداڵی بوو. بەڵام خودا لەو هەژدە منداڵە شازدەی لێ وەرگرتەوە. هێندێ کەس هەن کە هەر لە کاتی لەدایکبوون سزا دەدرێن و هیچیش ناکرێ. ماریتای ژن خوشکی من بەشێوەیەکی تر سزای بینیوە. ئەو ژنی فەقیرێک بوو، بەڵام ساخ و سەلیم بوو. بەر لە شووکردنی بە «نیکلا چیکاوۆ» هەموو کەلوپەلی بووکێنی ئامادە بوو. ئاگاداری پێویستیشیان بڵاو کردبۆوە لەپڕ نیکلا هاتە لای من و بەنهێنی پێی گوتم: «من ڕازێکم هەیە دەبێ لەگەڵ تۆی باس بکەم. ئەویش ئەوەیە کە شەڕ منی بەسزای کردەوەی خۆم گەیاندووە.» ئەو دەم بەدبەختی خۆی بەمن نیشاندا. ئەو پیاوە بەتوانا و هێزە ئیتر پیاو نەبوو. لە نەخۆشخانەی نیزامی بۆ ئەوەی گیانی ڕزگار بکەن، مەجبوور بوون سیرەتی لەبنەوە ببڕن. کابرای بەدبەخت تاک و تەنیا بوو. نەدایک و خوشک و نەکەسوکارێک کە کراسی بۆ بشوات و جێ خەوی هەڵبگرێ و سووپی بۆ لێنێ. ناچار بوو ژنێک بێنێ. جگە لەوە باخێکی ڕەزیشی هەبوو. میداڵێکی لێهاتوویش. ئەگەر ماگاشیا مردبایە فرۆشتنی تووتن و خوێیان سەبارەت بەمیداڵی لێهاتوویی دەدا بەنیکلا. ماگاشیا لەو کاتەدا پیر بوو چاوەڕوان دەکرا بەزوویی بمرێ. ئەوە کە هێشتا زیندووە خەتای ئاواڵ زاوای من نییە. بەڵێ، نیکلا و مارتینا زەماوەندیان کرد و تەنیا پاش بووک گوازتنەوە ماریتا زانی چ خاکێکی وەسەر کراوە. نیکلا پێی دەڵێ کە مێردی خوشکت لەو ڕازە ئاگادار بووە. ماریتا گورج کەسێکی بەدوای مندا نارد و تا من گەیشتمێ دەستی کرد بەگریان و هاوار و گوتی: «تۆ بوویە هۆی بەدبەختی من. ئێستا لە شەرمی ئەو ڕیسواییە باشترە خۆم بکوژم.» نیکلا ئێمەی تەنیا بەجێ هێشت و بەر لە ڕۆیشتن بەئێمەی گوتبوو: «ئێستا کە خودا مەیلی لەسەر ئەوەیە من سزا بدات، من هەق بەخۆم نادەم ئیرەیی بەرم. بەو مەرجە کە شەڕافەتی من بپارێزرێت. مەبەستم ئەوەیە کەس نەزانێت.» ماریتا شەش منداڵی بوون کە چواریان زیندوون. منداڵ دروستکردن وەک ئاو خواردنەوە وایە. مرۆڤ لەگەڵ خۆی پەیمان دەبەستێ کە: «ئەوە ئاخرین پیاڵە دەبێ.» بەڵام دوایە دیسان تینوایەتی هێرشی بۆ دێنێ و پیاڵەیەکی دیکەش دەخواتەوە. دیسان دەڵێ: «تەنیا ئەو پیاڵە و بەس» بەڵام کێ دەتوانێ پێشی تینوایەتی بگرێ. کاتێ ژن تینوە و کاتێک پیاو. جاری واشە هەرتکیان. ساڵەکانی هەوەڵ پاراستنی پێوەندی باش لەنێوان دوو خوشکدا هاسان نەبوو. بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان باش بوو. ئێمە بەڕەزای هەق ڕازی بووین. ئابڕووی نیکلاش پارێزرا و هیچ ڕیسوایی نەقەومان. هیچ کەسیش نەیزانی. بەڵام ڕۆژێک نیکلا بۆ ئیقرار دەچێتە کن «دۆن چیپریانو»ی قەشە و ناوبراو بەجارێک کابرا هەڵدەتەکێنێ. قەشە پێی گوتبوو ئەو سزایەی کە خودا تا ئێستا پێی داوین لە تۆڵەی کردەوەی خۆمانە و موستەهەقین و لە بەرانبەر ئەوەی لەمەودوا بەسەرمان دێت هیچە. ئەوەی ئێمە لە ژیانی خۆماندا دیتمان،

ئەوە دیتمان و ئەوەی نەماندیت منداڵەکانمان کە تۆی گوناحن دەیبینن و ئەوەی منداڵەکانمان نەیاندیت، نەوە و نەتیژە دەیبینن تا حەوت پشت. بەڵام ئەگەر خودا ئاگاداری مەسەلەکەیە چۆن دەتوانێ دووبارە ئێمە سزا بدات؟ چما ئێمە بەڕادەی تەواو ڕەنجمان نەکێشاوە. ؟

تۆبەکار بێ دەنگ دەبێ و بەچاوی پڕ لە خوێنی لە ئیقرار بیسەر ڕادەمێنێ تا وەڵامێکی لێ ببیسێ. لە پەیژەکانەوە دەنگی چەند سەرخۆشێک دەبیسرێ کە لە قاتی خوارێ یاری «مۆڕا» دەکەن. یەکیان هاوار دەکات: «پێنج، پێنج، پێنج، ئەوی دیکە دەقیژێنێ و دەڵێ: «سێ!... نۆ.!... شەش!» دۆن پاولۆ دوو مێشان لەسەر شووشەی پەنجەرەکەی دەبینێ کە پێکەوەنووساون و مەرگ لە کاتی جووتبوندا خافڵگیری کردوون. لە دەرەوە باران دەبارێ. دۆن پاولۆ دەلەرزێ و ئاخرەکەی دەڵێ: «ماستر ئانجلۆ، تکا دەکەم باوەڕ بەقسەی من بکە! من نازانم وەڵامی تۆ چ بدەمەوە. من قەت بیرم لە مەسەلەیەکی وەک مەسەلەی تۆ نەکردۆتەوە.

– لە کتێباندا چییان نووسیوە؟

قەشە لە وەڵامدا دەڵێ: «با بزانم دەگەڕێم».

لیدوینا و ماریتا کە ماسترئانجلو بانگی کردوون، لە پەیژەکان سەردەکەون و باسکی دەگرن بێتەدەرێ. لەگەڵ ئەوەش بەچاو لێی دەپرسن، بەڵکو نەتیجەی ئیقرارەکان هەست پێ بکەن. لە ڕێگای پەیژەکان تۆ بەکاری دیکەی ژن و پیاو لەسەر پەیژەکان دانیشتوون و چاوەڕێی نۆرەن. بۆنێکی توند و خۆش لە هەوا شەپۆل دەدا. دەڵێی ئەو خەڵکە ڕاهاتوون دەرپێی خۆیان پیس بکەن. قەت خۆیان ناشۆن. دۆن پاولۆ کڵاوەکەی لەسەردەنێ و عەبای بەشانی دادەدا و هەرچەندە باران دەبارێ ڕوودەکاتە کۆڵان دەکەوێتە بیری چاوپێکەوتنێک کە سەردەمێک لە کاناڵی گەنداوەکانی پاریسدا ئەنجامی دابوو. وای دێتە بەرچاو کە ئێستا لە زەڵکاوێکی دیکە هاتۆتەدەر. ئەوە کە بەحوکمی غەریزە لە شیکردنەوەی بەدبەختی و ڕازی تایبەتی خەڵک خۆ دەبوێرێ، ئەدی هەر بۆیە نییە کە دەترسێ ئەو خەیاڵی ساکاری کە لە ڕەنج و ئازاری مرۆڤ و لە ئارامکردنی ئەوان لە زەینی خۆیدا بەرجەستەی کردبوو، تێک بچێ؟ لەوانەیە بترسێ لەگەڵ هێندێ دەردی ئینسانی بەرەوڕوو بێ کە چاریان نەیە؟ و لەپڕ داوەری لیبراوی «ئولیوا» لە بارەی خۆیەوە وەبیر دێنێتەوە کە دەیگوت: «واقعییەت تۆ دەترسێنی. تۆ بەزۆر خۆت کردۆتە خۆشبین و شۆڕشگێڕ چونکە پێچەوانەی ئەوە تۆ دەترسێنێ.»

دۆن پاولۆ بۆ ئەوەی وەک مشکی تەڕی لێ نەیە و دەستبەجێش نەچێتەوە موسافیرخانە، پەنا بۆ ماڵی کولامارتینییەکان دەبات. کریستینا ڕادەکا و دەرگای لێ دەکاتەوە. دۆن پاولۆ لەو ڕۆژەوە کە بۆ پیتراسکا گەڕاوەتەوە جگە لە کاتی تێپەڕبوون بەکۆڵاندا نەیدیوە. کیژی گەنج لاواز بووە. دیارە ڕەنج دەکێشێ و کراسێکی ڕەشیش کە لە تازیەی باوکی دەبەری کردووە ئەم هەستە بەهێز دەکات. بەقەشە دەڵێ:

– ئێستا زیکری خێری تۆ بوو.

لە متبەقی گەورە کە کریستینا قەشە دەباتە وێندەرێ تەواوی کەسانی بنەماڵەی ئەو کیژە گەنجە، واتە دایە گەورە و پووری و دایکی و برای لەوێن. ئالبێرتۆ لیباسی ئەفسەری ئەرتەشی لەبەردایە و لە ڕوونکردنەوەدا دەڵێ:

– منیش داوتەڵەب بووم. لەجیاتی ئەوەی لێرە لە بێ کاریدا بسووڕێمەوە، مانگانە چەند سەت لیرەیەک وەردەگرم. ئەگەر داوتەڵەب نەبوومایە بەئیجبار دەیانبردمە سەربازی. باشترە مرۆڤ کاری چاک بەمەیلی خۆی ئەنجام بدا.

بۆنێکی سووکی هەوای پیس لە متبەق دێ کە بەعەتری قوتووی کۆنسێر و شەڕابی بۆندار لەبەین چووە. ژنەکان بێ دەنگن. دۆن پاولۆ لەپشت شووشەی پەنجەرەوە تەماشای باخ دەکات کە باران ئاوی داوە و ئێستا کراسی پایزی دەبەر کردووە.

گوڵەکان تۆویان کردووە. تۆیەکە ڕژاوەتە سەر زەوی و لە زەویدا دەڕزن و لەو ڕزینە گوڵی تازە شین دەبن. پوور ڕادەبێ و بەئاماژە دایکی کریستیناش بەدوای خۆیدا بانگ دەکات. بەڵام دایکی کریستینا مەبەستی وی تێناگات و وەک منداڵی بچووک و ئینسانی ئاقڵ شیرین پێکەنینێکی ئەحمەقانەی دێتێ. کریستینا و ئالبێرتۆش دەڕۆن تا ماینەکە لە تەویلە ڕنەک بکەن. دۆن پاولۆ لەگەڵ دایە گەورە بەتەنیا دەمێنێتەوە. پیرێژن دەڵێ:

– تۆ ئاخرین کەس بووی پاسکاڵی کوڕم پێش گەڕانەوە لە فوسا قسەی لەگەڵ کردووی. ئەو چی بەتۆ گوت؟

قەشە لە وەڵامدا دەڵێ:

– ئەو بەمنی گوت: کۆتایی کارە! نەیدەویست هیچ کەسی لەگەڵ بێ. بەڕاستیش کۆتایی کار بوو، زیاتر لەوە هیچی نەگوت.

پیرێژنی ڕەشپوش لەسەر مۆبلێک دانیشتووە کە پارچەکەی لە کۆنە مەخمەرێکی سوورە و لەپێش پەنجەرە دانراوە کە دەڕوانێتە باخ. ئەو پیرێژنێکە ورد و پیر و پڕ چرچولۆچ. بەچاوی وەک شووشە و بێ حاڵ تەماشای قەشە دەکات و کاتی قسەکردن پووکەکانی نیشان دەدا کە دانێکی تێدا نەماوە و دەڵێ:

– ئەوان ئێمەیان بۆیە بەتەنیا بەجێ هێشت کە دەیانویست من لەلای تۆ ئیقرار بکەم. بەڵام من نامەوێ ئیقرار بکەم. بۆ ئیقرارکردن شتێکم کەمە، ئەویش هەستی پەشیوان بوونەوەیە. ئاخر لە چی پەشیوان بمەوە.؟

دەستەکانی وەک خاچ لەسەر سنگی داناوە. ئەو دەستانەی وەک ئامرازی کۆن دەچن کە لەبەر کاری زۆر و دژوار و بەردەوام سیس بووبن. باسکە وشکەکانی وەک دوو لقەدار دەچن کە چاوەڕوانی بڕین بن و بیانخەنە سەر ئاگر.

پیرێژن دووپاتی دەکاتەوە:

– لە چی پەشیوان بمەوە؟ لەو هەشتا ساڵ تەمەنەدا جگە لە یەک شت هیچی ترم نەویستووە. یەک

شتی ڕاست، تەنیا یەک شتی ڕەوا، ئەویش شەڕافەتی بنەماڵەم بووە. جگە لەوە بیرم لە هیچ شتێکی دیکە نەکردۆتەوە، هەرگیز هیچی دیکەم نەویستووە. هیچ کارێکم نەکردووە. بەڵێ لە ماوەی هەشتا ساڵی تەمەندا... ئێستا لە چی دەبێ پەشیوان بم.؟ ئێستا لە قووڵایی چاوەکانیدا کە لەپڕ گوشادبوون، نیگەرانییەکی بێ هومێدی و ترسێکی کە ماوەیەکە شاراوەتەوە، ترسێکی ئەوەندە لە چار نەهاتووە و ناهومێدێکی وەها دەردەکەوێ کە دۆن پاولۆ بەدیتنی وی واقی وڕدەمێنێ.

پیرێژن دەپرسێ: «ئایا کۆتایی کارە.؟.. بەڕاستی کۆتایی کارە؟ کۆتایی هەموو شتێکە یا تەنیا کۆتایی کاری کولامارتینییەکانە؟ کاتێ پیرێژن دەزانێ کە دۆن پاولۆ لە چاوەکانی وی ڕاماوە، چاو دەنوقێنێ. سەری وەک ئێسک و کەچەڵییی، شکڵی سەری پاساری وەبیر دێنێتەوە. چ شتێکی قابیلی شکانە و هەر لەو کاتەشدا چەندە ڕەق و سەخت و خۆڕاگر و کارتێنەکەرە.

هەشتا ساڵ خۆڕاگری! کاتێ کریستینا بەدایە گەورەی گوتبوو: «ئەگەر پەشیوان نەبیەوە و ئیقرار نەکەی دەچیە جەهەندەمێ.» دایە گەورە وەڵامی دابۆوە: «قەیناکا. با بچمە جەهەندەمێ.» بەڵام ئێستا کە دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە تا لەگەڵ قەشە ڕاوێژ بکا. زیاتر لە هەموو شت دەیەوێ لە وردەکاری مەسەلەیەکی دین ئاگادار بێ. بۆیە دەپرسێ:

– ئەوانەی کە هەست بەپەشیوانی ناکەن و هەر لەبەر ئەوەش دەچنە جەهەندەم، چەندە لەپێش داوەری ئاسمانیدا دەمێننەوە؟ ئایا لانی کەم کاتی ئەوەیان دەبێ کە بەرەو ڕوو ڕاستی بەخودا بڵێن.؟

دۆن پاولۆ مەجبوورە ئیعتراف بکا کە ئەگەر ئەزموونی شەخسی ڕێگای نادا لەم بارەوە فتوا بدات، بەڵام ئاقڵی ساخ حوکمی لێ دەکا کە وەڵامی ئەرێیی بداتەوە. هەر ئەوەش بۆ پیرێژن بەسە. کریستینا بەوەخت دێتەوە تا دۆن پاولۆ تا بەر دەرگا بەڕێ بکات. بەڵام بەر لەوە قەشە بڕوا، کیژ پێ دادەگرێ کە ژوورێکی بچووکی پەنا متبەقی پێ نیشان بدا کە لەوێ دەزگایەکی بچووکی جۆلاییی دانراوە. لەم ژوورەدا کریستینا لە ڕۆژ و هێندێ جاریش بەشەو تا نیوەشەو سەعاتەکانی بەتاڵی خۆی بەکار دەباتە سەر. کیژی گەنج بەقەشە دەڵێ:

– خوری گرانە و ئیتر هیچ کەس پارچەی دەست چن ناکڕێ چونکە بۆتە شتێکی خۆ ڕانان. تەنیا هێندێ لە دۆستەکانم سەبارەت بە لە بەرچاوگرتنی وەزعی من کاریان پێ سپاردووم.

دۆن پاولۆ دەڵێ: «ئیتر ناتەوێ بچیەوە دێر؟»

کریستینا لە وەڵامدا دەڵێ:

– ئێستا ئیتر چۆن دەتوانم؟ تازە دەبێ بڵێم کە تەنگوچەڵەمەی مادی تاقە گیروگرفتی ئێمە نییە. ئەگەر لەم بارەوە لەگەڵ تۆ قسەم کرد تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە لە دیتنی پیرێژنەکانی وەک دایکم و دایە گەورەم و پوورم کە هەموویان لە ئاخری تەمەندان و بەم حاڵەش ژیانیان دابین نییە، دڵم پڕ دەبێ. بەڵام بێ بەشی مادی لەبەرانبەر فەقری ئەخلاقیدا هیچە. مردنی باوکم پارسەنگی بنەماڵەی ئێمەی تێکدا. ئەو شتانەی کە پێشتر لە بارەی وانەوە هیچمان نەدەبیست، ئێستا بۆتە مەسەلەیەکی جێگای باس و

موناقەشە.

کاتێ قەشە داوای ئیجازەی ڕۆیشتن دەکا، کریستینا دەری دەبڕێ کە هەر لەم ڕۆژانەدا لە کات و شوێنی دیاریکراودا کە جێگای موافەقەتی قەشە بێت، بێ و ئیقرار بکا. دۆن پاولۆ لەپڕ سوور هەڵدەگەڕێ و دەڵێ:

– ئاخ... نا، نا،

ئەو خەیاڵە کە بەبیانوی ناوونیشانی درۆی خۆی لە ڕازی دەروونی کیژێکی گەنج ئاگادار بێ لەپڕ وەک گوناحێکی چاو لێ نەپۆشراو دێتە بەرچاوی. لەگەڵ ئەوەش هەست دەکا کە هەر چۆنێک بێ، دەبێ نەویستنی خۆی بەکیژەکە بڵێ. بەڵام هیچ بیانوو و عوزرێک نادۆزێتەوە و لە کاتێکا نارەحەتە دەڵێ:

– من پێت دەڵێم کە بچیە لای ئیقرار بیسی دایمی خۆت. جگە لەوە من بەخۆشییەوە ئەم وتووێژە وەبیر دێنمەوە کە بەهاری پارەکە پێکەوەمان هەبوو بەر لەوەی بگەڕێمەوە بۆ قەڵەمڕەوی خۆم. خۆشحاڵ دەبم کە دووبارە پێکەوە کەمێک بدوێین. هەرتکیان بەهیوای ئەوەی کە زووتر یەکتر ببیننەوە لێک جیا دەبنەوە.

لە سالۆنی موسافیرخانە شاتاپ کە لە دەشت گەڕاوەتەوە چاوەڕوانی قەشەیە تا نامەیەکی بداتێ کە لە کن «مارتا»وە هێناویەتی. لەو نامەیەدا نووسراوە کە گیانی دۆن بنە دێتو لە مەترسیدایە. مارتا ڕوونی کردۆتەوە کە ؛ «یەکێک خەبەری بەئێمە داوە و بەڵگەی نیشان داوە کە جێگای گومان لە ڕاستی خەبەری خۆیدا ناهێڵێتەوە. من نازانم بچمە لای کێ؟ کنچتینۆ ڕاگۆ لە ئەفریقایە و دوکتۆر ساکاش دەترسێ پلە و شوێنی خۆی لە دەست بدا.»

دۆن پاولۆ ناتوانێ خۆی بچێتە ڕوکا و بزانێ مەسەلە چییە و چ هەنگاوی پێویست بنێ. چونکە ئەگەر دۆن بنە دێتو ئێستا لەژێر چاوەدێریدا بێ، ترسی وە هەیە کە شاگردی قەدیمی وی بناسرێ و بگیرێ و بکەوێتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوە. بۆیە دۆن پاولۆ دەکەوێتە فیکر کە نووسراوەی مارتا بۆ مۆریکا بنێرێ. مۆریکا خۆی خەڵکی ڕوکایە و دەتوانێ بێت و بچێ بێ ئەوەی سەرنجی کەس بۆ لای خۆ ڕاکێشێ. دۆن پاولۆ چەند ڕاسپاردەیەک بەم جۆرەی خوارەوە لە نووسراوەی مارتا زیاد دەکا: «تا وەزعی بەترس و هەڕەشەی ئێستا هەیە، دۆن بنە دێتو نابێ تەنیا لە ماڵ بچێتەدەر. ئەگەر بۆ دەرکەوتن ناچاربێ، پێویستە هەنگاو بەهەنگاو لە گەڵی بێ. خۆت دەبێ بچیەماڵیان و شەو لەوێ بمێنیەوە.»

دۆن پاولۆ لە شاتاپ دەپرسێ: «ڕۆژانە کە کار دەکەی چەندەت وەگیر دەکەوێ؟»

– لە چوار تا شەش لیرە.

– من هەقی دوو ڕۆژانت پێشەکی دەدەمێ بەو مەرجە ئەم نامەیە بۆ ڕوکا بەری.

شاتاپ «گاریبالدی» لە تەویلە دەر دەکێشێ و سوار دەبێ و بەغار بەرەو دۆڵ دەیکوتێ. بەیانی ئەو ڕۆژە شەمویە. کریستیناش نامەیەکی لە مارتاوە پێ دەگات کە لەوێدا باسی مەترسی دۆن بنە دێتو کراوە. لەو نامەیەدا نووسراوە: «ئەنجوومەنی ئەیالەتی دوورخستنەوە لە ترسی ئەوەی نەکا هەرای لێ ساز بێ نەیوێراوە ئەو بەدوورخستنەوەی ئیجباری لە دوورگەیەک مەحکوم بکات. هەر بۆیەش نەیانگرتووە و

نەیانداوە بەدادگای تایبەتی. باشترین ڕێگاچارەی دێتویانەتەوە ئەوەیە کە بەبێ دەنگی «سەری دەگۆمێ ڕابکەن»

کریستینا نامە بەدەست دەچێتە کن دۆن پاولۆ. ڕوونکردنەوەی قەشە کریستینا پتر نیگەران دەکات. کریستینا دەیەوێ ئیراد بگرێ و دەڵێ:

– ئاخر دۆن بنە دێتو هەرگیز دەستی لە سیاسەت وەرنەداوە. چۆن دەکرێ بەناوی دوژمنی حکوومەت ڕاوی بنێن؟

دۆن پاولۆ لە وەڵامدا دەڵێ:

– ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە جێگای مرۆڤی ئازادی تێدا نابێتەوە. تەنیا ئەو قەشانە لە ئەماندان کە مەزهەب بخەنە خزمەتی حکوومەت و بانکەکانەوە. ئەو هونەرمەندانەی کە هونەری خۆیان بفرۆشن و ئەو حەکیمانەی سەودا بەزانستی خۆیان بکەن. ئەوانی تر هەر چەند کەمیش بن دەخرێنە زیندان و دوور دەخرێنەوە و دەکەونە ژێر چاوەدێرییەوە. بەو مەرجە کە مەعمووری دەسەڵاتدار بەگوێرەی پێویست بەبێ دەنگی سەریان دەبن گۆم دەنێن.

کریستینا لەم قسانە تێناگات. ئەم مەتڵەبە بۆ ئەو سەرنج ڕاکێش نییە. ئەو نایەوێ لەگەڵ ئەم گیروگرفتانە سەر و کاری هەبێ. بەڵام ئەو دۆن بنە دێتو و خوشکی خۆش دەوێ و ئێستا کە ئەوان لە مەترسیدان نایەوێ بەجێیان بێڵێ.

پاش ئیجازە وەرگرتن لە دایە گەورە دەچێتە ڕوکا بەو مەبەستە تا شەوی یەکشەمۆ لەوێ بمێنێتەوە. لە ڕوکا هەموو شت ئاساییە. دۆن بنە دێتو لەو خەبەرانە ئاگادارە کە پێیان ڕاگەیاندوە. بەڵام نازانێ داخوا خوشکی کەسی دیکەی ئاگادار کردووە یان نا؟ بەهەمان خولقی خۆشی هەمیشەیی کاری ڕۆژانەی خۆی درێژە پێ دەدا. کاتێ شەوی پێشوو مۆریکا داوای کردووە کە لەوێ بمێنێتەوە، پێی وابووە کە کوڕی لاو لەگەڵ دایک و بابی دمەقاڵی بووە. بۆیە ئەو داوایەی پێ سەیر نەبووە. بەڵام کاتێ کریستینا لەڕێوە دەگاتێ و داوا دەکا ڕۆژێک میوانی بێت، پێی سەیر دەبێ. کریستینا شەو لە ماڵی خۆیان نەمێنێتەوە! بێ گومان ڕووداوێکی گرنگی لەپێشە. بەڵام خەریکبوونە ئەو مەسەلانە بەخوشکی دەسپێرێ.

ئێوارەی شەمۆ خزمەتکاری کەنیسەی «سن مارتینۆ» دێت و داوەتنامەیەکی بۆ دۆن بنە دێتو هێناوە کە سبەی پێشنوێژی مەسح لە کەنیسە وەستۆ بگرێ.

مارتا دەپرسێ: «بۆ چی دۆن چیپریانۆ» ناچێ؟»

خزمەتکاری کەنیسە دەڵێ: «چیپریانۆ لە شوێنێکی دیکە کاتی گرتووە.»

کاتێ خزمەتکاری کەنیسە دەڕوا، مارتا تکا لە برای دەکات کە داوەتنامە ڕەت کاتەوە و نەچێ.

دۆن بنە دێتو لە وەڵامدا دەڵێ: «هیچ دەلیلێک نییە کە داوەتنامە ڕەت کەمەوە و خەریکی کاری دیکە دەبێ.

کریستینا شەو لە لای مارتا دەباتە سەر. مۆریکا لە متبەق دەنوێ. دۆن بنە دێتو تا شەو درەنگ

لەپشتی مێزی کاری خۆی خەریکی ڕێکوپێککردنی نووسراوە و نامەکانی خۆی دەبێ. بەیانی مارتا لەبەر دەرگای ماڵ چاوەڕوانی برای دەکا و لەبەری دەپاڕێتەوە کە نەچێتە «لاما» پێ دادەگرێ کە ئەو هیچ پێویستی بەوە نییە کە بچێ لە کەنیسەیەکی دیکە نوێژی مەسح بکا. پاشان لە وتەی خۆی زیاد دەکا و دەڵێ: «دوێنێ شەو خەونێکی ناخۆشی دیوە،»

دۆن بنە دێتو پاش وەڵامدانەوەی بەموحیببەت و پاش چەند وتەیەکی گەمە و شیرین لە بارەی خەون لێکدانەوە، خواحافیزی لە خوشکی دەکا و، بەڵام ڕێ دەدا کریستینا و مۆریکا لەگەڵی بچن.

ڕۆیشتن بۆ «لاما» بەپێیان نیزیکە، سەعاتە ڕێیەکە. لەبەر ئەوەی باریوە، ڕێگا قوڕ و لیتەیە. هەرچەندە تاو هەڵاتووە بەڵام هێشتا هەوا گەرم نەبووە و پڕە لە سەرمای شەداری شەوانە. کریستینا لەلای ڕاست و مۆریکا لەلای چەپەی پیرەمێرد دەڕۆن. دۆن بنە دێتو بەکیژی لاو دەڵێ:

– کریستینا! ئێستا پیاوێک لە پیتراسکا لە موسافیرخانەی مالتانا دەژی. ئەگەر ڕۆژێک پێویستی بەیارمەتی تۆ هەبوو داوات لێ دەکەم یارمەتی بدەی.

کیژی لاو دەپرسێ: «مەبەستت دۆن پاولۆیە؟ پێت وایە ئەو پێویستی چی بەمن دەبێ؟»

پیرەمێرد دووبارە دەڵێ: «کریستینا! زۆر جار لەوانەیە هێندێ مەسەلە بێنە پێش کە تۆ نەتوانی بەمێشکی خۆت لێیان تێبگەی. ئەو دەم هەوڵ بدە کە بەدڵ لێیان تێبگەی»

لە دەشتی فۆچینو مژ وەک شەپۆلی بێ دەنگ و دەریایەکی ئارام بۆ لای بەرزاییەکان هەڵدەکشێ. لە نێو ئەم دەریایەدا چەند دوڕگەی بچووک کە منارەی کەنیسەکان و سەری بەرزترین دارەکانی تەورێزین، سەریان وەدەر ناوە.

دۆن بنە دێتو بۆ ئەم دو لاوە دەگێڕێتەوە کە سەردەمی لاویی کاتێ لە تەمەنی واندا بووە حەزی لە کەونارا ناسی بووە. کاتێ بیستوویە لە تەکمیشی فلان ڕەز بەردی سەیر دیتراونەوە و یا لە وێرانکردنی فلان بناخەی ژێر زەوی ئێسقانی کەللە ئینسان دۆزراونەوە، زۆر جار چۆتە گوندەکانی دەوروبەر. لە گێڕانەوەی ئەم قسانەدا نوکتە و قسەی خۆشی گونجاندوون و لاوەکانی وە پێکەنین خستووە.

کاتێ دیمەنی «لاما» دەردەکەوێ دەنگی زەنگوڵەی کەنیسەی «سان مارتینو» دەبیسرێ کە ئیمانداران بۆ نوێژی مەسح بانگ دەکات. دۆن بنە دێتو لە کاتێکا گرژ و خەمناکە، بێ دەنگ دەبێ. سان مارتینو کەنیسەیەکی کۆن و دوورکەوتووە کە لەساڵدا یەک دوو جار زیاتر نوێژی مەسح لەوێ ناکرێ. لەپێش کەنیسەدا پیرەمێرد لە کریستینا دەپرسێ:

– تۆ دەزانی وەڵامەکانی نوێژی مەسح لەبەر بخوێنی؟

کیژی لاو دەڵێ: «بەڵێ، من لە دێر زۆر جار ئەم کارەم لە ئەستۆ بوو.»

پیرەمێرد دەڵێ: «کەیف خۆشم لە ئیمڕۆ لە نوێژی مەسحدا، تۆ وەڵامدەری منی.»

پێش دەرگای کەنیسە لە مەڕمەڕە کە لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان ڕەش هەڵگەڕاوە و نیشاندەری دەرگایەکی گەورەیە کە بەردتاشی وی دزێو و گاشەیە.

دۆن بنە دێتو و کریستینا بەدەرگای تەنیشتدا ڕاست دەچنە خەزێنەی کەنیسە و مۆریکا بەدەرگای بەردی گەورەدا دەچێتە ژوور. هەردی کەنیسەی سن مارتینو لە تەختە بەردی قەبر فەڕش کراوە. یادگاری سەردەمێکە کە هێشتا قەبرستان نەبووە و مردووەکانیان لەژێر زەمینی کەنیسە دەناشت. دوو ڕیز هەر یەکەی تێکەڵ لە سێ کۆڵەکە بەتاقی زەربی ژووری کەنیسەیان بەسێ بەش دابەشکردووە. تاقەکان پشتیان بەسێ کۆڵەکەی کۆنەوە هەیە کە پایەیان نییە و ڕاست لە هەرد هاتوونە دەر و لەسەری کۆڵەکەکان کۆتاییەیان دێت کە لە ئامرازی جوان و ڕازێنەر کە لە ناوچە جیاوازەکان کۆکراونەوە دروست کراون. میحراب لەبنی کەنیسەیە کە بەشکڵی تەختە بەردێک سروشتی بەرزیان کردۆتەوە. لەبان وی خاچێکی داریی ڕەنگ کراو بەڕەنگی ڕەش چوار چلچرایان پێوە هەڵاوەسیوە. لەلای چەپەی میحراب شکڵێکی بەڕەنگی شین لەسەر دیوار کێشراوە کە جەهەندەم نیشان دەدا. جەهەندەم پڕە لە شەیتانی ڕەش کە بەشکڵی ترسناک و نەفرەت ئەنگیز خۆ دەنوێن و بەهەزاران شێوە خەریکی ئازاردانی ڕۆحی «وەرزێرانی» مەلعونن. ئەو مەلعونانەی کە یا لە دیزەی ئاوی کولیو دەکوڵێن و یا بەدارانەوە هەڵواسراون. لەلای ڕاستی میحراب شکڵێکی دیکەی هەیە نیشانەی ئەفسانەی سێ مردوو و سێ زیندووە کە تەنزێکە لە کۆمەڵگای سەدەکانی نێوەڕاست و بەشکڵی سەمای مردووان بەرجەستە کراوە. ئیسکلیتەکان یا کڵاوی بەرزی ئوسقۆفی و یا تاجی پاپ و یا تاجی ئاساییان لەسەرە و لە کاتی سەمادا ئێسکەکانیان وێک دەکەون. خزمەتکاری کەنیسە هەر چوار شەمی میحراب هەڵدەکا و زەنگوڵەیەکی بچووک بەنیشانەی دەستپێکی نوێژی مەسح وەدەنگ دێنێ. ئیمانداڕانی ئامادە لە کەنیسە ڕەنگە دە دوازدە کەس بن کە هەموویان ژن و کیژی جحێڵن. دۆن بنە دێتو کە ئێستا کراسی متفەرکی نوێژی مەسحی دەبەر کردووە لەپێش هەوەڵین پەیژەی میحراب وێستاوە و کریستینا کە لەلای چەپی چۆکی داداوە بۆ خوێندنی وەڵامی نوێژ ئامادە دەبێ.

کریستینا لەسەرخۆ و بەقەڕائەت وەڵام دەداتەوە. هەر دەڵێی وشەگەلی لاتین بەند بەبەند شی دەکاتەوە. مۆریکا لە نیزیک دەرگا لە پەنا قاپی ئاوی متفەرک ماوەتەوە. چەند پیاو کە بەگوێرەی عادەت درنگ دەگەنێ بۆ بەشداری لە نوێژی مەسح دێنە ژوور. سەری قامکیان بەئاوی پیرۆز تەڕ دەکەن و نیشانەی خاچ دەکێشن. یەک لەو پیاوانە پێستی ماری بۆ چاووزار لە کڵاوی درووە و، یەکی دیکە چەند داوە مووی لە زنجیری سەعاتەکەی بەستووە. دۆن بنە دێتو لە پەیژەی میحراب دەچێتە سەر و ئەو شتانەی کە پێویستە بۆ دابی تناول القربان-ی نوێژی مەسح کەڵکی لێ وەربگیرێ لەسەر میحرابی دادەنێ. دۆن بنە دێتو داری تایبەتی کە کتێبی دوعای لەسەر دادەنێن و ئێستا نامیلکەی دوعاکانی نوێژی مەسحی لەسەرە لەلا چەپەی خۆی دادەنێ و نووسراوەکان دەخوێنێ. پاشان سێ پایەی کتێبی دوعا لەلای ڕاستەی دادەنێ و ئینجیل دەخوێنێ. ئیمانداڕانی ئامادە لە ڕێوڕەسمی «تناول القربانی نوێژی مەسح» بەشداری دەکەن وردە وردە کە دۆن بنە دێتو ئەژنۆیان دەچەمێنێ و بۆ لای خەڵک سەر وەردەگێڕێ و دوعا دەخوێنێ، ئەوانیش بەگوێرەی قۆناخی جیاوازی ئەم ڕەسمە پیرۆزە ئەژنۆ دادەدەن و یا هەڵدەستنەوە. تەنیا مۆریکایە کە هەروا بەپێوە ڕاوەستاوە. تەنیا ئەوە کە تەماشای شانۆ دەکا و لە دڵی

خۆیدا شاهیدی ڕازێکی دیکە و قوربانییەکی دیکەیە. لە ڕوانگەی ئەو ڕێوڕەسمی نوێژی مەسح بەکاوەخۆ و نائاسایی دەڕواتە پێش. گفتوگۆی مەزهەبی نێوان بەڕێوەبەری دابوڕەسمی نوێژ و وەڵامدەرەوەی «دۆن بنە دێتو و کریستینا» لە حاڵەتی یەک هەوایی و ساردیی کەنیسە دێتە دەر و لەپڕ وتووێژەکە وروژانێکی پڕ مانا بەخۆوە دەگرێ. دەنگی پیرەمێرد ئارام و خەفەتاوی لەگەڵ هەرەکەتی سەبر و ڕێک هاوهەنگاوە.

دەنگی کریستینا منداڵانە و بەترسی وەک پاڕانەوە وشەگەلی لاتین بەند بەبەند دەڵێتەوە. پیرەمێرد سەر بۆ لای ئیمانداران وەردەگێڕێ و بەگریانەوە داویان لێ دەکات کە: Orate fratres (برایان دوعا بکەن) ئەو دەم مۆریکاش ئەژنۆ دادەدا.

کیژی لاو وەڵام دەداتەوە: Suscipiat Dominus Sacrifcium de manibus tuis (یانی: خودا ڕۆژی فیداکاری لەنێوان دەستەکانی تۆدا دەربخات!)

ئاڵتونی جامەکە لە نێوەڕاستی میحرابدا لەبەر ڕووناکی شەمەکان شەبەقی داوە و جەغزێکی نورانی بەدەورەی سەر سپی قەشەدا کێشاوە.

هەموو جارێ کە کریستینا بەپێش میحرابدا تێدەپەڕێ تا لەلایەکەوە بچێتە لایەکی تر لە نێوەڕاستی ڕێگا ئەژنۆ دەچەمێنێ. ئێستا ئەو لەلای ڕاستەیە، دەستێکی گۆزەی شەڕاب و دەستی دیکەی گۆزەی ئاوی پێیە. دۆن بنە دێتو بەجامی ئاڵتونەوە بۆ لای دەچێ و کریستینا هێندێ شەڕاب و هێندێ ئاوی بۆ دەجامەکەی دەکا. لە سەرەتای ڕەسمی تەبەروکی شەڕابی مەسح ئیماندارەکان ئەژنۆ دادەدەن و ڕوو لە هەرد هەڵدەسوون. دۆن بنە دێتو بۆ هەریەکە لە شتەکانی «تناول القربان» دوعای تایبەتی دەخوێنێ و فویان پێدا دەکات. سێ جاران ئیقرار بەلێنەهاتوویی خۆی دەکا. سێ جاران دووپاتی دەکاتەوە: Dom-inus non Sun digns (خودایا من شایستەی تۆ نیم) پاشان لەسەر میحراب دادێتەوە. لە نانی متفەرک دەخوا. پاشان جامی ئاڵتون هەڵدەگرێ و دەیخواتەوە. پاش ئەنجامی ئەم ڕەسمە ئیماندارەکان دووبارە هەڵدەستنەوە، بەڵام دۆن بنە دێتو بێ جووڵە لە نێوەڕاستی پەیژەکان دەمێنێتەوە و ئانیشک وەمێزی پیرۆز دەدا. دەڵێی دەترسێ کە لەپڕ نەکەوێ. بەدوای ئەوەدا ئەژنۆکانی دوو لا دەبنەوە و پیری ڕووحانی دەکەوێتە ژێر میحراب. کریستینا لەسەرخۆ بانگی دەکا و سەبرۆکە لێی دەپرسێ چما حاڵت خەراپە. لەنێو ئیمانداراندا چەند ژن دەست بەگریان و هاوار دەکەن. مۆریکا بەتاڵوکە بەنێو کەنیسەدا بۆ لای میحراب دێت و باسکی دۆن بنە دێتو دەگرێ و بەیارمەتی کریستینا بۆ خەزێنەی کەنیسەی دەبەن. ئیماندار لە کەنیسە دەچنە دەر و لە مەیدانی گوندی لێک کۆدەبنەوە و لە بارەی ئەو بەدبەختییەی بۆ قەشە هاتۆتە پێش بیروڕای جیاواز دەردەبڕن. یەکێک دەڵێ لەخۆچووە.

ئەوانی تر دەڵێن: فەقیرە پیرەمێرد شەڕابی مەسح ئازاری داوە.

دوو نیزامی بەتاڵوکەیەکی سەیر دەگەنە شوێنی ڕووداو. ئەوان بێجگە لە شاهیدی دانی مردنی دۆن بنە دێتو کارێکی دیکەیان نییە. کراسەکانی نوێژی مەسحی لەبەر دەردێنن و جەستەکەی بۆ چاوەڕوانی گەیشتنی کار بەدەستانی دەوڵەتی دەخەنە ژێر چاوەدێری. کریستینا و مۆریکا نایانەوێ لە مەیدان بچنە دەر. بەڵام بەزۆری وەدەریان دەنێن. کریستینا لە ترس و نیگەرانی دەلەرزێ، زمانی ناگەڕێ. بەچاوی

زەق لە ترسان و بەسەرسوڕمان تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات. بەزەحمەتی زۆر دووبارە بۆ کەنیسە دەگەڕێتەوە و لەوێ بێ هۆش وەهەردی دەکەوێ. مۆریکا کریستینای ون کردووە و نازانێ وەڵامی ئەو کەسانە چۆن بداتەوە کە لێی دەپرسن چ ڕوویداوە و ئەم ڕووداوە چۆن هاتۆتە پێش. لەو کاتەدا کالسکەیەک دەبینێ کە بەغار بۆ لای «ڕوکا» دەڕوا. کالسکە ڕادەگرێ و سواری دەبێ.

١٢

دۆن پاولۆ بەمۆریکا دەڵێ:

– پاش ئەو موسیبەتەی کە دیتمان ئیتر ئێمە ناتوانین وەک خەڵکی دیکە لە بارەی سیاسەتەوە قسە بکەین. کاتێ باشی بیر لێ بکەینەوە دەبینین سیاسەت بۆ ئێمە بۆتە شتێکی دیکە. مۆریکا وەپێش قەشە کەوتووە تا دڕکەکانی سەر ڕێگا لابدا. هەرتکیان بەکوێرە ڕێیەکی خلیسکدا دەڕۆن کە بەر لەوەی بگاتە ڕووباری پیتراسکا و بەپەنا ئەودا درێژە بدا، بۆ قوولایی دۆڵ سەرەو ژێر دەبێتەوە. مۆریکا ئەم کارەساتە بۆ دۆن پاولۆ دەگێڕێتەوە کە پاش مردنی دۆن بنە دێتو ڕوویداوە.

– دەست تێوەردانی کاربەدەستانی کەنیسەیی بوو بەکۆسپی ئەوە کە هۆی ڕاستەقینەی مردنی دیاری بکرێ. ئوسقۆف بەمارتای گوتووە: خانم بەڵێنت پێ دەدەم کە ڕەوەندی مردنی برای تۆ بەباشی ڕوون دەکرێتەوە. بەڵام پشکنینی تەرمەکەی بەشێوەیەکی باش نەبوو، بۆیەش بەکارێکی بێ سوودیان زانی. دوکتۆر ساکا کە خوشکی دۆن بنە دێتو داوای لێ کردبوو لە «ئاکوافەردا» بێتە «ڕوکا» بەتاڵوکە چووە قەبرستان، بەڵام ڕێگایان نەدا کە تەماشای تەرمەکەی بکات.

دۆن پاولۆ دانی پێدادەنێ:

– لەژێر کارکردی ئەم زەبرەی کە بەبیستنی ئەم کارەساتە وێم کەوتووە، ئێستا وەخۆ دێمەوە. من پێم وانەبوو کە دۆن بنە دێتو تا ئەو ڕادەیە بۆ من گرنگ بێ. پازدە ساڵ بوو ئەوم نەدیبوو و بەدەگمەن خەبەرێکم لەو وەردەگرت. فێرکردەکانی وی منیان کردبووە مەسیحی، بەڵام نەک مەسیحییەکی «بەشێوەی پێویست» پاش تەواوکردنی مەدرەسە و پێوەندی لەگەڵ ژیانی ڕاستەقینە، فیکری من بەلایەنێکی تەواو پێچەوانەی ڕێگای مەزهەب پەرەی سەند و ئوسوڵێکی دیکەم کردە جێنشینی ئوسوڵی مەسیحیەت. لەگەڵ ئەوەش تەنانەت لەو کاتانەشدا کە زیاتر لە هەموو کاتێک لە کاری سیاسی خۆمدا نوقم ببووم، لە قووڵای دڵمەوە هەستم بەخۆشی دەکرد لەوەی کە ئەو پیرەمێردە لە شوێنێکی ئەم جیهانەدا دەژی. دیارە من تێ دەکۆشام خۆم لەو بەندە ڕزگار بکەم کە لە فێرکردەکانی وی لە مێشکمدا مابۆوە.

داب و شوێنی ساکارانەی ئایینی مەسیحیم بەگاڵتە وەردەگرت. لە ڕۆژنامەکاندا دژی کەنیسە وتارم دەنووسی. بەڵام لە دڵدا لە خۆم دەپرسی: «ئەگەر کەسێک دۆن بنە دێتو لە کارەکانی من ئاگادار بکا، پیرەمێرد دەڵێ چی؟» من ئەو دەم هیچ پێشبینی ئەوەم نەدەکرد کە هەلومەرج نەکەر من بۆ لای ئەو دەگێڕێتەوە بەڵکو ئەویش لە من نیزیک دەکاتەوە.

هەرتک پیاو بەدرێژایی ڕووبار بەدوای یەکدا دەڕۆن. زۆری پێ ناچێ دەبێ هەرتکیان ڕاوەستن. چونکە قوڵکەیەکی گەورە ڕێگای بەستبوو. هەورێک لە عاسمان دەردەکەوێ کە هەر دەمە بۆ لایەک دەڕوا و دەڵێی نازانێ ڕوو دەکوێ بکات. ئاخرەکەی بۆ لای فوچینۆ دەڕوا.

کەللەسەری کەرێکی تۆپیو کەوتۆتە قوڵکە و سپی هەڵگەڕاوە، بەڵام هێشتا ددانەکانی لە مەلاشوویدا

دەبینرێ.

دۆن پاولۆ دەڵێ: «ئێستا وا دێتە بەرچاوم کە لە ماوەی ئەم پازدە ساڵەدا نیوەی تەمەنم بەفیڕۆیی چووە. لە ڕاستیدا لە تەواوی ئەو ماوەیەدا لەبەر ئەوە کە لە سەردەمی لاوێتیدا بەکردەوە بڕوام بەبیروباوەڕی ئایینی هەبووە، دەمێک لە کوتان و ڕماندنی هێزی دەروونی خۆم خافڵ نەبووم. بەئیرادەیەکی سەرەڕۆیانە کە بێزاری لە کەنیسە بردبوویە فیکری من هەوڵم دەدا لێهاتووی ئاقڵانی کە بەدەرکی زەینی لە دنیای ئابووری و سیاسەت وەرمگرتبوو، بیکەمە جێنشینی هێزی دەروونی خۆم. چونکو بەلێکدانەوەی خۆم ئیتر پێویستم بەوان نەمابوو. بەڵام کاتێ بۆ مارسیکا گەڕامەوە زەینم کرد کە تێکۆشانی من بۆ سەرکوتکردنی هێزی دەروونی سەرکەوتوو نەبووە و ئەو دەرکی زەینی نەکردۆتە جێنشینی وی بەڵکو لەگەڵ وانی تێکەڵ کردووە. لەگەڵ ئەوەش ئەوەی دووبارە لە پیتراسکا لە مەزهەبەوە هاتە بەرچاوم، منی لەوەدا شێلگیرتر کرد کە نەفرەتی من لەو لە جێی خۆی بووە. کاتێکی چاوم بەدۆن بنە دێتو کەوت ئەوەندە قاڵ ببووم کە تێبگەم تەقەلای کوێر کوێرانەی من بۆ سازکردنی تێکۆشانێک لەنێو وەرزێران و پێک نەهاتنی پێداویستییەکانم و وەرنەگرتنی نەتیجەیەکی خێرا و بەرچاو، لە نەبوونی پارسەنگی دەروونیم سەرچاوەی گرتووە. چەند ڕۆژ لەسەریەک بیرم لەوە کردۆتەوە کە دۆن بنە دێتو پێی گوتبووم. هاتنی تۆ بۆ پیتراسکا و ئیقراری تۆ ئاخرین بەربەرەکانی دەروونی منی تێکشکاند و ئەو دەم قسەکانی دۆن بنە دێتو تا قوولایی گیانم کاریان کرد. لە ماوەی چەند ڕۆژدا تەواوی ئەو ڕێوشوێنەی مەسیحیەت کە زیندوو و خۆڕاگر لە گۆشەی مێشکمدا شارابوونەوە، جارێکی دیکە گیانیان هاتەوەبەر، بەڵام مەسیحییەتێکی دوور لە ئەفسانەی خەرافاتی. دوور لە بیروباوەڕی پشت سەری سروشت و ئازاد لە چاودێری و پشکنینی کەنیسە، مەسیحییەتێک کە تەسلیمی بارەگای خودای سەروەت و سامان نابێ و دەستی پێڕەوی بۆ لای «پونس پیلات» درێژ ناکات. مەسیحیەتێک کە وەسیلەی کار دیتنەوە نییە، بەڵکو وەک سزای لە خاچدان لەبەین براوە. ئیماندارەکانی خۆی لانی کەم بۆ زیندان دەنێرێ. ئەم زیندووبوونەوەی بەشێک لە وجودی من کە ئەوم بەعەیبی خۆم دەزانی و تێدەکۆشام تا لەبەینی بەرم و بیشارمەوە، ئیمڕۆ هەستێکی ئارامی بەدەنیی بەمن دەبەخشێ کە چەند ساڵ بوو لێی بێ خەبەربووم و هێز و ئازایەتێکیم وەبەر دەنێ کە هەرگیز لە خۆمدا شک نەدەبرد.

مۆریکا دەڵێ: «من زۆر جار دەمبیست لە دەستەدا باسی تۆیان دەکرد. بەڵام تۆم پێ وانەبوو. ئەو دەم کەمێک لە تۆ دەترسام.»

دۆن پاولۆ دەڵێ: «مرۆڤێکی شۆڕشگێڕیش وەک ئەوانی تر لە ئێسک و گۆشت و پێست پێکهاتووە. هێندێ وەک پۆڵا دێنە بەرچاو و مرۆڤ دەیەوێ سوێند بخوا کە بەدەنیان یەک پارچەیە. بەڵام ئەوانیش وەک خەڵکی دیکە لە ئێسک و گۆشت و پێست دروست کراون.»

پاش ئەوەی ئەم دوو پیاوە کوێرەڕێی درێژایی ڕووبار بۆ خوارەوە دەبڕن، لە دۆڵێدا دەگەنە نوختەیەک کە بەرین دەنێتەوە و جادەیەکی کالیسکە ڕۆ لەگەڵ کوێر ڕێی وان تێکەڵ دەبێتەوە. مۆریکا پێشنیار دەکا: «باشترە هەر لێرە بوەستین چونکە ئەگەر بچینە پێشتر لەوانەیە لەسەر جادە بمان بینن و بمان ناسن.»

پۆلیس لەو ڕۆژانەدا مۆریکای خستۆتە ژێر چاوەدێری توندەوە. ئەو دەیەوێ لەگەڵ دۆن پاولۆ نەبیندرێ. بەقەشە دەڵێ: «من لە ڕوکا ئەنجوومەنێکم لە نووسەرانی گەنج دامەزراندووە.»

- نووسەران؟

- بەڵێ، لە نووسەران

دۆن پاولۆ دەپرسێ: «ڕەنگە مەبەستت ئەنجوومەنێک بێ لە هەڤاڵدەرانی ڕۆژنامە بچووکەکانی ناوچەیی؟»

- ئەوانەی من دەڵێم هیچ کاتێ ئامادە نابن لەگەڵ ڕۆژنامەکانی ئێستا هاوکاری بکەن،

- چەند کەسن و لە کوێ شت دەنووسن؟

مۆریکا لە ڕوونکردنەوەدا دەڵێ:

- جارێ سێ کەسن. چەند کەسی دیکەش هەن ڕەنگە لە ئەنجوومەندا قبووڵ بکرێن، بەڵام باشترە ئیحتیات بکرێ. جگە لەوە سێ کەسە، کوڕی زۆر باشن و من چاکیان دەناسم. هەموویان فەقیر و نەدارن و تەنیا مەدرەسەی سەرەتاییان دیوە، پاش کارەساتی مردنی دۆن بنە دێتو هاتنە لای من و پرسیان دەبێ چ بکەین؟ پێکەوە باسمان کرد و ڕێککەوتین کە دەبێ ڕاستییەکان بڵاو بکەینەوە. حەقیقەت هەر ئەو ئەسڵەیە کە دۆن بنە دێتو لە هەموو شتێک زیاتری خۆش دەویست. کەوابوو تاقە ڕێگای شادکردنی ڕۆحی ئەو خوالێخۆشبووە ئەوەیە کە حەقیقەت بناسین. ئەوان بۆ هەموو کارێک ئامادەن کە ڕۆحی دۆن بنە دێتو شاد بکا. هەر بۆیەش ئەنجوومەنێکیان بەناوی نووسەرانی حەقیقەت پێکهێناوە. شەوانە سواری دووچەرخە دەبن، بەگێچ و خەڵوزەوە دەچنە گوندەکانی دراوسێ و ئەم حەقیقەتە لە دیواران دەنووسن:

«دۆن بنە دێتو ژار خواردوو کراوە.» باسکرا کە ئایا دەبێ شتێک لەم ڕستەیە زیاد بکرێ یان نا. وا بەباش زانرا کە هیچ شتێ نابێ لە حەقیقەت زیاد بکرێ. ئەگینا حەقیقەت نابێ. لەسەر ئەوەش ڕێککەوتین کە پێویست نییە بۆ بەهێزکردنی حەقیقەت شتێکی دیکە بنووسرێ، چونکە شتێکی بەهێزتر لە حەقیقەتی ساف و خالیس نییە. لە ئەنجامدا بڕیار درا کە لە هەموو شوێنێ و بێ پسانەوە- واتە تا هەموو خەڵک تێدەگەن - هەر بنووسن: «دۆن بن دێتو ژار خواردوو کراوە.» جگە لەم چەند وشەیە هیچی تر نەنووسرێ. تەنانەت نوختەی سەرسوڕمانیشی لێ زیاد نەکرێ. ئەو دەمە ئەوانەی نایانەوێ تێبگەن، مەجبوور دەبن کە تێبگەن. کاتێکی بزانن کەسانی وا هەن کە ئامادەن ئەو لەبیر بەرنەوە، ئەم لاوانە دووبارە لەسەر دیواران دەست بەنووسین دەکەنەوە کە دۆن بنە دێتو ژار خواردوو کراوە. ئەو دەم ئەوانەی دەیانویست لە بیری بەرنەوە مەجبوور دەبن وەبیری بێننەوە. ئەوەیە ئەرکی ئەم نووسەرانە.

مۆریکا باسی لایەنگرانی دیکەش دەکا کە لە گوندەکانی جیاوازدا بڵاون. لەوانە دارتاشێکە دوازدە ساڵ لە ئەمریکا بووە و لەوێ لەگەڵ دەستەکانی ئاژاوەچی پێوەندی هەبووە.

وەرزێرێک کە پێش شەڕ سەرۆکی سەندیکای وەرزێران بووە. کابرایەکی خەڵکی «پراتولا» کە ئێستا لە فوسا گاریەی هەیە. چەند کەسی دیکەش، بەڵام مۆریکا لەوە دەترسێ کە نەزانێ چۆن بیاندوێنێ. لە

وتەکانی خۆی زیاد دەکا:

- تۆ ئێستا گوتت پاش بەسەرهاتنی ئەو هەموو بەڵایە ئیتر ناتوانی وەک پێشوو باسی سیاسەت بکەی.

دۆن پاولۆ دەڵێ:

- هەر چەندی بکرێ دەبێ لەم بارەوە کەمتر قسە بکرێ، لەگەڵ ئەو کەسانەی ناوت هێنان و لەگەڵ خەڵکی دیکە ڕەنگە ببیە ئاشنا، هەوڵ بدە لەگەڵیان ببیە دۆست. کاتێ ئەوان بڕوایان بەتۆ کرد، دەتوانی ئەوان تێ بگەیەنی کە مەبەست ئەوە نییە کە هێندێ فۆرمۆڵی تازە و یا جۆرە سڵاوێکی تازە و یا دەبەرکردنی لیباس و کراسی ڕەنگین بکرێتە باو، بەڵکو مەبەست ژیانە بەشێوەیەکی تازە. ڕەنگە ئەوەندەش بەس بێ کە بڵێی مەبەست ئەوەیە بەواتای ڕاستەقینە ببی بەئینسان. ئێمە ئەوەندە لە ئینسانەتی دوورکەوتووینەوە کە هەر یەک لە ئێمە کاتێ وەزعی بەکەمگرتوویی ئێستای خۆمان لەگەڵ ئەوە پێک دەگرین کە بەهەق دەتوانێ هەمانبێت، لانی کەم هەست بەناڕەحەتی دەکەین. هەر یەک هەست پێ دەکا کە کەموکوڕی هەیە، دزێو بووە، شکڵی گۆڕاوە و سەرکوتکراوە. هەموو شۆڕشێک لەناخی خۆیدا هەمیشە وەڵامدەری ئەم پرسیارە سەرەتاییانەیە کە ئینسان چییە؟ و ژیانی ئینسانی چییە؟

هێندێ کەس تووشی نەخۆشی دەمارگرژی بوون کە شۆڕش لە ڕوانگەی وانەوە جۆرە سەرخۆشی و یا هەڵچوون و وروژانی گۆرانیە و لەسەر ئەو باوەڕەن کە: «ڕۆژێک ژیانی وەک شێر باشترە لە سەت ڕۆژ ژیانی وەک مەڕ» بەڵام شۆڕش بۆ فەقیران شتێکی دیکەیە. ئازادبوونە، نیاز بەسادەیی و ڕاستییە، قبووڵ نەکردنی چارەنووسی مەڕانە و ڕەتکردنەوەی چارەنووسی شێر-یشە. ئاخریەکی پێکهێنانی بارودۆخێکە کە شایانی پلە و ژیانی ئینسانی بێت.

مۆریکا دەڵێ:

- شۆڕش نیازی ئینسانە بۆ ئەوەی ئیتر تەنیا نەبێ و کەسیش ئەو بەگژ کەسێکی دیکەدا نەکات. تێکۆشانێکە بۆ پێکەوەبوون و نەبوونی ترس و نیازی برایەتی.

دۆن پاولۆ دەڵێ:

تۆ ناتوانی بێنیە بەر خەیاڵت کە لە وڵاتێکی وەک ئیتاڵیا بوونی سەت لاو کە ئامادە بن بۆ چاوپۆشی لە هەموو جۆرە ئاسایش و خۆشی ژیان و بڕیار بدەن قەت فاسید نەبن و ئازاد بن لە بەندی خاوەن ملکی شەخسی و گوێ نەدەنە شەهوەتی جنسی و پلەوپایە و یەکگرتوو بن لە برایەتی و دۆستایەتی، چ واتایەکی دەبێ! سەت لاوێک کە لەگەڵ کرێکار و وەرزێران بژین و نەیانەوێ لێیان جیابنەوە، سەت لاوێکی خاوەن بڕوا کە لە هەموو بوار و لە هەموو پرسیارێکدا ڕاستی بڵێن و لە ڕاستی بەدەر هیچ نەڵێن و خۆشیان لەسەر بناخەی ڕاستی بژین. لاوانێک کە نەک بەدروونی نیشانە لەجیاتی دوگمە لە لیباسی و نەک بەلیباسی یەک شکڵ، بەڵکو بەشێوە ژیانی تایبەتی خۆیان لە خەڵکی دیکە جیاواز و شاز بن.

کوێرەڕێ لەنێو چیمەنێک لەگەڵ جادە تێکەڵ دەبێتەوە و مێگەلە مەڕێک لەوێ دەلەوەڕێ. کاتێکە کە حەوانەکان لە چیا دێنە خوار و بۆ دەشتێ دەچن تا زستان لەوێ بەرنە سەر. شوانێکی پیر خەریکە ئاگر دەکاتەوە. شوانێکی گەنج فوو لە ئاگر دەکا و شوانێکی دیکە چیلکە و داری وشک کۆ دەکاتەوە. شوانی پیر ناوی «بونیفاتسیو پاتاکا»یە و بانگی دۆن پاولۆ دەکا تا بۆی بگێڕێتەوە کە دۆن بنە دێتوی لە خەو دیوە. شوانی پیر دەڵێ: «ئەو بزەی لەسەر لێوی بوو دەیویست لیرەیەکم بداتێ.

– لیرەکەی دایەی؟

– نەخێر، ماوەیەکی زۆر لە گیرفانیدا لە لیرە دەگەڕا، بەڵام پارەی نەبوو،

دۆن پاولۆ قاقا پێدەکەنێ و لیرەیەک دەدا بەشوان.

«بونیفاتسیو» دووبارە دەپرسێ: «ئاغای قەشە تۆ چیرۆکی دەریاچەی فوچینۆت بیستووە.؟»

دۆن پاولۆ چیرۆکی وا نازانێ و بونیفاتسیو چیرۆک دەس پێ دەکا:

– مەسیح وەک دارتاش بەدوای کاردا دەگەڕێ. گەیشتە مارسیکا و ماڵ ماڵ لە ماڵەکان دەپرسێ: «ئێوە بۆ دارتاشێکی فەقیر کارتان هەیە.؟» خاوەن ماڵ لێی دەپرسێ: «لەکوێوە دێی؟ ناوت چییە؟ پاسپۆرتت هەیە؟ نامەی لێت ڕازی بوونت هەیە؟ شەو دادێ بێ ئەوەی مەسیح کارێکی پەیدا کرد بێ. ئەو دەم دەگەیشتە هەر بێ کارێک دەیگوت: «بەدوای مندا وەرە!» هەموو وەدوای دەکەوتن. مەسیح پێی دەگوتن سەر وەرنەگێڕن و هیچ کەس ئاوڕی نەدەداوە. کاتێ گەیشتنە سەر چیا مەسیح گوتی: «ئێستا دەتوانن ئاوڕدەنەوە» لە جێگای گوندی ئاوەتزانو گۆلێک پێکهاتبوو. ئێستا ئەگەر وەزع هەروا بڕوا زۆری پێ ناچێ کە ئەوێ دیسان دەبێتەوە گۆل.

دۆن پاولۆ دەڵێ:

– بیستوومە لەم چیایە کانگا هەیە.

بونیفاتسیو وەڵام دەداتەوە: «خودا نەکا کانگا هەبێ.»

دۆن پاولۆ تێناگا بۆچی.؟ شوان بۆی ڕوون دەکاتەوە:

– مادام چیا فەقیرە ئی مەیە، بەڵام کە دەرکەوت دەوڵەمەندە دەوڵەت بەخاوەنی دەکات. دەوڵەت دەستێکی درێژی هەیە و دەستێکی کورت. دەستی درێژی دەگاتە هەموو جێیەک و بۆ وەرگرتنە، دەستی کورتی بۆ دانە، بەڵام ناگاتە کەس کە زۆریش نیزیکن.

برای دینی «ئانتی فونا» بەجادەی کالسکە ڕۆدا دەڕوا. بونیفاتسیو بانگی دەکات تا دەنگوباسی ئەفریقای لێ بپرسێ. بەڵام برای دینی لەکن قەشە لە عەزابدایە، لە شوان دەپرسێ:

– چما کوڕەکەت دەبێ بچێتە سەربازی؟

– بەڵێ، ئاخری مانگ.

برای دینی سکەی «سن فرانسوا» کە تایبەتی پاراستنی گیانی شەڕکەرانە بەشوان نیشان دەدا.

شوان دەپرسێ: ئەوانە یەکی بەچەندین؟

– پەنجا سانتیم

بونیفاتسیو لیرەی دۆن پاولۆی دەداتێ و باقی لێ وەردەگرێتەوە. سکەی گەورەتری نیشان دەدا کە دیارە کاریگەرترن وقیمەتیان یەک لیرەیە.

بونیفاتسیو دڕدۆنگ دەبێ. برای دینی دەڵێ:

– کاتێ مەسەلەی گیانی کوڕت دێتە گۆڕێ نابێ لەچەر بی،

بونیفاتسیو واز لە لیرەکەی دێنێ. دۆن پاولۆ ئیراد دەگرێ:

– ئەو لیرەی بەدیاری دام بەتۆ، ئەوت دایە؟

شوانی پیر سەر دەباتە بن گوێی قەشە و دەڵێ: «ئەو نەبوو. سکەیەکی قەڵب بوو.»

قەشە و برای دینی پێکەوە بەرەو جادەی پیتراسکا دەکەونە ڕێ. قەشە دەپرسێ:

– فرۆشتنی سکە برەوی هەیە؟

ئەوی دی لە وەڵامدا دەڵێ: «خەراپ نییە ئەگەر لە ڕۆژی ئامادەبوونەوە دەست پێ کرا بایە برەوی زیاتر دەبوو. بەڵام کەنیسە هەمیشە درەنگ دەجوڵێتەوە. باوکی ڕووحانی شارستانی ئێمە پیربووە و مەوعیزە نازانێ. باوکی ڕووحانی نیگابانی ئێمە کە بەڕاستی هەستی بۆنکردنی تیژی پیرۆزانی هەیە چەند مانگ پێش بۆی نوسیبوو: «شەڕ دێ نیزیک دەبێتەوە و ئێمە خەریکی چین،؟ داخوا ناکرێ سکەیەکی تایبەتی بۆ پارێزگاری گیانی سەربازان لێ بدرێ؟» باوکی پیری شارستانی وەڵامی دابۆوە: «شەڕ؟ شەڕی چی؟» و بەم چەشنە کاتیان بەخۆڕایی دا و ئێمە خافڵگیر بووین. لەگەڵ ئەوەش بۆ سکاڵا نابێ و هەر چەند وەدوا کەوتووە داواکاری سکە زۆرە.

هەرتکیان لە ڕێگادا ژنێک لەسەر جادە دەبینن کە لەسەر ئەژنۆیان دەڕوا. وەک کیسەیەک دەچێ کە لە کۆنە پەڕۆ قوڕ دروست کرا بێ. کیسەیەک بەڕێگادا بڕوا و بەلادا بێت. دۆن پاولۆ لەپێشدا دەترسێ نەکا ژن شێت بووبێت. بەڵام ئەو لە ڕاستیدا دایکە. دایکێک کە کوڕەکەی چۆتە شەڕ و ئەو نەزری کردووە کە لە پیتراسکاوە تا لاما لەسەر ئەژنۆیان بڕوا بەو هیوایە کوڕەکەی بەسلامەتی لە شەڕ بگەڕێتەوە. ژنی چارەڕەش لە بەیانییەوە کەوتۆتە ڕێ. دەنگی گیراوە و ڕوخساری گۆڕاوە و چاوی پڕ بوون لە خوێن و مات و بێ حاڵە. وا دێتە بەرچاو کە هەموو دەم لەوانەیە بکەوێ.

دۆن پاولۆ دەیەوێ مەجبووری بکات هەستێ و بەپێ بەڕێگادا بڕوا. بەڵام ژن بەچنگ و دان بەرگری لەخۆ دەکات. ئاخر ئەو نەزری کردووە و ئەگەر هەستێتە سەر پێ کوڕەکەی لە ئەفریقا نایەتەوە. ئانتی فونای برای دینی سەری لەوە سوڕماوە کە قەشە ئەو مەسەلە ساکارە تێناگات.

هێندێ دوورتر باب و کوڕێک کە هەرتکیان سواری کەرێکی چکۆلە بوون، پەیدا دەبن. برای دینی سکەیان نیشان دەدا: یەکی پەنجا سانتیم. کابرا پارەی نییە. بەڵام پێشنیار دەکا دەسرەیەکی سێو بداتێ، برای دینی قبوڵی دەکات. دەسرەیەک سێو بۆ پاراستنی گیانی کوڕێک زۆر نییە.

قەشە و هەواڵەکەی لای ڕۆژئاوا دەگەنە پیتراسکا. بەر لەوە بگەنە پرد، لە نیزیکی ساختومانی بچووکی مەدرەسەی ئاوایی لێک جیا دەبنەوە. چونکە برای دینی دەبێ لە گوندی بگەڕێ و دەیەوێ لە مامۆستای مەدرەسەوە دەست پێ بکات. لوتکەی چیاکانی پشتی پیتراسکا بەفر سپیی کردووە. لە پەنجەرەیەکی ئاواڵەوە دەنگی پیاوێک و کیژێکی بچووک دەبیسرێ. ئا... ئا.. ئای.... ئۆ...

ئەوە سەرەتایە، سەرەتای ساڵی تازەی خوێندن، سەرەتای کتێبی هەوەڵی سەرەتایی. بۆ کیژەکە سەرەتای ژیانە. بەدوای ویدا دەنگی منداڵێکی کوڕ دێت: «با... ب.. بێ....ب... بو....

قەشە ڕادەوەستێ تا گوێ بداتێ. دووبارە دەنگی کچەکە بەرز دەبێتەوە

– فا.... ف... فا.... فی... فو

نیسێ بەسەر پیتراسکادا هاتووە. تەنیا ماڵی کولامارتینی لە بەشی بڵیندی گوندی هێشتا تاو ڕووناکی کردووە.

کریستینا لەپشت پەنجەرەیەکی قاتی ئاخری ڕاوەستاوە و ڕوومەتی وەشووشەیەک دەچێ کە ڕۆژی لە ئاوابووندا لەوێ ڕەنگی دابێتەوە. دۆن پاولۆ لە تەواوی گوند لەو ڕوخسارە زیاتر هیچی دیکە نابینێ.

هێشتا ڕۆژئاوا نەبووە کە هەوا ساردە و دەیبەستێ. ماتالنا لەبەر دەرگای موسافیرخانە هەروا خەریکی تەشی ڕستنی خۆیەتی و دەزوو بەنێو قامکانیدا دەچێتە سەر و چاوەڕوانی گەڕانەوەی قەشەیە. تەماشای عاسمان دەکا و دەڵێ: «بەو زووانە بەفر دەبارێ.»

بەڵام پاش دوو ڕۆژ بەفر دەبارێ. بەیانی ڕۆژی دووەم کاتێ دۆن پاولۆ لە خەو هەڵدەستێ دەبینێ دیمەن گۆڕاوە و وەک دیمەنی چیرۆکی پەریانی لێ هاتووە. بەفر وەک شتێکی چاوەڕوان نەکراو قورس و مات دەبارێ.

کریستینا دێتە دیدەنی دۆن پاولۆ. چاوەکانی کیژی لاو لەبەر ڕەنجی ڕەوانی گەورە بوون، دەڵێ:

– خەبەرت هەیە کە دۆن بنە دێتو خوشکی خۆی و کەسێکی بەناوی «پێترۆ سپینا» وەک میراتگری خۆی دیاری کردووە.

نامەیەک بەدۆن پاولۆ نیشان دەدا کە لەوێدا «دۆن چیپریانو» پاش ڕاگەیاندنی ئەو خەبەرە و کەڵک وەرگرتن لە دەرفەت گوتوویەتی کە دۆن بنە دێتو دەبێ ئاقڵی لە دەست دابێ. (واتە مێشکی لەق بوو بێ)

– داخوا ڕاستە کە پێترۆ سپینا دوژمنی دینە؟

– بەڵێ ڕاستە.

– کەوابوو دۆن چیپریانۆ هەقیەتی؟

– نا.

کریستینا ڕوخساری بێ ڕەنگ و دەردەداری ڕەنج دێتوی خۆی بۆ لای دۆن پاولۆ بڵیند دەکا و حاڵی

وی وەک حاڵی ئەو بوونەوەرانەیە کە کەم کەم لەبەر خەم و بەڵا هیلاک بوون و تەمەننای کەمێک ئارامی و حەسانەوەیان هەیە،

دۆن پاولۆ دەڵێ: «هێندێ مردوو هەن کە دەبێ لە حاستی وان وەفادار بی.»

کیژی لاو بەچاوی بەئەسرینەوە تەماشای دەکا و چەند جار بەئاماژەی سەر قسەکانی وی پشت ئەستوور دەکا. پاشان دەڵێ: «لە فریام کەوە!»

هێندێ دێهاتی بۆ ئەوەی هەوڵێن ڕۆژی بەفربارین جێژن بگرن کاتی ڕۆژئاوا دێنە موسافیرخانەی ماتالنا. کریستینا کەمێک درەنگتر دەگاتێ. دۆن پاولۆ لە نیزیک بوخاری دانیشتووە و وەرزێران و ژن و منداڵ دەورەیان داوە. لەلایکی نیزیک ئاگر سەگێک وەرکەوتووە و لەلای دیکە منداڵی شیرە خۆری «ترزا سکارافا» واتە هەمان منداڵی کە قەرار بوو بەکوێری لە دایک بێ و بەڵام نەجاتی بوو. منداڵەکەیان لە قەرتاڵەیەکدا وەک گوڵی کەلەم لەسەر هەردی داناوە و ڕوومەتی لەبەر ئاگری وەک سێو سوور بۆتەوە. خەڵک داوا لە دۆن پاولۆ دەکەن کە چیرۆکێکیان بۆ باس بکا و کریستینا پێ دادەگرێ کە داستانی پیرۆزان بێت. ئاخرەکەی دۆن پاولۆ ناتوانێ داخوازی وان ڕەت کاتەوە، کتێبی دوعای خۆی هەڵدەگرێ و بەدوای پێڕستی نووسراوەکاندا دەگەڕێ و بەشێوەی تایبەتی خۆی دەست دەکا بەنەقڵی داستانی شەهیدان کە لە کتێبەکەدا هاتووە.

چیرۆکی شەهیدان هەمیشە جۆر بەجۆرە و هەمیشەش وێک دەچن. سەردەمی وان سەردەمی قەیرانی توندە. حکوومەتێکی سەرەڕۆیە بەرێبەرایەتییەک کە لیباسی خودایەتییان کردۆتە بەر. کەنیسەیەکی کرم خواردوو و کۆن کە بەسەدەقە زیندووە. لەشکرێکی بەکرێگیراو کە قووتدانی پارووی ڕەنگینی ئارام و بێ ژانەسەر بۆ دەوڵەمەندەکان ئامادە دەکات. میللەتێکی کۆیلە و ئامادەی دایمی شەڕی تازەی ڕێک لەگەڵ تاڵان و ڕاووڕووت بۆ پاراستنی ئابڕووی حکوومەتی سەرەڕۆ. لەم بەینەدا موسافیری گومانلێکراو لە دەرەوەڕا دەگەنێ. ئەوان بەسەبرۆکە باسی پەرجویان دەکەن کە لە ڕۆژهەڵات ڕوویان داوە. ئەوان مزگێنی ئەوەیان هێناوە کە ئازادی نیزیکە.! داماو و برسی و ناهومێدەکان بۆ بیستنی قسەکانیان لەژێر زەمینەکان کۆ دەبنەوە، ئەم خەبەرە لە هەموو جێ بڵاو دەبێتەوە. نوێ دینەکان کەنیسەی خۆیان بەجێ دێڵن و دینی تازە وەردەگرن. نەجیبەکان کۆشکەکانیان بەجێ دێڵن. یوزباشەکان ڕا دەکەن داروغە کۆبوونەوە نهێنییەکان خافڵگیر دەکەن. زیندانییەکان ئەشکنجە دەدەن و لە دیوانی تایبەتی دادگایی دەکرێن. ئەوان بزە لەسەر لێوان خۆ لەبەر ئەشکنجە ڕادەگرن. لاوەکان وەک کەلاک داوێنە پێش دڕندان و پیرەکان زیندانی دەکەن. ئەوانەی زیندوو ماونەوە لە حاست مردووەکان وەفادارن و بڕوای نهێنیان بەوان هەیە. زەمان دەگۆڕێ. شێوەی لیباس پۆشین ونانخواردن و کارکردن و زمانەکان هەموو دەگۆڕێن، بەڵام لە دەرووندا هەر ئەو داستانەیە کە درێژەی هەیە، داستانی ئینسان.

لە نیزیک ئاگردان لەپێشدا سەگ دەخەوێ، پاشان منداڵی نێو قەرتاڵە و بەدوای واندا ئامادەبووانی مەجلیس. ئەوانەی نەخەوتوون تەماشای ئاگر دەکەن. ئەو دەم کریستینا دەڵێ:

– لە هەموو دەورانێک و لەژێر ئاڵای حکوومەتانی جۆربەجۆردا، بەرزترین کاری ڕۆح ئەوەیە کە خۆی فیدا

بکات تا خۆی بدۆزێتەوە. خۆی فەنا بکا تا خۆی دووبارە پەیدا کاتەوە. مرۆڤ جگە لەوەی دەیدا نییەتی.

ئاگر کوژاوەتەوە، میوانەکان شەوباش دەڵێن و دەڕۆن. دۆن پاولۆ دەچێتەوە ژوورەکەی خۆی. دەفتەرچەی وتووێژی لەگەڵ کریستینا کە لە ڕۆژەکانی هەوەڵی نیشتەجێبوونی لە پیتراسکا دەستی پێ کردبوو، دووبارە بەدەستیەوە دەگرێ. هەوەڵین لاپەڕەکانی کە پڕە لە موحیبەت و ئیرادەت سەبارەت بەکیژی لاو دەخوێنێتەوە. دیسان دەیخوێنێتەوە و لاپەڕەکانی کە بەئیلهام لە تێشکان و ڤین نووسراوە، دەیاندڕێنێ. هەشت مانگ لەو کاتە تێپەڕیوە، ماوەیەک کە بۆ ئەو و بۆ کریستینا بێ فایدە نەبووە. پێش ئەوەی بخەوێ چەند دێڕێک بەشێوەی خوارەوە لە گفتوگۆیەکە زیاد دەکا:

– بەڵێ کریستینا، ڕاستە، مرۆڤ جگە لەوەی دەیدا چیدیکەی نییە. بەڵام بەکێی دەدا و چۆن؟ ئەڤینی مە و نیەت چاکی و ئیرادەی مە لە فیداکاری و لە خۆ بوردوویییدا، ئەگەر لە ڕێگای ئارمانێکی نادیار و غەیرە ئینسانیدا تەرخان بکرێ، ئەستێور دەمێنێتەوە و تەنیا بەمەرجێک بەرهەمی دەبێ کە لە ڕێگای پێوەندی ئێمە دابێ لەگەڵ هاوجۆرمان. ئەخلاق جگە لە ژیانی بەکردەوە پەرەناستێنێ و ناپشکوێ.

«ئەگەر شعوری ئەخلاقی خۆمان هەر چەند بەکەمیش ڕووی لە ئاژاوەیەک بکەین کە بەسەر ئاقاردا زاڵە، ناتوانین دەست لەسەر دەست دابنێین و تەنیا دڵ بەوە خۆش کەین کە چاوەڕوانی دنیایەکی سەرووی ئەم دنیایەی زەمینی بین. ئەو دێوەی کە پێویستە دژی ئەو خەبات بکەین، تەنیا ئەم بوونەوەرەی خەیاڵی بەناو شەیتان نییە، دێو تەواوی ئەو هۆکارانەن کە مرۆڤ دژی مرۆڤ دەهاروژێنن.»

دۆن پاولۆ کە دەگاتە ئێرە تووشی دوودڵی دەبێ. دەزانێ کە دەیەوێ چ بڵێ، بەڵام نازانێ چۆنی بڵێ. چونکە ڕووی ئاخافتنی دەکریستینایە. لە بیری نەچۆتەوە کە مەسەلەی کۆمەڵایەتی مەسەلەی ئەخلاقی نییە و تەنیا لە ڕێگای ئەخلاقەوە چارەسەر ناکرێ. دەزانێ هەرچۆنێک بێ پێوەندی نێوان ئینسانەکان لە ئیحتیاجەوە سەرچاوە دەگرێ نەک لە چاکە و خەراپەی نیەتی ئێمە. بۆ گۆڕینی ئەم پێوەندییانە مەوعیزەی ئەخلاقی بەس نییە. بەڵام دەمێک دێتە پێش کە کۆنی و زەرەرمەندی هێندێ لە پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی وەک ڕۆژ دەردەکەون. ئەو دەمەیە کە ئەخلاق ئەو شتە مەحکووم دەکات کە مێژوو مەحکوومی کردووە. هەستی دادپەروەری دەبێتە هۆ کە کۆیلەکان یاخی بن. پێشەنگەکان چەک هەڵگرن، ڕۆحی شەهیدان گڕ بگرێ و خاوەن بیر و هونەرمەند ئیلهام وەرگرن.

«ئەی کریستینای خۆشەویست، ئەوەندە بەسە تەماشای دەوروبەرمان بکەین تا بزانین کۆمەڵگای ئێستا گەییوەتە ڕادەیەکی چەندە چەپەڵیی. دیارە کاری هەموو کەس نییە بچێتە سەر میحراب و وتار بدا، کاری هەموان نییە کە بچنە نێو دەستەیەکی سیاسی و بۆ گۆڕینی ڕێکخراوی کۆمەڵ خەبات بکەن. لەگەڵ ئەوەش کیژێکی لاوی وەک تۆ ئەرکی سەرشانیەتی بۆ دیتنی ڕووداوەکانی دەوروبەری چاو بکاتەوە و چاوی ئەو کەسانەش بکاتەوە کە دەیانەوێ هەر بەچاوی بەستراو بمێننەوە.

«ئەگەر بوونەوەرانی وەک تۆ کە لەسایەی بەخشینی زاتی خاوەنی سەروەتی فراوانی ڕۆحین، ڕۆژێک لە بەخشینی ئەم سەروەتە لە ڕێگای پەرستنی خەیاڵاتی مەزهەبێ دەست هەڵگرن و بۆ وەبەرهێنانی ژیانی

کۆمەڵایەتی تەرخانی بکەن، چ گۆڕانکارییەکی مەزن لە جیهاندا پێک دێت.! بەم جۆرەیە کە لە ئەنجامدا پیرۆزەکانی نوێ و شەهیدانی نوێ و ئینسانەکانی نوێ پەیدا دەبن.

«من لەسەر ئەو بڕوایە نیم کە ئیمڕۆ بتوانی ڕۆحی خۆت بەجۆرێکی دیکە ڕزگار بکەی. ڕزگار ئەم کەسەیە کە بتوانێ بەسەر غەڕەیی تاکی و دەمارگرژی بنەماڵەیی و چینایەتی خۆیدا زاڵ بێت و لە دێر نەبێتە گۆشەنشین و بۆرجێک لە ئێسکی فیل بۆ خۆی دروست نەکا و شێوەی ڕەفتار و هەستی لێک جیا نەبن. ڕزگار ئەو کەسەیە کە ڕووحانییەتی خاسی خۆی لە بەندی تەسلیم بەئاژاوەی مەوجود ئازاد بکا. ژیانی مەعنەوی هەمیشە بەرهەمی فیداکاری و لەخۆبردوویییە. لە کۆمەڵگایەکی وەکۆمەڵگای ئێمە ژیانی مەعنەوی ناتوانێ جگە لە ژیانی شۆڕشگێڕی شتێکی دیکە بێت.!

«ئەی کریستینا، نابێ بترسی، نابێ لەبەر بوونی ئەمنیەت هەر چەند ئەمنیەتی زێدەیی و پاکی خۆشت بێ، تەسلیم بی. ژیانی مەعنەوی و ژیانی جووت لەگەڵ ناز و نیعمەت لەگەڵ یەک بەڕێگادا ناڕۆن. بۆ ڕزگاری خۆت دەبێ خەبات بکەی و گیان بخەیە مەترسییەوە.

دۆن پاولۆ ئەوەی نووسیویەتی دووبارە دەیخوێنێتەوە و ئەم ڕێگایە هەڵدەسەنگێنێ کە کاتی گەڕانەوە بۆ ئیتاڵیا بڕیویەتی. لە گەڕانەوەی و لە هاتنەوە سەرخۆ، شادە. تەواوی شەو بەفر دەبارێ. بەیانی کاتێ ماتالنا قەشە بانگ دەکا، ئەو هێشتا نوستووە. هێندێ لە وەرزێران و منداڵەکانی گاریباڵدی، لەپێش موسافیرخانە کەری شاتاپیان دەورە داوە. کەڵاکی گورگێکیان هاویشتۆتە سەر پشتی کەر کە هەر بەیانی ئەو ڕۆژە لە چیاکانی پشتی پیتراسکا کوژراوە. تووکی گورگ بەڕەنگێکی خۆڵەمێشی خوێن و قوڕی پێوەیە. ددانەکانی گورگ سپی و قایمن. دوو پەڵە خوێن نیشانەی دوو گوللە بەشان و پەراسووی گورگەوە دیارن. ڕاوچییەکان بەگوێرەی داب بەماڵاندا دەگەڕێن و گورگی کوژراو نیشان دەدەن تا دەستخۆشانە وەربگرن. «لویچی باندوچیا» کە هێشتا تفەنگی لە شانی دایە ڕوونی دەکاتەوە کە ئەوە چوارەمین گورگە کوشتوویەتی. مۆری ئەوین لەپشت ملی گورگ نیشان دەدا کە ئەوە جێگای گازی گوڵە گورگی لە دێڵە گورگی گرتووە. ئەڤین لەنێو گورگاندا کارێکی جیددییە. باندوچیا لە دوورەوە دەتوانێ لوورەی جیاوازی گورگ لێک بکاتەوە. لوورەی ترس، ئەوە کاتێکە کە گورگ دەبینێ بەچەکەوە پەلاماری دەدەن. لوورەی خوێن، ئەوە بەو مانایەیە کە حەیوان ڕاوی کردووە و ئێستا ڕەفیقانی خۆی بۆ میوانی بانگ دەکا، چونکە گورگ نایانەوێ تەنیا خۆراک بخۆن. لوورەی ئەڤین یانی حەیوان پێویستی بەمێیینە هەیە و شەرم ناکات کە ئەم نیازە دەربخا.

دایە گەورەی کریستینا نایەوێ هیچ بدا بەگورگی کوژراو، بەڵام کریستینا کە لە منداڵییەوە ڕێزێکی تایبەت بۆ گورگان قایلە لە دایە گەورە تکا دەکات. پیرێژن دەڵێ: «گورگی کوژراو ئیتر ناگەزێ.»

دۆن پاولۆ نامەیەک بەچەند ڕستەی ئاسایی و بەئیمزایەکی نەناسراو لە ڕۆمەوە وەردەگرێ. کاغەزەکە لەپێش گەرمایی چرا ڕادەگرێ لەنێو دێڕەکاندا چەند وشەی ڕەنگ زەرد کە بەئاوی لیمۆ نووسرابوو دەردەکەوێ: «ڕۆمییۆ گیراوە، ئەگەر دێی ئاگات لەخۆ بێت. وەرە ماڵی کلوچی.»

دۆن پاولۆ دەستبەجێ دەکەوێتە ڕێ و بەماتالنا دەڵێ:

– من بۆ كارێكی بنەماڵەیی دەبێ بچمە ڕۆم. جارێ با شتەكانم لێرە بن تا دوایە دەگەڕێمەوە دەیانبەم. كەمێك بەر لەوەی قەتار بگاتە ئیزگەی ڕۆم، دۆن پاولۆ دەچێتە دەست شۆیی و دەرگا دادەخات. كاتێ دێتەدەر دیسان بۆتەوە پێترۆ سپینا. لە ئیزگەی ڕێی ئاسنەوە یەكسەر بەشەقامی «دلالۆ نگاراتا»دا دەچێتە ماڵی ئانیناپچی كلاودرووی دۆستی مۆریكا و بەكیژی لاو دەڵێ:

– مۆریكا سلاوت دەگەیێنێ. ئەو دەرد و زەحمەتێكی زۆری كێشاوە بەڵام ئێستا چاك بۆتەوە. كاتێكی بیبینی نایناسیەوە. تەواو پیاوێكی دیكەیە. قەت تۆی لەبیر نەچۆتەوە.

ئانینا بۆ شاردنەوەی وروژانی دەروونی خۆی هەوڵ نادا و چاوی پڕ لە ئەسرین دەبن. كەوابوو ئەم ڕووداوەی كە بەتەواوی بوونییەوە هیوای پێیەتی، بەئەنجام دەگات. دەپرسێ:

– ئیتر نایەتەوە ڕۆم؟

– نا

– پێت وایە من دەتوانم جارێك بۆ دیتنی وی بچمە گوندی.؟

– ئەو چاوەڕوانی تۆیە و لە بارەی تۆوە لەگەڵ دایك و باوكی قسەی كردووە.

كیژی لاو بڕیار دەدا كە ڕۆژی دوایی بكەوێتە ڕێ.

سپینا ئانینا دەنێرێتە شەقامی «دی مورۆسونی» تا هاتنی وی بەژنی كلوچی ڕابگەیێنێ و خۆشی لە كۆلانێكی دراوسێ چاوەڕوان دەبێ. ماوەیەك درێژە دەكێشێ تا ئەو دوو ژنە دێن، سپینا لە پیادەڕۆ هاتوچۆ دەكات.

لە عاسمانی شاری واتیكان باڵۆنێكی گەورە بەستراوە بەسیم لە فڕیندایە. بەپیتی گەورە تەبلیغات بۆ دەرمانی زگچوون لە بەدەنی باڵۆنەكە نووسراوە. سپینا بەخۆی دەڵێ كە لە ئیتاڵیا زۆر لەو دەرمانانە بەناوی پیرۆزان نێودار كراون و هەروا وەبیریش دێنێتەوە كە ئاگادارییەكانی زۆر بەنرخی تەبلیغاتی كە لە ڕۆژنامەكانی كاتۆلیكی ئیتاڵیاییدا بلاو دەبنەوە، هەمیشە لە بارەی تەبلیغات بۆ دەرمانەكانی زكچوونە. داخوا لەوانەیە ئەم كارە هەڵكەوت بێت؟ نەخێر، نابێ هەڵكەوت بێت و سپینا نەتیجە دەگرێ كە: «كەنیسە دەبێ قەبز بێت» ئەم فیكرە وەپێكەنینی دەخست و دۆن بنە دێتوش پێ شاد دەبوو.

ئاخرەكەی ئەو دوو ژنە دەگەنێ، هەرتك لەسەر هەست تەماشای ئەملاو لای خۆیان دەكەن، دەڵێی لە وەدەترسێن كە وەدوایان كەوتبن. خانم كلوچی دەڵێ:

– ڕۆمیئو گیراوە بەڵام هیچیان لەكن نەدیوەتەوە. لەوانەیە زۆری ڕانەگرن.

سپینا لە وەڵامدا دەڵێ:

– دەوڵەت چی بوێ لەگەڵ گیراوەكانی دەكات. قانوون لە ئیتاڵیا تەنیا بۆ خوێندكارانی حقوق و بێگانان هەیە... مێردەكەت چۆنە، هێشتا هەر لەوێیە؟

– بەڵێ، هەروا چاوەڕوانی دادگا ماوەتەوە. كوێریش بووە. لەوانەیە چەند مانگە چاوی نابینێ بەڵام من ئاخرین جار كە چووبوومە ملاقاتی زانیم. من بۆ دڵخۆشی وی شاڵێكم لەبەر كردبوو كە لە كاتی

زەماوەندمان بەدیاری دابوویمێ. لەگەڵ ئەوەش لە شوێنی چاوپێكەوتن هەر پەرژنێكمان بەینە و ئەویش ڕووناكە، ئەو دەبوایە ئەو شاڵە بناسێتەوە. من پێم گوت «نازانی چم دەبەر كردووە؟ نایناسیەوە؟» لە وەڵامدا گوتی: «خەزە» كێ داویە بەتۆ؟» دایكی لە پەنا من وێستابوو ئەو هەموو جارێ كە دێتە مولاقاتی كوڕەكەی ئەوەندە ناڕەحەت دەبێ كە بەزەحمەت قسەی بۆ دەكرێ، ئەو لە منی پرسی: «دایكم لە كوێیە؟ ئیمرۆ بۆ نەهاتووە؟ بۆ چما نەخۆشە.؟» ئەو دەم زانیمان كە چاوی نابینێ. خۆزیا زووتر دادگایی كرابایە. ئانینا دەڵێ: «دادگایەكانی دیكەش هەروا وەدوا دەخەن. دەوڵەتی ئیتاڵیا نایەوێ خەڵك بزانێ كە كەسانی واش هەن كە دژی شەڕ خەبات دەكەن.

خاتو كلوچی بەسپینا دەڵێ:

– ڕومیئو بەمنی گوتبوو كە مزڵێكی ئەمین بۆ تۆ پەیدا بكەم. بەڵام من نازانم تۆ لێرە دەتەوێ بەچ ناوێك بمێنیەوە.؟

– پاشان پێت دەڵێم. سپینا خەبەری بیانكینا دەپرسێ. خاتوو كلوچی لە وەڵامدا دەڵێ:

– ئێمە هەوڵمان دا یارمەتی بدەین بەڵام ئەو كارە گران بوو. ئەو كیژێكی خەراپ نییە. بەڵام شلۆق و ناسك نارنجی و هەوەسبازە. تا لەگەڵ ئێمە بوو لە بێ حەوسەلەیی گیانی دەرچووبوو. بەكارێكی كەم ئەوەندە هیلاك دەبوو نەخۆش دەكەوت. ڕۆژێكیان بێ ئەوەی شتێك بەكەس بڵێ بزر بوو. پێش دوو ڕۆژ دووبارە پەیدا بۆوە، سەر تا پێ گۆڕا بوو. خەبەری تۆی لە ئێمە دەپرسی. ژمارە تەلەفۆنێكی داینێ كە ئەگەر هاتی پێت بڵێین.

سپینا ژمارە تەلەفۆنەكە وەردەگرێ. چەند دەستوورێك بۆ سەفەری نهێنی بۆ «دوكادی مارسی» دەدا بەئانینا و لەگەڵ خاتوو كلوچیش قەرارێكی چاو پێكەوتن دادەنێ. پاشان لەتەنیشت پانتئون دەچێتە میوانخانەیەك و ژوورێك دەگرێ. ناوونیشانی خۆی بەگوێرەی پاسپۆرتی چێكی كە هەیەتی لە دەفتەری میوانخانە تۆمار دەكات. كاتی ڕۆژئاوا تەلەفۆن بۆ بیانكینا دەكا و لە ناوەندی شار لە قاوەخانەیەك قەراری چاوپێكەوتن دادەنێ. هەر تكیان لە سەعاتی دیارێكراودا دەگەنە جێ ژوان. سپینا دەڵێ:

– پێت سەیر نەبێ من لیباسی خۆم گۆڕیوە. لە كاتی پێویستدا گۆڕینی لیباس ڕەوایە.

– بەكۆت و شاڵوارەوە هێندە سەیر بووی. بەڵام قەی ناكا. ژن سوور و سپیاوێكی توندی كردووە. قدەكانی بەشێوەیەكی سەیر ڕازاندۆتەوە و لیباسێكی شیكی دەبەر كردووە. قاوەخانەكە لە ڕوانگەی سپیناوە زۆر شلۆقە و جێگای گومانیشە. هێندێ بەهەوای ئۆركێستری نارێك سەما دەكەن. چرایەكی بچووكی بەسەرپۆشیان لەسەر مێزێك داناوە، ئەو چرایانە وەبیر سپینا دێنێتەوە كە لەبن سەری نەخۆشی دادەنێن. ئامادەبووانی وێ سیغاری لۆكس دەكێشن و قژی سەریان بە «بریانتینی ئاسایی» پێكەوە نووساندووە و لە گاڵتەی سووك و ئەحمەقانە سرت و خورتیانە. لەنێوان مێزەكاندا هەوایەكی تێكەڵ بەئەحمەقی، هەوایەكی پڕ لە شەهوەتڕانی و بۆگەن و بۆنی ئارەقەی بنەنگڵ و قاچی نەشۆراو. بیانكینا بەرەوڕووی سپینا دانیشتووە و دیارە ماندوو و هیلاكە. ڕەنگە چاوەڕوان بێ سپینا دەست بەقسان بكا.

سپینا لێی دەپرسێ: «ئێستا ئیتر جیددی بووی؟»

ئەم قسە درێژەی هەمان گفتوگۆیە کە لە فوسا لەگەڵ وی هەبوو. هەر بۆیەش بیانکینا بڕیاری دابوو بێتە ڕۆم.

لە وەڵامدا دەڵێ: «جیدی؟... ئاخ... چ جۆرێک!

: ئێستا لە کوێ کار دەکەی؟

– ئێستا چەند ڕۆژێکە دەحەسێمەوە.

– داهاتت باشە؟

– ئەی.. هەروا!

– کارەکەت پێ خۆشە؟

– هیچ کەس لە هیچ کاتێکدا کاری واقیعی پێ خۆش نەبووە. تەنیا قارەمانانی کتێبەکانی کیژ پەسندکاری واقیعیان پێ خۆشە.

– لە کوێ کار دەکەی؟

ژن بەئارامی سیغارێکی پێ دەکا. دیسان لێی دەپرسێ: «ببوورە گوتم لە کوێ کار دەکەی؟»

ژن بەسادەیی تەواو وەڵام دەداتەوە ؛

– لە جندەخانەیەک.

سپینا ڕۆژنامەیەکی تایبەتی ئێواران لە منداڵێک دەکڕێ کە خەبەری گەیشتنی هێزی ئیتاڵیای بە «ماکالە» تێدا نووسراوە.

ژن دەپرسێ:

– ئێمە گەیشتووینە «ماکالە» (ماکالە شارێکی سەرسنووری حەبەشەیە)

سپینا وەڵام دەداتەوە ؛

– بەڵێ، ئێوە گەیشتوونە ماکالە.!

پاشان هەرتک بێ دەنگ دەبن. لە شەقامدا کە دەیانەوێ لێک جیابنەوە بیانکینا دەپرسێ:

– نارەحەتم کردی؟

پیاو لە وەڵامدا دەڵێ:

– ڕاستیت دەوێ من ئاگام لە تۆ نەبوو. بیرم لە شتێکی دی دەکردەوە،

بەڵام ئەو وەڵامی دەوێ و دووبارە دەپرسێ:

– نارەحەتی؟

پیاو دەیەوێ دوور کەوێتەوە و بڕوا بەدوای کاری خۆیدا، بۆیە دەڵێ:

– مەجبوور نیم وەڵامت بدەمەوە،

بیانکینا پێ دادەگرێ:

– دەبێ وەڵامم بدیەوە.

پیاو بۆ ڕۆیشتن دەبزووێ و شەوباشی پێ دەڵێ.

ژن باسکی دەگرێ و دیسان دەپرسێ:

– نارەحەتی؟

هەرتک لەسەر نێو تەختێکی بەرد دادەنیشن. سپینا دەڵێ:

– ئەو کاتەی کە من هێشتا لە دەبیرستان بووم منداڵان ڕۆمانێکیان بەنهێنی دەست بەدەست دەگێڕا، باسی ژنەکانی نشتەجێی جندەخانانی تێدا نووسرابوو – ئەوانەی کە تۆ ئێستا سەر بەوانی – منیش ئەو کتێبە خەفەتبارەم خوێندەوە، ئەو دەم تەمەنم پازدە ساڵ بوو. دەبێ پێت بڵێم ئەو دەم ئەو کتێبەم پێ خەراپ بوو کە لەوەودوا قەت نەمتوانی کتێبێک بخوێنمەوە کە بەهەڵکەوتیش ئەم جۆرە مەسەلانەی تێدا نووسرا بێ.

ژن دەڵێ: «لە دەبیرستانی ئێمەشدا ئەم جۆرە کتێبانەیان بڵاو دەکردەوە. من پێم وایە ئەم جۆرە کتێبانە بەئانقەست چاپ دەکەن تا لە مەدرەسەکان قەشە و خوشکانی تەرکە دنیا بیانخوێننەوە. من خۆم دە دانەی ئەوانەم خوێندۆتەوە کە هەموویان وەک یەک وابوون. بەشی هەوەڵ پاکی، بەشی دووەم دوودڵی، بەشی سێیەم کەوتن، بەشی چوارەم گوناح، بەشی پێنجەم بەسەر لێژی ڕیسواییدا، بەشی شەشەم هەوەڵین هەستی پەشیوانی، بەشی حەوتەم قیامەت. ئەوە پێرستی نەگۆڕاوی تەواوی ئەو کتێبە گاڵتەجاڕانە بوو کە بەئانقەست بۆ گریاندنی پیاوی گەنج و کیژی سادە دڵ دەیاننووسین. بەڵام چیرۆکی من ئەحمەقانە و سووک و ماندووهێنەرە. تەنانەت چیرۆکیش نییە، بەڵکو ژیانی منە.

پیاو دەڵێ: «ڕەنگە خەتای من بێ نەدەبوایە تۆ بجوڵێنم کە فوسا بەجێ بێڵی»

– من لە فوسا زۆر هیلاک دەبووم، ڕەنگە جگە لە هێندێ کاتی دەگمەن کە تۆ لەوێ دەبووی ئەگینا لە بەیانییەوە تا ڕۆژئاوا باوێشکم دەهاتێ. دۆستانی شوودار مرۆ دادەهێزێن چونکە جگە لە باسی مێردەکانیان هیچی تر ناڵێن. تەنیا دەزانن بێژن: «فرانسوای من»، «ئانتوانی من»، «لوبی من» ئەوانە جگە لە نیسێی مێردەکانیان شتێکی دیکە نین. هەمیشەش دەترسێن نەکا ئەم سێبەرەیان لەسەر کەم بێتەوە. دۆستی گەنجتر کە هێشتا شوویان نەکردووە، زیاتر لە دەستەی هەوەڵێ مرۆ هیلاک دەکەن. کیژی فەقیر بیست ساڵی تەواو بۆ چارەگە سەعاتێک خۆشی نەفسانی چاوەڕوانی دەکات. چارەگە سەعاتێکی کە پاشان دەردەکەوێ پڕە لە پەستی و حەماقەت و حەیوانی. لە تەواوی ماوەی ئەو چاوەڕوانییەشدا لە قوولاییی دڵەوە جگە لەوە بیر لە هیچی تر ناکەنەوە. بەڵام پیاوان، باشترە هەر باسیان نەکەین. ئەوان پیاو نین، بەڵکو کارمەند، بازرگان، خاوەن مڵک و وەرزێرن.

– تۆ لە ڕۆم دەتوانی لە ماڵی خاتو کلوچی بمێنیەوە. ئەو ژنێکی بەهۆش و بێ غەرەزە. بێ گومان بۆ

ڕێکوپێککردنی ژیانێکی باشتر دەیتوانی یارمەتیت بدا.

– چونکە ئەو ئاشنای تۆیە نامەوێ خەراپەی بڵێم. بێ گومان ئەو ژنێکی باشە، بەڵام لە پوورم خەراپتر لە بەیانییەوە تا ئێوارێ کاتی خۆی بەئاخ و داخەوە دەباتە سەر. هەمیشە چاوی پڕ لە ئەسرینە. هیچ قسان ناکا و هەر دەناڵێنێ.

– ئاخر مێردەکەی گیراوە و کوێریش بووە.

– دەزانم هەر بۆیەش هەوڵم دەدا دەردی دڵی تێبگەم، دڵسۆزی بۆ بکەم، دڵخۆشی بدەمەوە و سەری گەرم بکەم، بەڵام هیچ نەدەکرا. لەلایەکی دیکەوە لە ماڵی وی خەڵکی دیکەشم دەبینی کە مێردیان نەگیرابوو لەگەڵ ئەوەش لە ڕووگرژیدا لەو نەدەمانەوە. من ناڵێم ئەو فیکرە خەراپە، تۆ دەتەوێ سۆسیالیست بی، باشە ببە، بەڵام مێشکی منیش مەبە. بەڵام ئەوان هەمیشە قسەیەک دەکەن و لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لە خانووی شەدار و پیسی خۆیاندا ئاخ هەڵدەکێشن. لە کاتێکا لە دەرەوە ڕۆژ بەم جوانییە دەدرەوشێ. بەڕاستی بەدبەختییە کە مرۆڤ بوونەوەری وا جوان ببینێ کە سەبارەت بەفیکرێکی قەتیس ماو هەمیشە تازیە دابگرێ و نەخۆش بکەوێ و مووی سەری سپی بکا. بڕوای ئەو ژنانە بەسۆسیالیزم، لە بڕوای ژنی ئیماندار بە «ساکرە کور» کەمتر نییە. باش گوێ بدە قسەکانی من. ئەو کەسانەی تۆ منت بەوان سپارد بوو بەڕاستی ئینسانی زۆر باش و شەریفن بەڵام زۆر وشک و داهێزێنەرن.

– ناچار ئەو جندەخانەی تۆ پەنات بۆ بردووە لە چاو ئەوێ شوێنێکی کەیف بەخشە

– تۆ قەت لەو جۆرە ماڵانە نەبووی؟

– نا

– منیش پێشتر قەت لێی نەبووم. لە ماڵی دۆستێکی خەڵکی ڕۆم بەناوی «جوسپینا سترافا» کە لە دەبیرستان لەگەڵ من و کریستینا هاودەرس بوو، ئێستا دەزگیرانی کابرایەکە کە خاوەنی کارخانەیەکی سابون سازییە. لەگەڵ «کۆماندوتۆر»یکی نیشتمانپەرستی ئەندامی حزبی دەوڵەتی بوومە ئاشنا. چەند ڕۆژێک لە ئاشنایەتی ئێمە تێنەپەڕیبوو داوای لێ کردم ئەگەر دەمەوێ بۆ جەبهەی شەڕم بنێرێ. ستادی ئەرتەش دوو هەزار ژنی ویستبوو. هێندێک بۆ سەربازان و هێندێکی باشتر و جوانتر بۆ ئەفسەران. لام وایە لەبەر جوانی و تەربیەت و خوێندەواریم منیان بۆ ئەفسەران دانا بوو. دیارە قەراربوو ئەگەر ئەو ژیانەم پێ خۆش نەبێ بەهاسانی بتوانم لە کۆلۆنیەکی دیکە یا لە ئیدارە و یا شوێنێکی وەک ئەو کارێک بۆ خۆم پەیدا بکەم. تەنیا فیکرێک منی دوودڵ ڕاگرتبوو، ئەوەش فیکری تۆ بوو. نەمدەویست بچمە جێیەک لە تۆ دوور بم. ئاخر من هیوام بەتۆ بوو. ئاخرەکەی تەسلیمی پێ داگرتنی «کۆماندوتور» بووم و کەوتمە ڕێ. ئەوەی زێتر منی ڕادەکێشا سەفەری دەریا و چوونی وڵاتێکی نەناسراو و بۆ نێو خەڵکێک کە بەزمانێکی دیکە قسە دەکەن. لەوانەیە لەوێش خەڵک ناڵە و گریانیان بێت، بەڵام من لە زمانی وان تێ ناگەم.

– تۆ ئەو دەم بەقەسدی ئەفریقای ڕۆژهەڵات سواری پاپۆڕ بووی؟

– تا ناپول چووم. لەوێ بۆ چاوەڕوانی سواربوونی پاپۆڕ منیان بردە ساڵۆنی بەڕواڵەت «ڕووتەکانی هونەری». ئێمە شازدە کەس «ڕووتی هونەری» بووین کە لەژێر دەسەڵاتی موشتەریاندا بووین. ئەو موشتەریانەش زۆربەیان نیزامی بوون کە دەیانویست بۆ شەڕ بچن. لەنێو ڕووتەکاندا ژنی سەیروسەمەرە هەبوون کە لە شەڕی جیهانیدا بەشدارییان کرد بوو. کاتی شەو سەرباز و دەرەجەدار بەکاسکێت و لیباسی خزمەتەوە لە ئۆردوگاوە دەهاتن. ئەوانە بەرلەوەی بۆ ئەفریقا بڕۆن، یەک دوو ڕۆژ لە ناپول ڕایان دەبوارد. دیارە هەموویان و بەتایبەت ئەوانەی فەقیر بوون بەدوای کەیفدا دەگەڕان. تەواوی تەقەلای خۆیان بەکار دەهێنا تا خۆش ڕابوێرن، بەڵام هیچ سەرنەدەکەوتن. ئەوانەی دەهاتنە بەشی ئێمە تا ئەو کاتەی کە هەموو پێکەوە بوون بەکەیف و سەرحاڵ و ئازاد خۆیان نیشان دەدا. بەڵام کاتێ بەتەنیا لەگەڵ ئێمە لە ژوورێکدا دەمانەوە، خەمبار و گرژ دەبوون. زۆربەیان وەڕزێر بوون. کاتی لەزەتبردن کە بەسەرمدا خوار دەبوونەوە و تەماشام دەکردن لە سیمای گرژیان دەترسام. ئەگەر بەهەڵکەوت یەک لەنێویاندا زار بەپێکەنین بایە ڕەنگە باوکی خێزانێک بوو بێت و بۆ خۆشکردنی دڵی من پێدەکەنێ. پیاوانی گرژ بەسمێڵی زەلام و ماهیچەی ئەستوور لە کاتی لەزەتبردن جیک جیکیان دەکرد. بەنازی منداڵانە منیان ناز دەکرد «جیک..جیک.. بیو... بیو.. بیو.» بەڵام هەوای دەنگیشیان لەناخدا خەمناک بوو. کەسانی وایان تێدابوو کە عەکسی دایک و ژن و منداڵیان بەچاوی بەئەسرینەوە بەمن نیشاندەدا. بیری لێ بکەوە لە شوێنی وادا مرۆڤ چی بەسەر دێت. بەداخەوە ئەوان پتر لە چارەگە سەعاتێک مافیان نەبوو لە ژوورەکەدا بمێننەوە. زەبت و ڕەبت ئاوا حووکم دەکات. ئەوانەی دەیانتوانی دوو ئەوەندە پارە بدەن. نیو سەعات دەمانەوە، بەڵام پێت وانەبێ کە زیاتر لەوانی دی کەیفیان دەکرد. نیزیکەی هەموویان کاتێ ماندوو دەبوون داوایان لە من دەکرد سەربردەی خۆمیان بۆ باس بکەم. لە هەوەڵەوە نەمدەزانی کە بۆچی و لە کام ڕوانگەوە سەربردەی من بۆ وان سەرنجڕاکێش بوو. پاشان دەرکەوت کە بەوەش کەیف دەکەن. ئەو دەم من دەمگێڕاوە و شتی وام دەهۆندەوە کە زیاتر ئەوان کەیف خۆش بکا. بۆ نموونە ئاخم هەڵدەکێشا و دەمگوت «کچێکم هەیە لە مەدرەسەی خوشکانی پیرۆز دەرس دەخوێنێ و من بۆ ئەوەی بتوانم بیکەمە مەسیحییەکی تەواو و کەماڵ ئەو ژیانەم دەست پێ کردووە. بەڵێ بۆ خۆشبەختی کیژەکەم هەموو کارێک دەکەم.» هێندێکیان کە قسەکانی منیان دەبیست، چاویان پڕ لە ئاو دەبوو. ئەوان ئینسانی چاک بوون، هەموویان دێهاتی خەمبار و هیلاک بوون. تەنانەت یەک لەوان جووتە کەوشێکی بۆ من نارد تا بۆ کیژەکەمی بنێرم. کەوشەکان هێشتا لە چەمەدانمدان. بەم چەشنە ئێستا هەست دەکەم هەرچۆنێک بێ کچێک پەیدا بکەم. زۆر جار لە بارەی ئەو کچەم قسەم کردووە. زۆر جار ڕوخسار و قژ و چاو و دەستە چکۆلەکانی و ئەو چاڵە چوکەی کە کاتی پێکەنین دەکەوێتە سەر کولمەکانی باسم کردووە. زۆر لەو ئینسانە باشانە هۆگری بوون و دڵسۆزییان بۆ دەکرد و بۆی دەگریان. ئێستا بزانە بۆ لاقە چکۆلەکانی جووتە کەوشێکم هەیە.! بەکورتی پاش چەند ڕۆژ ژیان لەو جندەخانەیە وردە وردە زۆر هیلاک بووم، زۆریش ماندوو دەبووم و هەروەک بۆ زیارەت ڕێگایەکی دوورم بڕی بێت. لاقم دایم ماندوو پشت و ماسوولکەکانم ژانیان دەکرد. بەتایبەت کە

ژیانێکی خەفەتبار و سووک و یەک هەوام هەبوو. لەوێ جۆرە ڕەستورانێک هەبوو بەخواردەمەنی ئیجباری و نەگوڕاو. ئەوانەی دەهاتن هەموویان یەک شتیان دەویست. جگە لەوەش هاوکارانی منیش ئەوەندە ئەحمەق بوون کە ڕووی گایان سپی دەکردەوە.

سپینا دەڵێ:

– لە تەمەنی تۆدا هەموو شت، ژیانی ئاسایی یا نائاسایی هیلاکت دەکا. کەوابوو چی بۆ تۆ ماوەتەوە. ؟

– هیوایەک

– چ هیوایەک؟

دەستی سپینا دەگرێ و بەسەبرۆکە دەڵی: «تۆ»

سپینا دەڵێ: «من؟ بەداخەوەم. بەڵام....

ژن دەپرسێ:

– بەڕاستی تۆ کێیی؟... تۆ بێ گومان نە قەشە نە ڕێگری و نە شەیتانی. نە سەوداگەری چەرچی، کەوابوو تۆ کێیی؟ ڕەنگە هەمووی ئەوانەش بی، بەڵام ئەو مەسەلە بۆ من سەرنجڕاکێش نییە و نامەوێ بشزانم تۆ کێیی. ئەوەی من لە تۆی دەزانم بۆ من بەسە. تۆ هەر ئەوەی کە هەی. یەکەم جار کە تۆم بینی – لە بیرتە یەکەم جار کە یەکترمان دیت – لەو کاتەوە چاوم بەچاوەکانت کەوت، بەڵێ لەو کاتە بەدواوە من تۆم خۆش دەوێ. جگە لەوە هیچ شتێکی تر بۆ من سەرنجڕاکێش نییە. من بەهەموو زاتم لەسەر تا پێ تۆم خۆش دەوێ و ئەوی تر هەر چی بێ بۆ من هیلاکی و ماندووهێنەرە. تۆ تاقە شتێکی کە هیلاکم ناکەی.

– بیانکینا من دەبێ پێت بڵێم کە....

– پێویست ناکا گورج وەڵامم بدەیەوە. تۆ هەر چەندی درەنگتر وەڵامم بدەیەوە بۆ من باشترە. مەبەستم ئەوەیە کە بەم هۆیەوە هیوای من زیاتر دەبێ. لێگەڕێ من هیوادار بمێنمەوە. ئێستا ئەوە تەنیا شتێکە کە من بەژیانەوە دەبەستێتەوە. بۆ تۆش بێ مایەیە.

پیاو لە وەڵامدا دەڵێ: «پاشان لەم بارەوە دیسان دەدوێین.»

بەم وادەیە هەرتک لێک جیا دەبنەوە. بەیانی ئەو ڕۆژە سپینا لە گۆشەیەکی شەقامی «موروسینی» خاتوو کلوچی دەبینێ کە پێشتر ژوانی چاوپێکەوتنیان دانابوو. ژنەکە دەڵێ:

– بۆ بەڕێکردنی ئانینا چووبوومە ئیزگەی ڕێگای ئاسن. خۆزیا دەتبینی چاوی کیژەکە بەئەڤینی چاوپێکەوتنی سەرلەنوێی مۆریکا چۆن دەدرەوشان.!

– لە ڕێکخراودا کێ لە جێگای ڕومیئویە؟

– یەک لە دۆستانی میلانی بەناوی بولا. من هاتنی تۆم بەو ڕاگەیاندووە.

لەپێش دەرگای ڕەستوران پیرێژنێک لەپشتی مەنقەڵ دانیشتووە بەڕوو دەفرۆشێ.

خاتوو کلوچی بەسرتە بەسپینا دەڵێ: «ئەم ژنە یارمەتیمان دەدا»

خاتوو کلوچی لوولە کاغەزێک بەڕوی برژاو دەکڕێ. پارچە کاغەزێک دەبنی لوولەکە دایە شوێنی چاوپێکەوتنی «بولا»ی دیاریکراوە.

ئەم دوو پیاوە لەسەر پەیژەکانی کەنیسەی «ترینیتای مونتی» یەکتر دەبینن بۆ ئەوەی بتوانن یەکتر بناسن هەرتک ڕۆژنامەیەکی عەکسداری وەرزشیان لە دەستی چەپدایە. بۆلا دەڵێ:

– دەمێکە پێمان وابوو تۆ گیراوی چونکە هیچ خەبەری تۆمان نەبوو. تەنانەت پێمان وابوو خەبەری گرتنی تۆیان لە ڕۆژنامەکانی ئازادی ئێمەدا بەدەرەوە ڕاگەیەنراوە.

«بولا» کرێکارە بەڵام بۆ شوێنە ونکە شوغڵی نوێنەرایەتی هەڵبژاردوە و دەڵێ قازانجیشی لێ دەکات. هەموو ڕۆژێ بەچەمەدانێکی پڕ لە عەتر و شتومەکی ڕازانەوەی هەرزان قیمەتی ژنان دەچێتە بیست دووکانی سەرتاشی ئەو شتانەی کە پێشتر بازاڕیان برەوی هەبوو، بەبیانووی ئەوەی کە ئێستا دژی سیاسەتی میللەتخوازی دەوڵەتن قەدەخە کراون.

سپینا دەپەرسێ: «دەستەکانی ڕۆم لە چ حاڵێکدان. ؟

– ئێمە دیسان لە هەوڵی کارداین. گیرانی ڕومییۆ زیانێکی گەورە بوو. بەتەواوی و یا نیزیکەی هەموو پێوەندییەکان پچڕاون و یا جێی باوەڕ نین. هەموو کارەکان دەبێ لەسەرڕا دەست پێ بکرێنەوە.

– کەسی تازە هەن کە بۆ لای مە بێن؟

– هەن بەڵام کە جارێک پێوەبوون و هەڕەشەیان لێ کرا بەگشتی بەربەرەکانیان کەمە و هەرچی دەیزانن دەیلێین. هەر بۆیەش هەموو شت دەبێ لە نووکەوە دەست پێ بکرێتەوە. زۆر جار بۆ دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی پێوەندێکی ساکار دەبێ چەند حەوتوو زەحمەت بکێشین. دەبێ بەدوای ئەو کەسانەدا بگەڕێین کە لە بەرچاو بزربوون. کوێر کوێرانە لە نیشانێکەوە بۆ نیشانێکی تر بچین و قەراری چاوپێکەوتن دابنێین. کە هیچ کەسیش نایە. تازە کاتێ کە پێوەندی دامەزرا، زۆر جار چەند ڕۆژ زیاتر ناخایەنێ و ئەو دەم پێویستە بێ ماندوبوون لە سەرەتاوە کار دەست پێ بکرێتەوە. تێکۆشانی نهێنی سەبر و خۆڕاگری گەرەکە.

– لایەنگرانی تازە کە دەیانەوێ بیانهێننە نێو دەستە چ کارێکیان پێ دەسپێرن؟

– بۆ تاقیکردنەوە لە سەرەتاوە چەند بەیاننامەیەکیان دەدرێتێ بڵاوی کەنەوە.

سپینا ناڕازیبوونی خۆی لەم شێوە نهێنیکارییە ناشارێتەوە و دەپرسێ:

– پێت وا نییە کە پێش هەموو کارێک پێویستە لە گەڵیان ببیە دۆست؟ ئەدی بۆ نابێ ئەوەی تازە دێتە نێو، ئێواران لە سەعاتی بێ کاری بیبینی و ڕۆژانی یەکشەمۆ لە گەڵی بچیە گەڕانێ و نەک لە سیاسەت بەڵکو لە بارەی شتی تر قسەی لەگەڵ بکەی؟ بەواتایەکی تر بۆ ڕاکێشانی تەواوی لە هۆگرییەکی نادیار کە لە ئاست ئێمە هەستی پێ دەکا، کەڵک وەرگری و پیاوێکی لێ دروست بکەی.

«بولا» ڕێزێکی زۆر بۆ سپینا قایلە کە پێش ئاشنایەتی پەسنی وی بیستبوو. بەلام ئەوەش دەزانێ کە ئەویش وەک زۆربەی ڕووناکبیران عەجایبە و، هەر بۆیەش دەیەوێ لە باسکردن لەگەڵ وی خۆ بپارێزێ. دەڵێ: «من ڕۆژنامەیەکی بچووکم بۆ خوێندکاران ئامادە کردووە بڕیارە لە ڕێگای پۆستەوە بەئادرێسی سەت کەس بنێردرێ.»

– چیت تێدا نووسیوە.؟

– سەروتار خۆم نووسیومە. پاشان نامەیەکی جوانە لە خوێندکارێکی کاتۆلیک.

– ئەو کێ نووسیویەتێ؟

– ئەویش خۆم نووسیومە.

سپینا دەپرسێ: «ئەو هەموو زیرەکییە بۆچی؟

«بولا» لە وەلامدا دەڵێ: «دەبێ ئەم فیکرە تەلقین بکرێ کە خوێندکارانیش وا لە بێ هەستی و گێلی دێنەدەر.

سپینا خوێن ساردی خۆی لە دەست دەدا و هاواریش دەکا:

– کۆمەڵی ئێمە کۆمەڵی کلاو کیس سازان نییە. ئێمە بۆ ڕواڵەت کار ناکەین. بۆ ئێمە گرنگ نییە کە بەڕواڵەت قەوی بنوێنین. بەڵکو دەبێ بەڕاستی هەبین. شۆڕش کە چاوبەستەکی نییە، واقعییەتە و جگە لە واقعییەت نابی شتی تر بێ.

– بەلام ئەگەر واقعییەت فیتنە هەلایسێن بێ چی؟

– لەگەڵ ئەوەش فیتنە هەلایسێنی وی هەمیشە لە درۆ هەرە مەسلەحەت کەمترە.

بولا لە سەری ناڕوا. دەزانێ سپینا هاوڕێیەکی باشە، بەلام لە دڕدۆنگی سەیردایە.

سپینا شەو ناچار لەگەڵ بیانکینا دەباتە سەر، لە ڕەستورانێک نان دەخۆن و پاشان بۆ قاوەخانەیەکی تاڕادەیەک چۆڵ دەچن. هەوەڵجار سپینا تێدەکۆشێ لەگەڵ بیانکینا بەجیددی قسە بکا. بۆیە دەڵێ:

– ژیان لە زاتی خۆیدا نە جیددی و نە سەرسەری، نە ماندووکەرە و نە سەرنجڕاکێش. بەڵکو ئەوە مەسەلەیەکە پێوەندی بەوەزعی خۆمانەوە هەیە.

بیانکینا دەڵێ: لەگەڵ ئەو بیروڕایە موافیقم.

سپینا درێژەی پێ دەدا:

– ژیانی غەیرە جیددی لە ڕواڵەتەوە سەرچاوە دەگرێ. ئامانجی ئەم جۆرە ژیانە تەنیا فەخر فرۆشتنە. ئەم جۆرە ژیانە هەمیش دەیەوێ سەرنجڕاکێش، بەهۆش، جوان و تێگەیشتوو خۆ نیشان بدا، تەنانەت هێندێ جار دەیەوێ لە ڕواڵەتدا باش و نەوعدۆست و ڕەشید بنوێنێ. بۆ کەسانی سەرسەری غەیرە جیدی بوون گرنگ نییە، گرنگ خۆنیشاندانە.

بیانکینا دیسان هاودەنگی خۆی لەگەڵ ئەم بیروڕایەش ڕادەگەیەنێ.

سپینا لەپڕ لێی دەپرسێ: «تۆ بۆچی هەمیشە لەگەڵ من موافیقی؟»

ژن وەلام دەداتەوە: «خۆشەویستی دلم، تۆ هەرچی دەتەوێ بیلێ، من هەمیشە لەگەڵ تۆ موافیقم.

سپینا دلسارد و بێ دەنگ دەبێ. دەبینێ کات و تێکۆشانی خۆی بێ هودە بەفیڕۆ دەدا. لە ئاخریدا دەڵێ:

– ئێستا تێگەیشتم تۆ لە منداڵێک زیاتر نی

– تۆ چی؟ دەتەوێ پێت بێژم کە تۆ چی؟

– ئەوە بۆ من سەرنجڕاکێش نییە

– تۆ ولاغێکی گەورەی

– بۆ چێ؟

بیانکینا لە ڕوونکردنەوەدا دەڵێ: «ژنێک، ژنێکی بەڕاستی هەمیشە هاوبیری پیاوێکە خۆشی دەوێ. ئەگەر ئەو پیاوە کاتۆلیکە، ئەویش کاتۆلیکە، ئەگەر ئەو پیاوە موسلمان بێ، ئەویش موسلمانە. ئەگەر ئەو پیاوە هۆگری کۆکردنەوەی تەمرە، ئەویش تەمری بەتاڵ و عەنتیکە کۆ دەکاتەوە.

– بەواتایەکی دیکە، بەقەولی تۆ ژن هەمیشە خەریکی خۆ ڕازاندنەوەیە.

– ببوورە. ئێستا ئیتر تۆ ولاغ نی. بەڵکو قەنارییەکی گەورەی. ژنێکی بەڕاستی ئەڤینداری پیاوێک بێ تەنیا سمێلەکانی وی خۆش ناوێ، بەڵکو بەدڵ بیروباوەڕی ویشی خۆش دەوێ. باوەڕ ناکەی؟

– باشە. ئەگەر ژن دڵی بەهیچ پیاوێکەوە نەبێ، بڕوای بەچی هەیە.؟

– لە قوولایی دڵ خودای نەناسراوی خۆی دەپەرستێ. واتە خودایەک کە چاوەڕوانە خۆی پێ نیشان بدا.

– بەلام ئەگەر ژن لەگەڵ مێردەکەی هاوبیر نەبوو چی؟

– ئەو دەم مێردەکەی فریو دەدا و لەگەڵ فاسقەکەی هاوبیرە

– ئەگەر بەهەڵکەوت مێردەکەی فریو نەدا، چۆن؟

– ئەو دەم سارد سروشتە.

سپینا پێی وایە کە درێژەی گفتوگۆیەکی ئاوا ئەحمەقانە و بێ فاید دەبێ. بیانکینا لەوە کە دەبینێ ئەو بەم زووانە تووڕە دەبێ، دڵی دەگیرێ و بۆ سوکنایی دڵی وی دەیەوێ سەرپشکییەکی بداتێ:

– کەوابوو تۆ پێت خەراپە کە من بمەوێ لەسەر فیکر و باوەڕی تۆ بم؟ دەتەوێ بەپێچەوانەی تۆ بیر بکەمەوە؟... دەبا زووتر پێم بێژی. ئیتر چیت گەرەکە؟ بەلام من یەک شتم زیاتر ناوێ، ئەویش ئەوەیە بەدڵی تۆ بم و ئامادەم تەنیا بیر لەوە بکەمەوە کە تۆ گەرگتە و بیری لێ دەکەیەوە.

سپینا هەوڵ دەدا تووڕە نەبێ و دەڵێ:

– من دەمەوێ تۆ هەمیشە بەدڵی ویژدانی خۆت ڕەفتار بکەی و بەئاقڵی ساخ و شعوری خۆت بیر

بکەیەوە و دەمەوێ تەواوی ئەوانە لە ژیانی تایبەتی تۆ جیا و سەربەخۆ بن.

بیانکینا دەڵێ: «ئەگەر تۆ تەنیا هەر ئەوەت دەوێ من ئامادەم وا بکەم. بەڵام لە تۆڵەی ئەوەدا تۆ منت خۆش دەوێ؟

سپینا لە جێ هەڵدەستێ، کڵاوەکەی هەڵدەگرێ و بۆ لای دەرگا دەڕوا. بیانکینا بەسەرسوڕمانەوە چاوی لێ دەکا و لە هەوەڵەوە پێی وایە گاڵتەیە، بەڵام کاتێ دەبینێ سپینا بەڕاستی دەچێتە دەر، بێ ئەوەی ئاوڕداتەوە تەنیا ئەو دەرفەتەی بۆ دەمێنێ کە هاوار بکا:

– تۆ پیاو نی، تۆ حوشتر مورغی!

پاش دوو ڕۆژ خاتوو کلوچی تەلەفۆن بۆ سپینا دەکا کە نامەیەکی گرنگی لە ئانینا وەرگرتووە و دەیەوێ نامەکەی بەو نیشان بدا. سپینا لە دووکانێکی شیرفرۆشی لەتەنیشت «پانتون» چاوی بەکلوچی دەکەوێ و لە ناوەڕۆکی نامەکە ئاگادار دەبێ. لەنێوان خەتەکانی کە بەجەوهەری ئاسایی نووسراون، خەبەری ژێرەوەش بەئاوی لیمۆ نووسراوە: «مۆریکا دوێنێ گیرا. لێرە وروژانێکی گەورە سازبووە. ئەو لاوانەی کە سەر بەئەنجوومەنی نووسەرانن لە من دەپرسن دەبێ چ بنووسن و حەقیقەتی مەسەلە چییە؟ پیاوێکی دیکەش کە خەڵکی «پراتولا»یە هاتۆتە دیداری من»

سپینا بڕیار دەدا کە بچێتە مارسیکا، خاتوو کلوچی پێی دەڵێ:

– وڵاتێکی کە زێدی ئینسانە وەک دەستی خودی ئینسانە. مرۆڤ لەوێ ناسراوترە، بەڵام باشتر دەتوانێ خۆ بشارێتەوە. دەچێتە کن بیانکینا و دەبینێ لەبەر گریان چاوی سوور بووە و لە ژووری خۆیدا بوە. دەڵێ:

– من ئیحتیاجێکی زۆرم بەتۆ هەیە. مۆریکا گیراوە. تۆ هەر ئێستا دەبێ بچییەوە فوسا. لەوێوە خۆت بگەیێنیە «ئاوەتزانو» لەگەڵ تەواوی ناسیارەکانی خۆت قسە بکەی، بەڵام نابێ وابکەی گومانت لێ بکەن. دەبێ تێبکۆشی هەرچی ڕوودەدا و هەر ئامادەییەکی دەیبینی لێی ئاگادار بی.

– تۆ خۆت لێرە دەمێنیەوە؟

– منیش سبەینی دەکەومە ڕێ. کەمێک دوای نیوەڕۆ کابرای «پڕاتولایی» بەداشقەوە بنێرە سەر جادەی نێوان فوسا و ڕوکادی مارسی. پەناگایەکی شەویش بۆ من پەیدا کە.

– مەگەر ناچیە موسافیرخانە پوورم؟

– نە. چونکە لیباسی قەشەییم لەبەردا نابێ.

– دەتوانین شەوێ پێکەوە بین؟

– بەڵێ.

بیانکینا لە خۆشیان هەڵدەپەڕێ. چەمەدانی دەبەستێ و دەکەوێتە ڕێ.

ڕۆژی دوایی سپینا ڕۆم بەجێ دێڵێ و تا «تیوولی» بەتراموا دەڕوا. لەوێ بەقەتاری ناوچەییکە لە

هەموو ئیزگەیەک ڕادەوەستێ خۆ دەگەیێنێتە بناری چیاکانی «ئابروتزە». ئەو دەزانێ کە پۆلیس بەسەر ڕێگای ئاسندا چاوەدێری توندی هەیە. لەگەڵ ئەوەش ڕۆیشتنی بەکاوەخۆی قەتار بێ تاقەتی دەکا. باش نازانێ لە مارسیکا چ باسە. ئانینا بەشێوەی سەربەستە نووسیویە لەوێدا وروژانێکی گەورە ساز بووە. بەڵام ئەم قسەیە لەوانەیە چەند مانای هەبێ. داخوا ئەنجوومەنی نووسەرانی مۆریکا لەوانەیە توانیبێتی لە ماوەیەکی کەمدا وەزع بگۆڕێ

هەرچۆنێک بێ پێویستە خۆی جێگای مۆریکا بگرێ و نەهێڵێ ئەم گلۆڵە دەزوە بکرێتەوە. ئێستا ڕاسپاردەکەی دۆن بنە دێتوی وەبیر دێتەوە کە «هەر کارێک فەسڵێکی هەیە. فەسڵی بڕینەوەی ڕەز جیایە. فەسڵی پڕژاندنی، خاوێنکردنەوەی ئامادەکردنی کوپەکان و، ئاخرەکەشی فەسڵی ترێ چنین و شێلانی هەمووی جیایە. بەڵام ئێستا ئێمە لە مارسیکا لە چ فەسڵێکداین.؟ ئەو تێدەکۆشێ تا لە قسەکردن دەگەڵ کابرای پڕاتولایی، لەگەڵ ئانینا، لەگەڵ بیانکینا، لەگەڵ لاوانی نووسەر و دۆستەکانی دیکەی مۆریکا ئەم نوکتەیە تێبگات و، دیارە بەگوێرەی بوونی فەسڵ هەنگاو دەنێ و بۆ ئەوانی تر دەبێتە سەرمەشق.

لە ئاوەتزانو قەتاری مەحەللی «تیولی» زیاتر ناچێتە پێش و سپینا بەناچاری سواری قەتارێکی ناوچەیی دیکە دەبێ کە لەسەر خەتێکی دیکە وێستاوە و هەر لە ئێستاوە پڕە لە وەرزێران و سەوداگەرانێک کە دوای بازاڕ بۆ گوندەکانیان دەگەڕێنەوە.

ژنێکی دێهاتی بەسپینا دەڵێ:

– بازاڕی پێش نوئیل هەمیشە شلوغە. سوپاس بۆ خوا ئێستا زۆریان یارمەتی دەوڵەت بۆ ئەو کوڕانەی کە چوونەتە سەربازی وەردەگرن و هەر بۆیەش خەڵک زیتر پارەی دێتە دەست. سپینا گوێ بۆ قسەی موسافیران ڕادەگرێ تا بزانێ داخوا گۆڕانێکی تازە بەسەر ناوچەی مارسیکادا هاتووە یا نا. بەڵام هەستی پرسیارکەرانەی وی قانیع نابێ.

چیاکانی کە دەشتی فوچینویان دەورە داوە، بەجارێک لە بەفر سپی دەچێ. لە هێندێ جێ بەفر لەسەر گردەکانی دەشتیش ماوەتەوە. سپینا باڵتۆیەکی ڕەشی لەبەردایە کە تا قولاپانی دێت و شاڵگەردنێکی ڕەشی لە ملی هاڵاندووە. بەم سەروسیمایە ئەگەر تووشی کەسێکیش بێ کە دەلیباسی قەشەییدا دیتوویە، نایناسێتەوە کە ئێستا لیباسی قەشەیی دەبەردا نییە. هەر لەو کاتەدا ئەگەر پێویست بێ ئەوەندە بەسە کە دوگمەی باڵتۆی بکاتەوە و شاڵ گەردنەکەی لە ملی لابەرێ ببێتە ئاغایەکی ئاسایی. شکڵی کڵاوەکەی سەرنجڕاکێشترە. جسن و شکڵی کڵاوەکەی جۆرێک هەڵبژاردووە کاتێ لەسەری دەنێ هەم وەکڵاوی قەشە دەچێ و هەم وەکڵاوی ئاسایی. ئەم داهێنانە بۆتە هۆی ئەوە کە سپینا ماوەیەکی درێژ کاتی خۆی لە کڵاودرووێکی شاری ڕۆم بەفیڕۆ داوە، بەڵام ئاخرەکەی نەخشەکەی گرتوویەتی و وەک منالان پێکەنینی بەخۆی دێت.

لە ئیزگەی فوسا کە پڕە لە خەڵک بێ ئەوەی سەیری دەوروبەری خۆی بکا، دادەبەزێ و گورج بەڕێگایەکدا کە بۆ ڕوکا دەچێ دەکەوێتە ڕێ. ئەو ڕێیە کە سەرەو ژێرێکە بۆ لای تەپکەکان سنووری نێوان

گردێکی داپۆشراو بەرەز و مەزرایەکی بەربڵاوی گەنم. لەسەر پێچێک کابرای پڕاتولایی بەگاریەوە دەیگاتێ. سپینا بێ ئەوەی هیچ بڵێ سوار دەبێ و گاری دەکەوێتە ڕێ.

کابرای پڕاتولایی ڕیشێکی چەند ڕۆژەی هەیە، کراس و باڵتۆکەی لە ئاسایی پیستر و شڕترە، هیلاک دێتە بەرچاو، وەک نەخۆش بێ. سپینا دەپرسێ:

– خەبەری مۆریکا چییە؟

– ئەو دوێنێ مرد.

لەلای چەپ، ئاخرین گەڵا سیسەکانی مێوەکان دەوەرن و لەلای ڕاستەش ڕەپستەی شین مەزرای داپۆشیوە. هەوا پڕە لە ئارامییەکی تایبەتی، ئارامییەکی سروشتی... ئارام ئەو شتانەی کە هەموو لەسەر جێگای خۆیان بن. مۆریکاش ئاخرەکەی لە جێگای خۆی ئارامی گرتووە. سپینا دەڵێ:

– ئەو بەمنی گوتبوو کە ئێوە یەکترتان دەناسی و پێکەوە دۆست بوون.

گاریچی وەڵام دەداتەوە:

– بەڵێ، ئێمە زۆر جار پێکەوە بووین، مرۆڤ پێی خۆش بوو لەگەڵ ئەو بێ. پیاوێکی باش بوو، تینی وەبەر مرۆڤ دەنا کە باش بێ. لەگەڵ ئێمە باسی ئاڵوگۆڕێشی دەکرد و دەیگوت: پێکەوەبوون و نەترسان سەرەتای کارە.

سپینا دەڵێ: «بەڵێ، دەبێ پێکەوە بین و نابێ بێڵین ناکۆکی بکەوێتە نێوانمان.

گاریچی دەڵێ: «ئەو لەسەر کوتە کاغەزێک نووسیبووی: «لەجیاتی درۆ و نەفرەت ڕاستی و برایەتی لەبەینی ئینسانەکاندا حاکم دەبێ و کاری زیندوو جێگای کاری پارە دەگرێتەوە.» کاتێکی گیرا ئەم کوتەکاغەزەیان لەکن دیتبۆوە ئەو حاشای نەکرد. ئەو دەم لە حەساری سەربازخانەی فوسا لەجیاتی تاج لەگەنی شەویان لەسەر نا و گوتیان: «ئەوەش ڕاستی!» پاشان لەجیاتی دەزگای قەشە گەسکێکیان وەدەستی دا و گوتیان«ئەوەش برایەتی!» پاشان لەسەر هەرد لە فەرشێکی سووریان وەرپێچا و سەربازەکان وەک تۆپی فوتباڵ دەیاندا بەیەکتر و پێیان گوت: «ئەوەش کاری زیندوو!» کاتێکی کەوتە هەرد بەپۆتینی بزماردار لە پەراسوویان دەدا و بەهەموو تواناوە پێشێلیان دەکرد. تازە پاش ئەو لێپرسینە سەرەتاییەش تا دوو ڕۆژ هەر زیندوو مابوو.

سپینا دەڵێ: «ئەگەر ئێمەش وەک ئەو بژین، مانای ئەوەیە ئەو نەمردووە. ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە پێکەوەبێن و نەترسێن.»

کابرای پڕاتولایی بەسەر پشت ئەستووری دەکا.

سپینا دەپرسێ: «کەسێکی بەدوای دادپەروەریدا بێ لە چی بترسێ؟ لە مەرگ؟»

«پڕاتولایی» لە وەڵامدا دەڵێ: «تەنیا پیاوکوژەکان لە مەرگ دەترسێن»

لە چوونە نێو گوندی «ڕوکا» گاریچی ماڵێک نیشان دەدا کە لەنێو مەزرا دروست کراوە و حەسارێکی گەورەی هەیە. ئێرە ماڵی دایک و بابی مۆریکایە. سپینا پاش ئەوەی تکا لە کابرای پڕاتولایی دەکا کە

دوایە بەدوایدا بێ و ئەگەر بکرێ بیانکیناش لەگەڵ خۆی بێنێ. لە ڕێگایەکی باریک و داپۆشراو لە گیا بۆ لای ماڵەکە دەچێ. ماڵی مۆریکا یەک قاتە و بەڵام ساختومانێکی پانوبەرینە، نیوێکی جێگای دانیشتن و نیوەی دیکەی تەویلەیە. تەواوی پەنجەرەکان داخراون. بەڵام هەروەک لە تازیە و پرسەدا دابە، دەرگای حەسار کراوەتەوە. لە ژووری حەسارێ لەپێش دەرگا عارەبانەیەکی دوو تەگەری گەورە و چوار گۆشە دانراوە کە بەڕەنگی سوور و شین ڕەنگیان کردووە و دوو قۆڵی بەرەو حەوا ڕاگیراون. لە پەنا عارەبانە ئامورێکە گاسنەکەی چوو بووە دەهەردی. خەڵک بەگوێرەی دابونەریت ئاسایی دێن و دەچن. سپیناش بەدوودڵی دەچێتە ژوور، بەڵام کەس سەرنجی ناداتێ، هێشتا لە دەرگای ماڵ نەهاتۆتە ژوور خۆی لە ژوورێکی گەورەدا دەبینێ کە هەردەکەی بەبەردی نارێک فەرش کراوە و ئاسایی دەبێ ئاشپەزخانە و عەمباری کەلوپەلی کشتوکاڵ بێ.

بەڵام ئێستا پڕ لە میوانە. ژن بەلیباسی ڕەش و زەرد لە پەنا ئاگردان لەسەر هەرد دانیشتوون. پیاوەکان کە لە دەوری مێز ڕاوەستاون باسی زەوی وبەرو بۆ دەکەن. سپینا لە ئاخری ژوورەکەدا چاوی بەئانینا دەکەوێ کە بەتەنیا لەسەر چوار پایەکی بەڕەنگی پەڕیو و مات و لەرزیو لەنێو ئەو هەموو نەناسراوانەدا دانیشتووە. ئەویش ناگری. بۆ گریان دەبێ تەنیا بی و یا لەگەڵ ناسیارێک. بەڵام کاتێ سپینای دەناسێتەوە ئیتر خۆی پێ ڕاناگیرێ و دەست بەگریان دەکا. دایک و بابی مردوو کە لیباسی ڕەشیان لەبەردایە لە ژووری جیرانەوە دێن، دایک دەچێتە کن ئانینا، ئەسرینەکانی دەسڕێ و دەپارچەیەکی ڕەشی وەردەگرێ و لە پەنا خۆی لەسەر هەمان چوار پایەی پەنا ئاگردانی دادەنێ.

ژنەکانی دیکە لە یەکتر دەپرسن: ئەو ژنە کێیە؟

یەکێک وەڵام دەداتەوە: «ئەوە ژنی ڕەحمەتییەکەیە، ژنێکی شارییە.

باوک لە ئاخری مێز لەگەڵ پیاوانی دیکە دادەنیشێ.

خزم وکەس لە گوندی دراوسێوە دەگەنێ. منداڵ دەگەنێ. وەک باوە دایک تاریفی کوڕەکەی دەکا و دەڵێ:

– من ویستبووم منداڵەکەم ڕزگار بکەم لە خۆم دوورخستبۆوە تا بخوێنێ و لەبەر ئەوە جەستەیەکی لاواز و ناسک و بەهەستی هەیە نەجاتی بێ. بەڵام نەمتوانی بوو ڕزگاری بکەم. هەوای شاری پێ نەکەوت و زەوی بۆ لای خۆی بانگی کردبۆوە. لێرەش دیسان خەریکی کشتوکاڵ دەبوو، یارمەتی باوکی دەکرد. وێدەچوو ئەم کارە زۆر هیلاک و بێزاری بکات. چونکە هەموو ڕۆژێ کارکردن لە زەوی سزایەکی ڕاستەقینەی خودایە. بەڵام ئەو بەپێچەوانە وردە وردە هۆگری ئەم کارە دەبێ، هەموو ڕۆژێ بەیانی باوکی وەخەبەر دێنا، ئەسپەکەی زین و لغاو دەکرد، تۆیەکانی هەڵدەبژارد، چەلەنگەکانی پڕ دەکرد و دەگەیشتە باخچە.

دایک لەگەڵ پەسنی کوڕەکەی جار جار پشووێکی دەدا و ئاگری ئاگردانەکەی خۆش دەکرد و لقەدارێکی دەخستە سەر ئاگرەکە. مارتای خوشکی دۆن بنە دێتو دەگاتێ ئەویش لەبەر مردنی برای ڕەشپۆشە.

وەرزێرەکانی گوندی لە دەور و بەرەوە دەگەنێ. هێندێک جێگا چۆڵ دەکەن و دەڕەۆن. مۆریکای پیر لە نیزیک مێز ڕاوەستاوە خواردن و خواردنەوە دەدا بەپیاوەکانی دانیشتوو. شەڕاب تێ دەکا و دەڵێ: بخۆنەوە! نان دەکاتە پاروو دەڵێ بخۆن! پاشان دەڵێ:

– ئەو لە چاندن و بلارکردن و دروێنە و کوتان و لە ئاشکردنی ئەو گەنمەی کە ئەو نانەی لێ دروست کراوە یارمەتی داوم... وریگرن، بیخۆن، ئەوە نانی وییە. پیاوەکان دەخۆن و دەخۆنەوە. هێندێکیش نان لە شەڕابدا دەکەنە تلّیت.

دیسان دەستەیەکی دیکە دەگەنێ. باوک شەڕاب تێ دەکا و دەڵێ: بخۆنەوە... ئەو لە هەڵپەرتاوتن و پڕژاندن و بژارکردن و چنینی ئەو ترێیەی کە ئەو شەڕابەی لێ دروست کراوە یارمەتی منی داوە، وەرگرن بخۆنەوە، ئەوە شەڕابی وییە.

ئەوجار سواڵکەر دەگەنێ. دایک دەڵێ لێگەڕێن با بێنە ژوور. کەسێک دەڵێ: لەوانەیە ئەوانەیان بۆ جاسووسی نارد بێ.

– لێگەڕێن با بێنە ژوور. چونکە دەرخواردانی خواردن و خواردنەوە بەسواڵکەران، زۆر کەس بێ ئەوەی خۆیان بزانن خواردنیان داوە بەمەسیح.

باوک دەڵێ: «بخۆن و بخۆنەوە، ئەوە نان و شەڕابی ئەوە. ئەو دەم باوک چاوی بەسپینا دەکەوێ، سەیری دەکا و لێی دەپرسێ:

– خەڵکی کوێی؟

– خەڵکی «ئورتا»

– ناوت چییە؟

ئانینا هەڵدەستێ بەسەبرۆکە ناوێک بەگوێچکەی پیرەمێرد دەڵێ. پیرەمێرد بەسپینا دەڵێ:

– من بەگەنجی لەگەڵ باوکی تۆ ئاشنا بووم. ئەو لە بازاڕ ماینێکی لە من کڕی. ئەو کوڕەی لە منیان ئەستاند لە بارەی تۆوە زۆر شتی بەمن گوتووە. وەرە لێرە لەنێوان دایکی و خێزانی دانیشە بخۆ و بخۆوە چونکە ئەوە نانی وییە و شەڕابی وییە.

سپینا دەڵێ نان کە لە هەزار دەنکە گەنم دروست دەکرێ بەمانای یەکێتییە. شەڕاب لە هەزاران دەنکە ترێ ساز دەکرێ ئەویش مانای یەکێتییە. یەکێتی لە شتی وەک یەک و بەرانبەری و بەقازانج. کەوابوو یەکێتی ڕاستیشە و برایەتیشە و ئەوانە پێکەوە سازگارن. لە لای ڕاستەی سپینا ژنە وەرزێرێک دانیشتووە کە دایکی مردۆکەیە و لە لای چەپەشی کیژە کرێکارێکە خێزانی مردۆکەیە. لەلای چەپەی گوندە و شاریش لەلای ڕاستەیەتی. سپینا خۆشی نیوە شارەیی و نیوە گوندییە.

باوک دەڵێ بۆ نان دروستکردن نۆ مانگ پێویستە.

دایک بەسەرسوڕمانەوە دەڵێ: «نۆ مانگ!»

– لە نوامبر تۆوی گەنم دەچێنن و لە یولی دەدروونەوە و گێرەی دەکەن. پیرەمێرد مانگەکان دەژمێرێ.

نوامبر، دیسامبر، یانواری، فێبرواری، مارس، ئەپریل، مای، یونی، یولی، ئەوە ڕاست نۆ مانگی. بۆ پێگەیشتنی دیکەش نۆ مانگ پێویستە. لە مارسەوە تا نوامبر ئەوەش دەبێتە نۆ مانگ. دایک دیسان دەپرسێ: «نۆ مانگ» ئەو قەت بیری لەوە نەکردبۆوە بۆ منداڵ دروستکردنیش نۆ مانگ پێویستە. ئەو لە مانگی ئەپریل هاتبووە دنیاوە. دایک مانگەکان دەژمێرێ.

ئاشنای دیکە دەگەنێ هێندێک دەڕۆن تا جێگا بەوان بدەن، مارتا بەدایکە دەڵێ:

– لە بیرمە کاتێ کوڕەکەت منداڵ بوو، تۆش هێشتا گەنج بووی ئەوت دەئامێز دەگرت و دەچوویە سەر تەپۆڵک و دەتگێڕا. دۆن بنە دێتو ئەو دەم دەیگوت: تۆ وەک توولە مێوێک دەچی و ئەویش وەک هێشوە ترێیە. تۆ وەک چڵە گەنم دەچی و ئەویش گوڵە گەنمی تۆیە...

باوک دەڵێ: «بخۆن و بخۆنەوە. ئەوە نانی وییە و ئەوە شەڕابی وییە.

بیانکینا لە دەرگاوە دێتە ژوور. سپینا یەکسەر دەچێتە پێشوازی. ژنی گەنج پێی دەڵێ:

– هەر ئێستا دەبێ ڕابکەی. تۆیان ناسیووە،

: تۆ لە کوێ دەزانی؟

– من لە ئاوەتزانو دوو جار ئالبێرتۆ کولامارتینی- م چاوپێکەوت. ئەو هێشتا ئەڤینداری منە. لەو کاتەوە کە پۆمپیئو چۆتە ئەفریقا، ئیتر ئیرەیی نابات. من لەسەر ڕاسپاردەی تۆ بەڕواڵەت ئەڤینی ویم قبووڵ کرد. ئەو ئێستا ئەفسەری ئەرتەشە، بۆ منی باس کرد کە ئێستا چەند ڕۆژە عەکسی گەورەی کەسێکیان بەناوی پێترۆ سپینا لە دەفتەری کۆڕی وی بۆ تەماشا داناوە. ئەگەر باش سەیری بکەی، گومانت نامێنێ کە پێترۆ سپینا و دۆن پاولۆ یەک کەسن. من زۆر هەوڵم دا تێی بگەیێنم بەهەڵەچووە، بەڵام گوێی نەدایە. هەر ئیمڕۆ بەیانی ڕاپۆرتی داوە بەبالادەستی. بەڕاستی هەڵکەوتێکی سەیرە کە ئیمڕۆ کاتێ گەیشتوویە ئیزگەی قەتاری ڕێگای ئاسنی فوسا تۆیان نەناسیووە. ئێستا ئیتر نابێ یەک چرکەش کات بەفیڕۆ بدەی. بێ گومان ئێستا تەواوی پۆستەکانی ژاندارمە و ئەسکەری ناوچەی ئاگادار کردووە.

سپینا ئانینا بانگ دەکاتە پەنایەک، پاشان داوا لە مۆریکای پیر دەکا کە بۆ ڕۆژێک ئەسپەکەی بەئەمانەت بداتێ. پیرەمێرد کاتێ بۆ حەساری ماڵ دەگەڕێتەوە، جوانو ئەسپێکی جوان کە تازە گیراوە بەدوای خۆیدا دەکێشێ و دەڵێ: «کەمێک هەوا هەڵمژێ بۆی خەراپ نابێ.

بیانکینا دەپرسێ: «من چ کارێکم لە دەست دێ؟»

– هەرچی پراتولایی پێی گوتی وا بکە و جیدی بە. من ئێستا دەچمە پیتراسکا، چونکە لەوێ هێندێ کاغەزم داناون باشترە بیانسووتێنم. پاشان دێمە خوارێ و بەرێگای «پسکا سرولی»دا دەچمە «ئالفدنا» و یا «سکانۆ»، دیارە هەر کە توانیم لە وەزعی خۆم ئاگادارت دەکەم.

سپینا سواری ئەسپ دەبێ، ئەسپێک بەگوێرەی دابی گوندی زین و لغاوی نییە. تەنیا هەوسارێکی ساکاری بەسەرەوەیە. بۆیەش ئەسپ کاتێ بێگانەیەک لەسەر پشتی خۆ دەبینێ، دەحیلێنێ و چوار ناڵ هەوسار پساو ڕوو لە سەحرا دەکا و سپیناش کە ساڵەهای ساڵ سواری ئەسپ نەبووە، ئەسپ هەڵی

دەگرێ. هەر چەند هەوساری ئەسپ دەکێشێ بۆی ڕاناگیرێ. بۆ ئەوەی نەکەوێ ناچار هەرتک دەستی لە یاڵی ئەسپ قایم دەکات. ئەسپەکەش پاش تاوێک ئارام دەبێتەوە. سپینا بەکوێرەڕێیەکدا بەنێو مەزرای تەنیشت جادەی کالیسکە ڕۆدا ئەسپ بۆ لای دۆڵی پیتراسکا دەبات. لە دەرەوەی گوندی «لاما» کەمێک پێش ئەوەی بگاتە ئەو پردەی کە دەچێتە دۆڵی پیتراسکا دژبانێک پێشی دەگرێ و هاوار دەکا: «ڕاوەستە!» ئەسپ لەو دەنگدانە دەڕەوێتەوە و سپیناش بێ ئەوەی لە غاری ئەسپەکە کەم کاتەوە چوار ناڵ دەیکوتێ. هەر چەند هەورازیشە ئەسپ بێ پشوودان بەشی هەوەڵی دۆڵ دەبڕێ و تەنیا بەدیتنی بەفر لەسەر جادە غار کەم دەکاتەوە. سپینا جار جار ئاوڕ دەداتەوە بەڵام شوێنی ڕاونانی لەدوا نییە.. گریمانەی ئەوە نییە کە ئەو نیزامیە دوای کەوتبێ. بەڵام دووریش نییە کە سەربازخانەی جیران ئاگادار بکا و نیشانەی سواری بداتێ. لەم حاڵەدا گەشتێکی ژاندارمی ئەسپ سوار یا دژبانی مۆتۆرسکلیت سوار ڕێگای دۆڵی پیتراسکا دەگرێ. هەر یەک لەو گریمانانە دەبنە کۆسپێک لەسەر ڕێگای ڕاکردنی کە ئاقڵی پێ ناشکێ. سەررەویی خۆی بۆ لای پیتراسکا درێژە پێ دەدا، بەڵام ڕێگا بۆ چوونەدەر لە دۆڵ دەبەسترێ و دەکاتە کۆسپ و چۆن دەتوانێ ڕابکات؟ لەپڕ سەری ئەسپ وەرگێڕان و هاتنەخوار بۆ دەشت کارێکی بەترسە ڕۆیشتنە بەرەو پێشوازی لە ژاندارم و نیزامیان. بەڵام چوونی پیتراسکا و مانەوەش لەوێ ئەوەندە ئاقڵانە نییە و لەوێ وەک مشک دەتەڵە دەکەوێ. سپینا بەلێبڕاوی هیچ ڕۆژنەیەکی هیوا بۆ نەجاتی خۆی نابینێ. ئەسپ پشوو دەدا و هەڵمی لێ هەڵدەستێ و کەفی بەلغاواندا دێتە خوار. بەڵام هەروا داژوێ. هەر چەندی زیاتر دەڕواتە پێش، دیمەنی دۆڵەکە دەگۆڕێ. بەفر زۆر باریوە و عاسمان دیسان بەفری پێوە دیارە. بنارەکانی چیا کە وا سپی هەڵگەڕاون، هەرگیز ئەوەندە بەرز و ڕژد نەهاتبوونە بەرچاوان. هەوڵدان بۆ تێپەڕبوون لەو بنارانە نەک هەر بەهیلاک چوونە، بەڵکو فایدەشی نییە.

گوندەکانی ئەو لای بناریش بەشێکن لە مارسیکا دوور نییە نیشانی ئەویان دابێ بەوێش. سپینا دەگاتە بەرانبەری پیتراسکا. کڵاوەکەی دادەکێشێ و دوگمەی باڵتۆکەی دادەخات و بەم چەشنە کەم و زۆر خۆ دێنێتە سەر ڕەنگی قەشە. لەودیوی پیتراسکا چیا دۆڵەکە دەبەستێ و تەواو لە بەفر داپۆشراوە. دوو لووتکەی نابەرانبەر کە دوگەی حوشتر وەبیر دێننەوە. لووتکەی بەرزتر دوورە دیمەنی دۆڵ دەبەستێ و، لووتکەی بچووکتر کە لێوارێکی دەشتەکی هەیە ئەولاترە و دەگاتە بناری لای ڕاستە. خڕێکی قووڵ ئەم دوو لووتکەی لێک جیا کردۆتەوە کە بە «زین بزان» ناسراوە.

سێلاوێکی لە دۆڵی پیتراسکا دێتەخوار لەوێوە سەرچاوە دەگرێ. سپینا دەزانێ لە «زین بزان» بۆ بناری ئەودیوی چیا، تاقە کوێرەڕێگایەکی هێستر ڕۆ هەیە کە بێ گومان بەفر گرتوویە و بۆ لێ تێپەڕبوون نابێ. سپینا وەبیر دێنێتەوە کە لە شاتاپی بیستبوو کە تێپەڕبوون لە «زین بزان» و گەیشتن بەماڵەکانی هەوەڵی ئاوایی بناری ئەودیوی چیا، لە هاویندا ڕێگای چوار پێنج سەعاتە. ئەدی لە زستاندا چۆن؟ ئەگەر ئەو توانایەکی زیاتری هەبایە تاقە ڕێگای ڕزگاری لەم تەڵە مشکەی تێی کەوتووە، بێ گومان هەر ئەو ڕێگایەیە. بەڵام لە وەرزێکی ئاوادا، داخوا ئەوە شێتی نییە کە چەند سەعات لەم بەرزاییە و لە چیایەکی ئاوادا، خۆی سەرگەردان بکات؟ بێ گومان لە بوارێکی ئاوادا زۆر باشترە کە بەفێڵێکی ژیرانە

هەنگاوێکی پێچەوانە باوێ و لە پیتراسکا بمێنێتەوە و وا نیشان بدا کە بەفلان لادا ڕادەکا. ئەو دەم لە خانووی یەکێ لە وەرزێران، یا لە تەندووری گشتی ئاوایی کە هەر پازدە ڕۆژ جارێک هەڵدەکرێ و یا لەژێر زەمینێ لە چەلەنگێکی گەورەدا خۆ بشارێتەوە. بەڵام بۆ ئەم کارە هاودەستێک پێویستە و ئەو هیچ کەسی نییە.

بەتاوتوێی ئەم فیکرانە لە مێشکی خۆیدا ئاخرەکەی سپینا دەگاتە پیتراسکا. هەوساری ئەسپەکە لە دەرگای موسافیرخانە دەبەستێتەوە و دەیەوێ بچێتە ژوور. لەناکاو دەنگی نیزیکبوونەوەی کەسێک لەپشتەوە دەبیسرێ. ئاوڕدەداتەوە دەبینێ کریستینایە. ڕوخساری کیژەکە ئەوەندە خەفەتاوییە کە سپینا دەترسێنێ. کیژەکە بەزەحمەت دەڵێ:

– برام نامەیەکی بۆ من نووسیوە.

سپینا لەپێشدا نیگەران دەبێ کە نەکا بەڵایەکی بەسەر ئالبێرتۆدا هاتبێ. بەڵام قسە لە شتێکی دیکەیە.

کیژی لاو دەپرسێ:

– ڕاستی بەمن بڵێ. داخوا ڕاستە کە تۆ پێترۆ سپینای. ؟

– بەڵێ.

ماتالنا لە موسافیرخانە دێتەدەر. سپینا و کریستینا کە هەریەکەیان بەهۆیەکەوە ئاڵۆزن، بێ دەنگ دەبن.

سپینا دەچێتەوە ژووری خۆی. شتومەکی خۆی کۆ دەکاتەوە و کۆمەڵە کاغەزێک دەسووتێنێ. جاروبار ڕادەوەستێ تا چاو لەو جادەیە بکات کە لەلای دۆڵەوە بەرەو هەوراز دێت. لەگەڵ ڕێکوپێککردنی کاغەزەکانی تووشی دەفتەرچەی یادداشتەکانی ڕۆژانی خۆی دەبێ کە ناوونیشانی «وتووێژ لەگەڵ کریستینا»ی لێ نووسراوە. تاوێک لە دڕدۆنگیدا دەمێنێتەوە. پاشان ئەم چەند وشەیە بەناوی پێشکێش و ماڵاوایی لەپشتی بەرگەکەی دەنووسێ:

– ئازیزم، کریستینای خۆشەویست! تۆ لێرە حەقیقەت دەدۆزیەوە و جگە لە حەقیقەت هیچی دیکە نابینییەوە. مەبەستم حەقیقەتی واقیعی و ڕەسەنە. حەقیقەتێک کە لەم سەردەمە خەفەتاویەدا بزرە. حەقیقەتێک کە لە دڵدایە. پێترۆ سپینا.

دەفتەرچە دەخاتە پاکەتێکەوە. بۆ ئاشپەزخانە دێتە خوار و پاکەتەکە دەدا بەئامریکۆ و داوای لێ دەکا بەخێرایی بێگەیێنێتە کریستینا. ماتالناش بەدوای شاتاپدا دەنێرێ. هەقدەستی ڕۆژێک پێشەکی دەدا بەشاتاپ کە خێرا ئەسپەکە بۆ ڕوکا بەرێتەوە و بیداتەوە بەخاوەنەکەی. پاشان دووبارە دەچێتەوە ژوورەکەی خۆی. پاش نیو سەعات کاتێ ماتالنا دێت بپرسێ کە چی دەخوات، ژوورەکە بەخاڵی و ڕێکوپێک دەبینێ لەگەڵ هێندێ پارە و چەند وشە بۆ سوپاس لە میواندارى ماتالنا لەسەر مێزە. ڕۆیشتنێکی چەند سەیر! هێشتا نیو سەعات لە هاتنەوەی ڕانەبردووە، بێ ماڵاوایی ڕۆیشتووە.! دێتە

خواریّ بۆ باخچە و لەسەر بەفر شوێنی ئینسانێک دەبینێ. بەسەرسوڕمانەوە شوێن پێ هەڵدەگرێ و دەگاتە سێلاوگر، لە درێژایی سێلاوگر شوێن پێ درێژەی هەیە، بەڵام نەک بۆ لای دۆڵ، بەڵکو بۆ لای سەرچاوە هەوراز چووە. بێ گومان ئەو کابرایە شێت بووە. ماتالنا لە ڕێگادا تووشی جووتیارێکی کەڕولاڵ دەبێ بەدەست و ئاماژە تێی دەگەیێنێ کە قەشەی دیوە یا، نا. کەڕولاڵ حاڵی دەکا کە دێتوویە بۆ لای چیا ڕۆیشتووە.

ماگاشیا دەگاتێ و ئەم خەبەرە پشت ڕاست دەکا. قەشە وەک مرۆڤێکی لە هەموو شوێن ناهومێد ڕووی کردۆتە چیا و ئێستا دەبێ تەواو دوورکەوتبێتەوە.

ماتالنا دەڵێ:

– بێ گومان ئەو شێت بووە. لە هاوێندا هەمیشە لە ژووریّ دەمایەوە. ئێستا کە میترێک بەفر باریوە، ڕوو دەکاتە چیا.!

ماتاڵنا چونکە سەر لە هیچ دەرناکات، دەچێتە کن کریستینا بەڵکو ئەو شتێ بزانێت.

کیژی لاو لە ژووری خۆی تەنیا دەرگای لەسەر خۆی گاڵە داوە و گیرۆدەی خەمێکی گەورەیە. تازە لە خوێندنەوەی یادداشتەکانی ڕۆژانەی پێترۆ سپینا بۆتەوە.

ماتالنا پێی دەڵێ:

– قەشە شێت بووە. بەنهێنی لە دەرگای باخ چۆتە دەرێ و ڕووی کردۆتە چیا.

کریستینا دەچێتە پێش پەنجەرە و تەماشای ئەو لایە دەکات کە مودیری موسافیرخانە پێی نیشان داوە. لە بناری سەر تا پێ سپیی چیاکە یەکسەر بۆ لای «زین بزان» دەڕوا، شوێنی ئینسان دیار نییە. کەوابوو ڕێگای ئاسانتر و بەڵام درێژتری گرتۆتەبەر، واتە هەمان کوێرەڕێیی هێسترڕۆ کە پاش جیابوونەوە لە لێرەوارەکانی سێلاوگر بەهێڵی درێژی مارپێچ بۆ لای پشت چیا هەوراز دەڕوا.

خۆزیا نانی خواردبایە! خۆزیا لیباسی گەرمتری دەبەر کردبایە.!

بەستێنی سێلاوگر وەها بەتەختە بەرد و داری بچووک شاراوەتەوە کریستینا ناتوانێ بزانێ کە ڕاکردوو دەبێ گەیشتبێتە کوێ. جگە لەوە مژیشە.

ماتالنا دەڵێ: «بەم زووانە شەو دادێ. ئەو ئەگەر بگاتە «زین بزان»یش لە کڕێوەی بەفردا دەمێنێتەوە..»

مودیری موسافیرخانە دەنگی گریانی ئامریکۆی کوڕی دەبیسێ و بەدوای کاری خۆیدا دەڕوا. کریستینا لەبەر پەنجەرە دەمێنێتەوە و چاوی بڕیوەتە ئەولایە کە ئەو پیاوە پێیدا ڕادەکا. ئەم ڕووداوە بۆ مرۆیەکی وەک سپینا کە جەستەیەکی لاوازی هەیە و لە بارودۆخی ناوچە شارەزا نییە و کەلوپەلی تایبەتی و ئازووقەشی نییە. لەوانەیە بەقیمەتی گیانی تەواو بێت. فیکری ئەوەی کە ئەو مرۆیە بەرەوڕووی مەترسی مەرگە لەپڕ نیگەرانی بەسەر گیانی کریستینا دادێنێ و هەموو جۆرە تێڕوانین و ئیحتیات لەبیر دەباتەوە. دەفتەرچەی یادداشتەکانی سپینا لەژێر باڵنجی خۆی دەشارێتەوە، لە قەفەسەی خۆی بەدوای

لیباسە خورییەکانیدا دەگەڕێ کە بەکار بێن، باڵتۆیەک و دوو بلوزی دەستچن و جووتێکی دەستەوانە و دوو شاڵگەردن دێنێتە دەر و هەموویان لە بوخچەیەک دەنێ. ئەو دەم دەچێتە ئاشپەزخانە، نردوێک نان و شووشەیەک شەڕاب هەڵدەگرێ و ئەوانیش دەنێو لیباسەکان دەنێ و بۆ ئەوەی دایە گەورەی نەیبینێ و دەنگی نەبیسێ، بوخچە دەبن هەنگڵی دەنێ وەک بچێ سەری تەویلە بدات. لە ئاخری باخ دەچێتە دەر، بەڵام لە دەرەوەی ماڵ دەورێکی سووک لێدەدا، لەپشتی کەنیسە و قەبرستان تێدەپەڕێ، پاشان لە بەفر دەنیشێ وەک ئەوکاتەی منداڵ بوو لە سەرەو ژێرێکی بەبەرزایی دە دوازدە میتری لێ دەنیشێ تا دەگاتە کوێرەڕێیی خوارەوەی سەرەو ژێر کە بەدرێژایی سێلاوگر تا مەودایەکی درێژ بەرەو سەرچاوە هەوراز دەڕوا. کاتێ دڵنیا دەبێ کە لە دانیشتوانی گوندی هیچ کەس نەیدیوە، دەست بەڕاکردن دەکات. چونکە ئەگەر بەڕاستی ڕاکردوو نیو سەعات پێش وی کەوتبێتە ڕێ ئەو نابێ کات بەفیڕۆ بدات. لەسەر کوێرەڕێ شوێن پێی جیاواز دەبینێ و کریستینا لەگەڵ ڕاکردن تێدەکۆشێ شوێن پێی ڕاکردووی خۆی بزر نەکات. هەر چەندی دەچێتە پێش جێ پێیەکان کەمتر دەبێ بەڵام هەرچۆنێک بێ لە لێواری سێلاوگر جیا نییە و ئەوەش نیشانەیەکی ئاشکرایە کە ڕاکردوو بۆ گەیشتن بە «زین بزان» ڕێگای دوورتری گرتۆتە پێش واتە هەر بەهەمان کوێرەڕێگای هێستر ڕۆدا ڕۆیشتووە. کریستینا بۆ ئەوەی بتوانێ دواکەوتنی خۆی قەرەبوو بکاتەوە ناچار دەبێ ڕێگای کورتتر بگرێتەبەر کە سەرەو ژێرێکی تووندی هەیە و لە بنارێکی بەبەرزایی نیزیک بەسەت میتر دەچێتە سەر تا دەگاتە ئاخری بناری دۆڵ. ئەو دەزانێ کە سەرکەوتن لەم بنارە پڕ لێژ و هەورازە تەنانەت لە وەرزێکدا کە هەواش خۆشە ئازایەتییەکی مەترسیدارە کە تەنیا بەوانە دەکرێ کە لەگیانیان بوردوون و لە زستاندا لە ڕادەبەدەر بەترسترە. بەڵام ئەو تاقە ڕێگایە کە لە پێشیەتی تا بتوانێ خۆ بگەیێنێتە ڕاکردوو. بەبازدێک لە سێلاوگر تێدەپەڕێ و دەست دەداتە هەوراز، بەیارمەتی لاق و دەستان دەچێتە سەر. دەست بەلقەدار و گوێنی و لووتکە بەردان دەگرێ کە سەریان لە بەفر وەدەر ناوە. هێندێ جار لەوەی دەستی پێ دەگرێ بەهەڵە دەچێ و بەرەوڕوو دەکەوێتە سەر بەفر و لەسەرڕا دەکەوێتەوە خوار. لە بەختی خۆی لەو شوێنە سەرەو ژێری بنار زیاترە، بەفر لەبەر با تەنکترە. بەڵام لەنێو دەختە بەردان کە کریستینا هیوادار بوو بەدڵنیایی زێترەوە بچێتە پێش، زیاتر لە بەفر دەچێتە خوار و دەبێ هەمیشە هێزی باسکی بەکار بێنێ تا لە بەفر خۆی دەرباز دەکات. داوێنی و بوخچەکە کۆسپی گەورەن بەڵام ئەو بەدوو هۆی جیاواز ناتوانی واز لە هیچیان بێنێ. لە شوێنێکدا کە لەبەر هاتنە پێشێ لە ڕادە بەدەری تەختەبەردێک ئەشکەوتێکی وشک ساز بووە. کریستینا هیلاک و پشوو لێبڕاو دەکەوێتە هەرد. لە ئاخری دۆڵ مژ دێتە سەر. پەڵە گەورەی مژ کە وەک خۆڵەمێش دەچن. کەندالّەکان پڕ دەکەن. ماڵەکان دادەپۆشن و مەزرا و پەرژین و دیوارەکان دادەگرن. ئێستا زەوی بێ شکڵ و خاڵی دێتە بەرچاو. دەڵێی کەسی تێدا نییە و گەڕاوەتەوە سەرەتای دروستبوونی. بەڵام بەپێچەوانەی سەرەتای دروستبوونی کە گیانلەبەری تێدا نەبوو، ئێستا ژن و پیاوێکی تێدایە. پیاوێکی تەنیا کە لەوانەیە ئێستا زۆر لە ژنەکە دوور نەبێ. ژنێکیش کە دەیەوێ دووبارە ڕاست بێتەوە تا خۆی بگەیێنێتێ و لە تەنیایی یارمەتی بدا. ئێستا بەفر توندتر بووە. کریستینا دەتوانێت باشتر بەڕێگدا بڕوا، بەڵام ئاسانتر دەخلیسکێ. ئارەقە لە

هەمموو لەشی دێتە خوار. خوێنی لە دەستان دێت، چونکە دوو سێ جار ناچار بووە بۆ ئەوەی هەڵنەدێرێ، دەست بەپنجە دروان بگرێ و درِوو دەستیان بریندار کردووە. کریستینا نازانێ لە چ ماوەیەکدا ئەم مەودایە هاتۆتە سەر. ئیتر ناتوانێ بروا. ئێستا لەسەر تەپکێکی بەرینە بەشکڵێکی چوارگۆشەی درێژ کە «مێرگی جادوو»ی پێ دەڵێن. لەو دیوی تەپک چیا بەلێژێکی هێدیتردا درێژەی دەبێ. دەوراندەور بەفر مۆرە، دیارە کەسی پێدا نەرۆیشتووە. دیسان رۆیشتن بۆ لای لووتکە، نەک هەر لە پێی دەخات، بەڵکو بێ فایدەشە. کریستینا بڕیار دەدا باشترە بەقەدپاڵی چیادا بەشکڵێ لابەلا سەربڕ بڕوا تا بەم جۆرە ڕێگا لە سپینا بگرێ. لەو ڕێبازە تازەدا ڕێگا درێژە پێ دەدا. دیمەن تەواو گۆڕاوە. دۆڵی پیتراسکا لەبەرچاوان بزرە. جگە لە لووتکە و بستووی چیاکان هیچ شتێ نابینرێ. لە مەودای دیتنیش بەختێرایی کەم دەبێتەوە. بایەکی ساردی دێ کە دەموچاو وەک شووشە دەبڕێ. ڕۆژ لە ئاوابووندایە. کرێوەی بەفریش نیزیک دەبێتەوە. کریستینا دەگاتە نوختەیەک کە بستوو لەوێوە دەست پێ دەکا، بستوویێک کە دوو کوورایی چیا لێک جیا دەکاتەوە و «زین بزان» پێکدێنێ. لەسەر بەفرێ هیچ شوێنێکی ئادەمیزاد نابینێ. زەوی زۆر نارێکە و لە تەختەبەرد داپۆشراوە و لە هێندێ جێ با و سێلاو دڕ دڕی کردووە. جگە لەوە تا نێو قەد لە بەفر دەچێتە خوار. مەودایەکی دوورتر لە خۆی ناتوانێ ببینێ. ئەو ڕۆژەی بەهار وەبیر دێنێتەوە کە هەوەڵین جار هاتبووە وێندەرێ. ئەو ڕۆژە هێشتا منداڵ بوو لەگەڵ باوکی هاتبوو. ئیمڕۆ بەپێچەوانەی ئەو ڕۆژە دیمەن خەفەتبارە. کریستینا چوونە سەر بەرەو «زین بزان» دەست پێ دەکاتەوە. پێی وایە کاتێ بگاتە ئەم سەرەوە دەتوانێ تەماشای هەرتک بناری چیا بکات و ئاسانتر سپینا ببینێ و یا لانی کەم خۆی بەم هۆیەوە بنیدرێ. بەڵام دەمێک دادێ کە توانای ڕۆیشتنی نییە و بەسەر بەفراندا دەکەوێ. بۆ ئەوەی نەوەکو سپینا بەم دەوروبەرەدا تێپەڕێ و لە بوونی ئەو لەم جێگایە ئاگادار نەبێت، جارجار بەهەمموو توان و بەهەر هێزێکی تێیدا ماوە بەناو بانگی دەکات. بەناوی تازەی، بەناوی ڕاستەقینەی بانگی دەکات:

– سپینا! هۆی سپینا!

بێ گومان ئەگەر بەوانەدا تێپەڕێ دەنگی وی دەبیسێ. سەروپۆڕی خۆی ڕێکوپێک دەکا و ئەو بەفرەی سەروچاو و مژۆڵ و ملی گرتووە پاکی دەکاتەوە. ئەگەر سپینا بێتە ئێرە چەندی پێ سەیر دەبێ! ئەو بەسپینا دەڵێ «لەپێشدا ئەو لیباسە خوریانە بگرە و لەبەریان کە!» سپینا لە وەڵامدا دەڵێ: «تۆ چۆن توانیوتە لەپێش مندا بگەیە ئێرە؟» ئەو بەسپینا دەڵێ: «ئێستا هێندێ لەو شەرابە بخۆوە و هێندێکیش لەم نانە بخۆ. ئەوانە خواردنی ساکارن بەڵام سلامەتن!» سپینا دەڵێ: «مادمازل کریستینا، دەتەوێ ئەم سەفەرە لەگەڵ من درێژە پێ بدەی؟» ئەو لە وەڵامدا دەڵێ: «خۆشەویستم هەمموو شت بەم ساکارییە نییە، چما لەبیرت چووە کە من بنەماڵەم هەیە و دەبێ بچمەوە ماڵ» بەڵێ، ئەو هەر ئەم قسەیە بەسپینا دەڵێ، هەر بۆیەش بەهەمموو توانا بانگی دەکات.

– سپینا! هۆی سپینا!

ئێستا دەزانێ ئەگەر سپینا نەگاتێ وەزعی خەراپ دەبێ: «ئێمەی ژن هەر واین، دەمانەوێ یارمەتی

بدەین، پاشان خۆمان پێویستیمان بەیارمەتی دەبێ.» هەر لەبەر ئەوەیە کە بەهەمموو توانایەکی کە ماوەیەتی، دیسان بانگی دەکات.

تاوێک پێ دەچێ کە دەنگێک لە دوور وەڵامی دەداتەوە. بەڵام ئەوە دەنگی ئادەمیزاد نییە. دەڵێی دەنگی لوورەی سەگە. بەڵام تیژتر و درێژتر. کریستینا دەنگەکە دەناسێ، لوورەی گورگە. لوورەی خوێنە. ئاوازێکە بۆ گورگەکانی تر کە لە چیا بڵاون. بانگی داوەتی میوانداری گشتییە. ئەمجارە خواردنێک چاوەڕوانیانە خواردنێکی ڕەمەکی نییە بەڵکو گۆشتێکی تورت و نەرم و بژاردەیە، گۆشتی مەسیحییەکە.

لەپشت مژی قەتیس ماو، لەپشتی تاریکایی شەو کە ئێستا دەست پێ کراوە کریستینا هەوەڵین جانەوەری درندە دەبینێ کە بۆ لای دێت و بەگوێرەی نارێکی بەفر جارێک دیارە و جارێک ونە. لە دوورەوە سەروکەللەی گورگەکانی دیکەش دەردەکەوێ. ئەو دەم کریستینا ئەژنۆ دادەدا و چاو دەنووقێنێ و نیشانەی خاچ دەکێشێ.

تەواو ٢٠٠٠/٢/١٨

سوپاس و پیزانین

شایانی باسە لێرەدا سوپاسی هەستی کوردانە و نیشتمانانەی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی و، حکومەتی هەرێمی کوردستان و، نوێنەرایەتی ئەو حکومەتە لە ئەوروپادا بکەین کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە دەستیان لە هیچ چەشنە یارمەتیدانێک بەنیسبەت کەریمی حسامی چ لە کاتی نەخۆش بوون و چ دوای کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو نەگێڕاوە.

خەرجی کۆڕ و سەرەخۆشی و ڕێورەسمی ناشتن و لە چاپدانی بەرگی ١١-ی "لە بیرەوەرییەکانم" نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سویددا بەدڵێکی ئاوڵەوە وەئەستۆی خۆی گرت.

بنەماڵەی کەریمی حسامی